


١٩١٨ - ٢٠١٣

# نیلسۆن ماندێلا

## سیمبۆلی ئاشتی. ئازادی و دژی ڕەگەزپەرستی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

# پێرست


١- ئیمرۆ ساڵیادی ماندێلایە ........................................ ماڵپەڕی کەی ئێن ئێن ................................................ ٤

٢- ماندێلا ........................................................................ ماڵپەڕی راوێژ ....................................... ٥

٣- ماندێلا، شێلگیر لە خەبات و بەوەج لە دەسەڵات ............................. وریا رەحمانی ........................................... ٦

٤- دواساتەکانی ماندێلا ................................................................. وەرگێڕانی: یاسین محەمەد .................... ٨

٥- وەسێتنامەکەی ماندێلا ................................................................. خەلیل عەبدولا............................ ١٠

٦- نێلسۆن ماندێلا سمبولی تێکۆشان .................................................................. ماڵپەڕی وتەو ئامۆژگاری .................. ١١

٧- ماندێلا بۆ مەزنە؟ ..............................................................................نەوزاد جەمال .......................................... ١٥

٨- ماندێلا.. رێبازێکی سپی لەکیشوەرێکی رەشدا ...............................عەبدولڕەحمان سدیق ....................... ١٧

٩- چەند وتەیەک لە مەرِ مەرگی سەرۆک نێلسۆن ماندەلا ................................................... لوقمان زەهرایی ....................... ١٩

١٠- کۆچی یدوایی نیلسۆن ماندێلا: کوژانەوەی مۆمێکی نێودەوڵەتی .......................... د. سەلاح عەزیز .......................... ٢١

١١- نیلسۆن ماندێلا لەپێناو ئازادییدا کۆتایی بەگەشتە دوورەکەی هێنا. .............................. سمکۆ ساحیبقڕان ........................ ٢٣

١٢- نیلسۆن ماندێلا، رێبەری گەورەی ئەفریقای باشوور و یەکێک لە گەورە شۆڕشگێڕەکانی جیهان کۆچی دوایی کرد ..... حدک میدیا.......... ٢٦

١٣- نیلسون ماندێلا کێ بوو، چۆن ژیا؟ ............................................................. ئاریتما موحەممەدی ....................... ٢٧

١٤- میراتەکەی ماندێلا: ٧ پەیام کە بۆ هەتاهەتایە دەمێنێت ......................... وەرگێڕانی: مستەفا چوارتایی ................... ٣٠

١٥- نیلسۆن ماندێلا کۆچی دواییکرد .................................................. راپۆرت جیهان - م. ع - .................................. ٣١

١٦- شەش راستی نەزانراو دەربارەی نیلسۆن ماندێلا .................................................. ماڵپەڕی خەندان .................... ٣٥

١٧- خەوتنی هەمیشەیی کورە رەش پێستە خۆشەویستەکە ........................................... داوود نیروومەند ....................... ٣٧

١٨- ئازادی خوازانی رەشو سپی.. (ماندێلا ،لووسەرکینگ ،غاندی ،لنکۆڵن ) ............................... کاوە هاوڕاز ..................... ٣٩

١٩- ماندێلا؛ سونبولی مرۆڤایەتی ...................................................................... لاوک ئەمجەد .................... ٤٠

٢٠- لە زیندانەوە بۆ سەرۆکی وڵات.. ماندێلا کۆچی دوایی کرد ........................................... چاودێرنیوز .................... ٤٤

٢١- ئاوابوونی ئەستێرەکەی تێکۆشان ................................................................................ شەهاب عوسمان ............ ٤٧

٢٢- ئەو وتانەی نیلسون ماندێلا کە نابێ فەرامۆشیان بکەی.......................................... بێستون کاکەیی ....................... ٤٩

٢٣- رابەرێتی نیڵسۆن ماندێلا ............................................................... سروە نوری ئەزیزو هۆمەر قەرەداغی .............. ٥٠

٢٤- سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ ژیان و سپاردەی ماندێلا بەرزڕادەگرێت ................ لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی ................... ٥١

٢٥- نیلسۆن ماندێلا مامۆستایەک بۆ مرۆڤایەتی ........................................... ماڵپەڕی یەکیەتیی لاوانی حدکا .............. ٥٣

٢٦- «نیلسۆن ماندێلا» و (خەڵاتی شەیتانیی)؟.............................................................. س. چ. هێرش ................ ٥٤

٢٧- وردەکاری ئەو گرتووخانەیەی نیلسۆن ماندێلا ١٨ ساڵی تیادا بەسەر برد .................................. خەندان .................... ٥٦

٢٨- نیلسۆن ماندێلا ............................................................................ فەرزانەعەلی عەزیز ............................ ٥٧

٢٩- ئەو شوانەی بوو بەسەرۆک کۆمار ............................................................. ماڵپەڕی یەکیەتی میدیا ................. ٥٩

٣٠- چیرۆکی نیڵسۆن ماندێلا و پاسەوانی زیندانەکەی...................................................... ..ناسر مورادی ...................... ٦٢

٣١- ماندێلا سیمبوڵی ئازادیی. ........................................................................................ شوان سدیق ............. ٦٥
٣٢- کۆتری ئاشتی لەدەستانێکی زەبرچەشتودا .................................................... لهۆن نەسرەدین ........................... ٦٦
٣٣- کۆچی دوایی نێلسۆن ماندێلا و ریاکاری سەرانی دنیای سەرمایەداری ................................. ماڵپەڕی کۆمەڵە .................... ٦٨
٣٤- بەراوردێک لە نێوان ماندێلا و ڕێبەری شۆڕشەکانی دیکە لە جیهاندا! ...................... ماڵپەری یەکیەتی ژنانی حدکا .............. ٧٠
٣٥- وتەی ڕێبەرانی وڵاتانی جیهان بە بۆنەی کۆچی دوایی نلسون ماندێلا .................... ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی ............... ٧٣
٣٦- پرسەو پەیام چەند کەسایەت و حیزبی سیاسی کورد ......................................................................................... ٧٦

* پەیامی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان
* سەرۆکایەتیی هەرێم بەبۆنەی کۆچی دوایی نێلسۆن ماندێلا
* نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وزیرانی هەریمی کوردستان
* عەلی قازی محەمەد، سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان
* دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
* مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
* مەکتەبی سیاسیی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
* جڤاتی نیشتمانیی بزوتنەوەی گۆڕان

# ئیمڕۆ ساڵیادی ماندێلایە

**ماڵپەڕی کەی ئێن ئێن [ KNN ]**

نیلسۆن ماندێلای یەکەم سەرۆکی ڕەشپێستی ئەفریقای باشوور، لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆی ساڵی پاردا، لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا لەناو ماڵەکەی خۆی لە شاری جۆهانسبێرگی پایتەختی ئەو وڵاتە، کۆچی دوایی کرد. ماندێلا، یەکێک بوو لەو سەرکردە ئازادیخوازانەی، پاڵپشتی دۆزی کورد کردووەو لە ساڵی ١٩٩٢شدا خەڵاتی ئەتاتورکی ڕەت کردوەتەوەو ڕایگەیاند: ئەو خەڵاتە وەرناگرێت، چونکە کورد لەژێر دەستی تورکدا، دەچەوسێتەوە.




نێلسۆن ماندێلا، یەکەم سەرۆکی ڕەشپێستی ئەفریقای باشوور، دوای مانەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە، سەرەنجام ساڵی پار لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد. ماندێلا، یەکێک بوولە دیارترین خەباتگێڕەکانی دژ بە جیاکاریی و ڕەگەزپەرستی .

ماندێلا لە ساڵی ١٩١٨ لە گوندی مێڤێسوی سەر بە شاری ترانزیکای ولاَتی ئەفریقای باشورو لە خێزانێکی جوتیار و هاوکات ناوداردا لە دایک بوە، لە ساڵی١٩٦٤ دا بەهۆی سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی حکومەتی ئەفریقاوەو لەسەر هەڵوێستەکانی بەرامبەر جیاوازیی ڕەگەزی، دەستیگر کراوەو حوکمی ٢٧ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوەو لە دورگەی ڕۆبن زیندانی کراوەو نزیکەی ١٨ ساڵی لەژووری تاکەکەسیدا لە زیندان بەسەربردوە. ماندێلا هەر لەزینداندا زانکۆی تەواو کردوەو بەکارلۆریۆسی لە یاسادا بەدەستهێناوە.

ماندێلا، لە ساڵی ١٩٨٨ گواستراوەتەوە بۆ زیندانی ڤیکتەر فێسترێت، تا کاتی ئازادکردنی لە ساڵی ١٩٩٠ لەو زیندانە ماوەتەوەو لە یەکەم ڕۆژی ئازادبوونی لەزیندان‌دا، وتەیەکی پێشکەش کردوەو، داوای خەباتی ئاشتیخوازانەو بێتوندوتیژی کردوە.

نێلسۆن ماندێلا، یەکێک بوە لەو سەرکردە ئازادیخوازانەی کە پاڵپشتی لە دۆسیەی کورد کردو، لە ساڵی ١٩٩٢دا خەڵاتی ئەتاتورکی بۆ ئاشتی ڕەتکردوەتەوەو وتویەتی: ئەو خەڵاتە وەرناگرێت، چونکە کورد لەژێر دەستی تورکدا دەچەوسێتەوە.

ماندێلا، لە ساڵی ١٩٩٣دا ، خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێ بەخشراوەو لە ساڵی١٩٩٤ بوەتە یەکەم سەرۆکی ڕەشپێست لە مێژووی ئەفریقای باشوورداو تا ساڵی ١٩٩٩ لەدەسەڵاتدا ماوەتەوە، دواتر لەسەر خواستی خۆی، وازی لە دەسەلاَت هێناوە.


لەساڵیادی ٨٩ ساڵەی لەدایکبوونیدا، نیلسۆن ماندیلا- بوە ئەندامی گروپی دانایان کە ژمارەیەک کەسایەتی لەسەرانی جیهان لەخۆگرتوەو لە بەرامبەر کێشەکانی جیهاندا سوود لە ئەزموون و ڕێنماییەکانیان وەردەگیرێت.

ماندیلا، لە پاش ئەوەی ساڵی ٢٠٠٥ دا، ماکجاسۆی کوڕی بە نەخۆشیی ئایدز مرد، دەستیکرد بەکاری خێرخوازیی لەگەڵ تووشبوانی ئەو نەخۆشییەو دەرئەنجامی خەبات و هەوڵی ئەو پیاوە وایکرد، لەوڵاتەکەیدا بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ نەخۆشیی ئایدزدا بکرێت لەکاتێکدا بەر لە ماندێلا ، قسەکردن لەو نەخۆشییە، کارێکی قەدەغەکراو و تابۆ بوو.

لە دوای گاندی و مارتن لوسەر کینگ، ماندێلا بە سێیەم کەسایەتیی سەدەی بیست دادەنرێت کە خەباتی ئاشتیخوازانەی بێ توندوتیژی هەڵبژاردوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کەی ئێن ئێن [ KNN ] / ڕێکەوتی : ٥ی دێسامبری ٢٠١٤

## ماندێلا



" ماندێلا " یش چوو... جیهان لەو جۆرە کەڵە پیاوانەی زۆر بە خۆیەوە بینیوە . " ماندێلا " ئەو کەسەیە کە خەونی بە ئازادی و یەکسانی و ئاشتیەوە بینی و ، خەونەکانیشی بە دی هاتن . کاتێ مردیش ، جیهان هەر چەند بە لە دەست دانی خەمبار بوو، بەڵام لەوەی کە کەسێکی وا لە لێرە، لەم جیهانە ژیاو، لە پێناو ڕووناکی خۆی بەخشی، خۆشحاڵن و شادی ئەگێڕن ! لەو باوەڕەدام کە کەس نیە حاشا لەوە بکات کە گەورە بوونی " ماندێلا " و گەیشتنی بە خەونەکانی بە هاوڕێتی و پاڵپشتی ئەو خەڵکانەوە بوو کە وەک کێو، سەخت و قایم لە پشتی وەستان و هاندەری خەباتی بوون. ئێمەش کەسانێکمان هەیە کە ئەگەر ئەو هەل و مەرجەی بۆ " ماندێلا " ڕەخسا ، بۆ ئەمانیش برەخسێو ، ئەو جەماوەرو پاڵپشتانە وا " ماندێلا " بووی ، بیانبێت ، ئەمانێش ماندێلایکن ...

---

### ئەمەش چەند وتەیەکە لە ماندێلا کردوومەتە کوردی.

١- هەموو بەیانییەک لە دارستانەکەدا ئاسکێک(آهو) لە خەو هەڵدەستێ کە دەزانێ دەبێ لە شێر خێراتر ڕابکا تا نەبێتە نێچیری ئەو،شێریش دەزانێ دەبێ لە ئاسک خێراتر ڕابکا تا برسی نەمێنێتەوە،گرینگ نییە تۆ شێر بیت یان ئاسک، گرنگ ئەوەیە هاوکات لە گەڵ هەڵاتنی خۆردا بە هەموو تواناتەوە ئامادەی ڕاکردن بیت.

٢- گرنگ ئەوە نییە جوان و شۆخ و شەنگ بیت،جوان و شۆخ و شەنگ ئەوەیە گرنگ بیت ،تەنانەت بۆ یەک کەس.

٣- ئێمە پێویستمان بە زەین و دڵێکی ساغە، گەورەیی ژیان ئەوە نییە کە قەت کۆڵ نەدەین(شکست نخوریم) بەڵکوو لەوە دایە هەر جار کە کەوتین دیسان هەستینەوە.

٤- ژیان سەرسووڕهێنەرە ،بەو مەرجەی کە بزانین چۆن دەژین.

٥- بڕوا بە گومانەکانت مەکە و قەتیش گومانت لە بڕواکانت نەبێ.

٦- ئێمە لە دایک بووینە بۆ ئەوەی شکۆ و گەورەیی خودایی کە لە ناخی هەموومان‌دایە ئاشکرا بکەین.

٧- چاکترین لەززەت و چێژی مرۆڤ ئەوەیە کە بزانێ بەرەیەک پاش خۆی لێ بە جێ ماوە،بەڵام زۆر سەرووتر لەو چێژە ئەو هەستەیە کە بزانێ بەرپرسیارەتی(مسئولیت) و ئەرکی بنەماڵەیەک لە سەر شانییەتی.

٨- ئەگەر قەرار وایە خوێن بە خوێن بشۆینەوە تووشی نەگبەتی دێین،لە خەڵک ببوورین بەڵام لە بیرمان نەچێتەوە.

٩- مەرجی مانەوەی هاوڕێیەتییەکانمان بە تێگەیشتن لە یەکدی گرێدراوە.

١٠- لە خودام پرسی: خوایە چۆن دەتوانم چاکتر بژیم ؟خودا جوابی دامەوە:ڕابردووت بە بێ هیچ داخ و کەسەریک قبووڵ بکە.بە بڕوایەکی پتەووەوە(محکم) ئێستات تێپەڕێنە،بە بێ ترس بۆ داهاتووت ئامادە بە ،ئیمانت بهێڵەوە و ترسەکانت فڕێ بدە.

١١- من بڕوام ئەوەیە: ماوەیەکی زۆرم ماوە تا ببمە ئەو مرۆڤەی کە خۆم دەمەوێ.

١٢- من بڕوام ئەوەیە: خۆمان بەرپرسیارین لەو ئیشانەی کە دەیکەین،جیا لەوەی چ هەستێکمان هەبێ.

١٣- من بڕوام ئەوەیە: هەندێ لەو کەسانەی کە چاوەڕوانی ئەوەین کە لە کاتی پەرێشانی و داماویدا زەبرمان(ضربە) لێ بدەن دێنە یارمەتیمان و ڕزگارمان دەکەن.

١٤- من بڕوام ئەوەیە: هەر کات کە تووڕەم مافی تووڕە بوونم هەیە،بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە مافی ئەوەم پێ بدا زاڵم و بێڕوحم بم.

١٥- من بڕوام ئەوەیە: هەمیشە پێویست نییە خەڵک لێمان ببوورن هەندێ جاریش دەبی فێر بین خۆمان لە خۆمان ببوورین.

١٦- من بڕوام ئەوەیە: جیا لەوەی چەندە دڵشکاوین دنیا لە بەر غەم و خەفەتی ئێمە لە جووڵان و سووڕانەوە ڕاناوەستێ.

١٧- من بڕوام ئەوەیە: ژیانی ئێمە ڕەنگە لە ماوەی چەند کاتژمێردا لە لایەن کەسانێکەوە کە تەنانەت نایانناسین بگۆڕدرێ.

١٨- من بڕوام ئەوەیە: ئەو بڕوانامە(گواهی‌نامە) و ڕێزنامانەی(تقدیر) کە لە سەر دیواری ماڵەکەمان هەڵمانواسیوە بۆ ئێمە ڕێز و خۆشەویستیی ناهێنن.

١٩- من بڕوام ئەوەیە: شادترین خەڵک کەسێک نییە کە باشترین شتەکانی هەیە،بەڵکوو کەسێکە کە لە شتەکانی بە باشترین شێوە کەڵک وەردەگرێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕاوێژ ڕۆژنووسی فەردین مەزهەرپوور / ڕێکەوتی : ١١ی دێسامبری ٢٠١٣

## ماندێلا، شێلگیر لە خەبات و بەوەج لە دەسەڵات

وریا ڕەحمانی



شەڕ لەپێناوی ئاشتی‌دا، یا باشترە ئەوە بڵێین خەبات لەپێناوی ئاشتی‌دا. ڕەنگە بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ هێچ کەس وەک ماندێلا و خەباتەکەی ئەو لەجێی خۆی‌دا نەبێ و دوورەدیمەنێکی پراوپڕ لە حەقیقەتی دەروونیی خەباتێکی ڕەوامان بەدەستەوە نەدا. چون خەباتی ماندێلا بەواتای تایبەتیی وشە خەباتێکی ڕەوای ئینسانی و لەپێناوی دەستەبەر کردنی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ و ژیان‌دا بوو. تەنانەت ئەگەر شەڕ بە ڕەهەندە توندوتیژی‌و چەکدارانەکەی خۆشیەوە لێک بدەینەوە ئەوا بۆ ماندێلا واتایەکی زۆر ئینتزاعیی هەبوو و چەک دوایین شتێک بوو کە بیری لێ‌دەکردەوەو شەڕ دوایین ڕێگە چارەی بەردەمی بوو. شێوازی خەباتی ماندێلا لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی مێتۆدەکانی خەباتی گاندی‌دا بوو و ئەو ساڵانەی ژیانی گاندی لە ئافریقای باشوور کاریگەریی قووڵی لەسەر ئەندێشە و هەستی مافخوازانە و خەباتکارانەی ماندێلا دانابوو. هەر بۆیەش ئەگەرچی لە قۆناغێک لە خەبات بەتایبەت لە دەیەی ٦٠ی زایینی‌دا، کە خەباتی چەکداری لە سەرتاسەری دنیادا برەوێکی زۆری هەبوو و وەک شێوازێکی پیرۆزی خەبات بەتایبەت لەلایەن هێزە چەپەکانەوە بانگەشەشی بۆ دەکرا، مەجبوور بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی خەباتی چەکدارانەش بوو بەڵام هەرگیز ئەوە لەگەڵ بنەما ئەندێشە ئاشتیخوازییەکەی ئەودا نەدەهاتەوە و وەک ئامرازێکی گونجاو بۆ سەرکەوتن‌و بەدەسەڵات گەیشتن سەیری نەدەکرد. بەڵکوو چەک لە خەباتی ماندێلادا ئامرازی بەرگری و خۆبەدەستەوە نەدانی مەشرووع و پارێزگاری کردن بوو. گرینگ ئەوە بوو کە ماندێلا باوەری قووڵی بە خەباتەکەی هەبوو و ژیانیشی بۆ تەرخان کرد. ئامانجی ماندێلا تەنیا رزگاری لەدەست دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئاپارتایدی نژادپەرستی سپی پێستی ئافریقای باشوور نەبوو بەڵکوو لەوە گرینگتر بۆ ئازادی‌و گەڕاندنەوەی کەرامەتی حەقیقیی خەڵکی وڵاتەکەی بە سپی و ڕەشەوە خەباتی دەکرد و پێشی گەیشت. ئەو ئیرادە پۆلایینەی کە دەیکوت «هەرگیز باوەڕ بە گومان‌و هەرگیز گومان لە باوەڕەکانت مەکە» لەپێناوی سەرخستنی بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکەی کە بۆخۆی لەوان بوو بەسەر بەشێکی دیکەی خەڵکدا خەباتی نەدەکرد بەڵکوو لەپێناوی پێکەوە ژیان و بەیەکەوە هەڵکرنی

ئاشتیخوازانەی هەموو خەڵکی وڵاتەکەی لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆڕ و نەگریسی دواکەوتوودا خەباتی دەکرد و لەئاکامدا چەپکە گوڵی ئازادیشی بۆ هەموان بەخەڵات هێنا. کاتێک کە لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە بەداخەوە دەبینین کە زۆربەی کات دەسەڵاتە خوێنخۆرو دیکتاتۆرەکان لەڕێی شۆڕشو ڕێبەرەکانیشیان وەک قارەمانانی نەتەوەیی بە دەسەڵات گەیشتوون. واتە ئەم ڕێبەرو هێزانەی کە کاتی خۆی ڕێبەرو هێزی ڕزگاریدەر و شۆڕشگێری خەڵک و وڵاتەکانی خۆیان بوون دوای بەدەسەڵات گەیشتن بە پشتیوانیی ئەو مەشرووعییەتە بەرینە جەماوەرییەی کە لەڕێی سەرکەوتنی شۆڕشدا بەدەستیان هێناوە و بەپاساوی پاراستنی شۆڕش بەداخەوە بۆخۆیان خراپترین و سەرکوتکەرترین هێزی دیکتاتۆرییان لێدەردێ و لەڕاستیدا زۆر زوو لە زۆربەی دروشمو ئامانجە پیرۆزو ئینسانییەکانی خۆیان دوور دەکەونەوە. بەڵام ماندێلا کە ڕێبازەکەی ئینسانیو لەپێناوی ئازادیی مرۆڤایەتیدا بوو هەرگیز پشتی لە بنەما سەرەکییە پیرۆزەکانی ڕێبازەکەی نەکردو تەنانەت دوای بەدەسەڵات گەیشتنیش بەویستی خۆی لە خولێکی سەرکۆماری زیاتر لە پێگەی دەسەڵاتدا نەمایەوە و نەریتێکی جوان و دێموکراتانەی بۆ خەڵک و وڵاتەکەی بەیادگار بەجێ هێشت. ماندێلا ئەگەرچی بۆماوەی ٢٧ ساڵی ڕەبەق بە خراپترین شێوەی مومکین لە زیندانی ڕێژیمی ئاپارتایدی دژەئینسانی و دیکتاتۆری ئافریقای باشووردا مایەوە بەڵام لە دەری تۆڵەوە لەگەڵ دوژمنانی پێشووی خۆی و خەڵکەکەی نەجووڵایەوە و بەم وتە مێژووییەی کە «لەبیری ناکەین بەڵام دەبوورین» دەرسی ئینسانییەتو ئازادی خوازیی فێری خەڵکی وڵاتەکەی و هەموو مرۆڤاتیش کرد.

ئەگەر ئەمرۆ ئافریقای باشوور وڵاتێکی پێشکەوتووو دێموکراتو ئازادە بەشێکی زۆری مەدیوونی ئەندێشەو شێوەی خەباتو هەڵسوکەوتی سیاسی و دەسەڵاتداریی گەورە پیاوێکی وەک ماندێلایەو کە نەتەنیا هەر بۆ خەڵکو وڵاتەکەی خۆی بەڵکوو بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتی ئیلهام بەخشێکی حەقیقیی مێتۆد و هزری دێموکراسی و ئازادیی ڕاستەقینەیە. ئەندێشەو مێتۆدی خەبات و ژیانی ماندێلاش وەک گاندی ئاراستەیەکی «تاک بۆ گشت» واتە لە خوارەوە بۆ سەرەوەی هەیە و دەڵێ: «ئێمە بۆوە لەدایک بووین تا گەورەیی و جوانیی ئەو خودایەی کە لە دەروونمان دایە بینوێنین و ئەوەش هەموو ئینسانەکان دەگرێتەوە». بەپێچەوانەی زۆربەی ئەندێشە باوەکانی سەردەم کە ڕیشەیەکی ئایدیۆلۆژیکی گشت خوازانەیان هەیە ئەو هەرگیز پێی وانەبوو کە ئەرکو ڕیسالەتی گۆڕینی دنیای لە ئەستۆ دایەو بەڵێنی هیچ بەهەشتێکیشی جیا لەو دنیایەی کە تێیدا دەژیین بە خەڵک نەدا و نوسخەیەکی گشتیشی بۆ جیهان و مرۆڤایەتی نەپێچایەوە، بەڵکوو بەر لە هەموو شتێک هەوڵی ئەوەی دا کە خۆی دروست بکاو لە خۆیەوە دەستی پێکرد و گەرای خۆی و ئەندێشە و ڕێبازەکەی لە نێودڵی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەیدا چاندو سەرنجی جیهانی ڕاکێشاو ئەو کاریگەرییە بێ سنوورو نادەروێستەی بەسەر مرۆڤایەتیدا دانا. لە بیر و ڕێبازی ماندێلادا هەناسە حزووری هەیەو ژیان بەردەوامیی بوونە و دەڵێ «ئەگەر قەرار بێ خوێن بە خوێن بشۆرێتەوە تووشی بەدبەختییەکی ماڵ وێرانکەر دەبین، ئەوە بەمانای ملکەچی و قبوڵ کردن نییە بەڵکوو یانی هەڵکردنو لێبوردەیی، یانی لەپێناوی ئاشتیو ئازادی و دێموکراسیدا کۆڵنەدەرانەو بێوچان تێبکۆشینو ڕێگە ببرین بەڵام نابێ وەک دوژمنەکانمان بجوڵێینەوەو لەوانەوە پێناسە بۆ خۆمان بکەین». لەڕاستیدا حەقیقەتی خەباتی ماندێلا لە سەرکەوتنی تاقمێکی ئەتنیکی یا دەستەیەکی سیاسی بەسەر تاقم یا دەستەیەکی سیاسیی دیکەدا خۆی نابینێتەوە بەڵکوو لە سەرکەوتنی باوەڕە پیرۆزەکانی مرۆڤ لەپێناوی ئاشتیو ئازادیو دێموکراسیدا واتای ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە. هەر بۆیەش دەڵێ «سەرکەوتن لە بەرەوە پێشەوەچوون دایە نەک حەتمەن لە بەئامانج گەیشتندا». هەر بۆیەش سەرکەوتن بەسەر دوژمنانذا هەرگیز بۆ ئەو ئامانج نەبوو بەڵکوو قۆناغێک بوو لە ڕێبازی دوورو درێژی خەباتێکی نەپساوەی ئینسانیو دەسەڵاتیش هەرگیز بۆ ئەو ئامانج نەبوو بەڵکوو ئامرازێک بوو بۆ خزمەتی هەرچی زیاتر بە مرۆڤایەتیی. ماندێلا دەڵێ: «ئازادی، تەنیا لە لێکردنەوەی کۆتو بەندی دەست و پێماندا خۆی نابینێتەوە بەڵکوو پێویستیمان بە ڕێزگرتن لە ئازادیی خەڵکانی دیکەش هەیە». دەڵێ»بۆوەی باشتر بژیین پێویستە لەگەڵ ڕابردوو بێ ئەوەی کە بۆی بەداخ بین ڕابێینو قبوڵی بکەین، ئێستامان بەمتمانەوە تێپەڕ کەینو بەبێ ترس بۆ داهاتوو ئامادە بین، ئیمانو باوەڕەکانمان بپارێزینو ترسو دڵەڕاوکێ وەلا نێین، باوەڕ بە گومان نەکەینو هەرگیز گومان لە



باوەڕەکانمان نەکەین .. ژیان سەرسوورهێنەرە تەنیا بەمەرجێک کە بزانین چۆن بژیین». نێلسۆن ماندێلا، لەدایکبووی ١٨ی ژوئییەی ساڵی ١٩١٨ی زایینی، یەکەمین سەرکۆماری ئافریقای باشوورە کە لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکراتیک لەم وڵاتەدا بەم پۆستە گەیشت. ناوبراو بەر لە بەدەسەڵات گەیشتنی یەکێک لە رێبەرانی چالاکی خەبات دژی ئاپارتایدی نژادی لەم وڵاتەو سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا بوو. ماندێلا لەدرێژەی ئەو ٢٧ ساڵەی کە لە زینداندا بوو بەهۆی خۆراگری و پێداگری کردن لەسەر رێباز و ئامانجەکانیدا کەسایەتێکی نێونەتەوەیی پەدا کرد. ناوبراو دوای ئازادی لە زیندانو بەدەسەڵات گەیشتن بە هەوڵی تۆڵە ئەستاندنەوە وهەڵنەستاو سیاسەتێکی ئاشتی خوازانەو لێبووردەیی لە پێش گرتو هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە وڵاتەکەی هەنگاوەکانی بەرەو دێموکراسی بەخێراییتر بپێویّو دەسەڵات نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە بەبێ جیاوازییەوە بکات. رێز و خۆشەویستیی ماندێلا لە ئافریقای باشوور بەرادەیەکە کە خەڵکی ئەم وڵاتە بەگشتی نازناوی «مخۆلۆ» واتە بابەگەورەیان پێ بەخشیوە. لە ساڵی ٢٠٠٩وە لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی ١٨ی ژوئییە بەمەبەستی رێزلێنان لە گەورەییەکانی ئەو پیاوە مەزنەی ئافریقا و هەموو جیهان و مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی رەسمی وەک رۆژی ماندێلا ناودێر کراوە.

ماندێلا خاوەنی چەندین خەڵاتی بەنرخی نێونەتەوەیی یە کە گرینگترینیان بریتین لە: سەفیری خەڵاتی ویژدان لەلایەن رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی (٢٠٠٦)، خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل (١٩٩٣)، ئەندامی شەرەفی حوکمی شانازیی کانادا، حوکمی شانازیی سێنت جۆرج، نیشانی ئازادیی سەرکۆماری، خەڵاتی ئاشتیی لێنین(١٩٩٠)، بهارات رانتا (١٩٩٠)، حوکمی شایستەیی(١٩٩٥)، ئازادیی شار لە ژوهانسبورگ (٢٠٠٤) و ...
ماندێلا، رۆژی ٥ی دێسامبری ئەمساڵ (٢٠١٣) لە نەخۆشخانەیەکی شاری ژوهانسبورگی ئافریقای باشوور لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو ١٠ رۆژ دوای مردنی لەنێو ئاپۆرای بەرینی خەڵک و ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدار و نوێنەری وڵاتە جیاوازەکانی جیهان لە گوندی زادگەیدا بەخاک ئەسپێردرا. یادی پیرۆز و رێبازی بەردەوام.

لە ژمارە ٦٢٢ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کور / رێکەوتی : ٢٢ی دێسامبری ٢٠١٣

## دواساتەکانی ماندێلا

وەرگێڕانی: یاسین محەمەد

هاوسەری پێشووی نیڵسۆن ماندێلا باسی دواساتەکانی ژیانی مێردەکەی دەکات پاش ئەوەی هەفتەی رابردوو لەماڵەکەی خۆی لە جۆهانسبێرگ کۆچی دوایی کرد.



هاوسەری پێشووتری نیڵسۆن ماندێلا وینی مادیکیزێلا- ماندێلای تەمەن ٧٧ ساڵ باسی ئەوە دەکات کە چۆن شایەتی بینینی ئەوە بووە کە لێدانی دڵ و فشاری خوێنی هاوسەری پێشووی (نیڵسۆن ماندێلا) لەسەر ئەو ئامێری بوژاندنەوەی دڵ هێدی هێدی بەرەو خامۆش بوون چووە تا ئەوەی ماندێلا گیانی سپاردووە.

ئەو بۆ ماوەی سێ کاژێرو نیو لەتەنیشتییەوە دانیشتووە تا دوایین هەناسەی داوە، ئەمەشی لەچاوپێکەوتنێکدا باسکردووە کە لەگەڵ ITN سازیداوە.

"لەبەیانییدا پەیوەندییەکم پێوەکراو پێموترا تاتا (بە زمانی ناوچەیی واتە باوک کە مەبەست ماندێلایە) لەبارێکی زۆر دژواردایە" .

" پەیوەندیم بە پزیشکەکەیەوە کرد ئەویش وتی: نە دایە باشترە خۆت بێیت. ئەو پێشتر هەرگیز بەو جۆرە قسەی نەکردبوو. کاتێک بەو جۆرە قسەی کرد زانیم کێشەیەکی گەورە لەئارادایە".

کاتێک دەگاتە ماڵی ماندێلا خزمان پێی دەڵێن تا بچێتە نهۆمی سەرەوە بۆ ئەو شوێنەی پزیشکەکان لەدەوری ماندێلا کۆبوونەتەوە. ئەو دەڵێت منیش پرسیم "ئەو لێرەیە؟ ئەوانیش بێ دەنگ بوون و وەڵامیان نەدامەوە.
"بۆ ماوەی سێ کاژێرو نیو سەرنجی ئەو ئامێرەم دەدا. بەڵام یەکەم شت کە هەژاندمی ئەوە بوو کە ئەوان ئامێری پاکژکردنەوەی خوێنەکەیان قەپات کردبوو تەنیا ئامێری هەناسەدانەکە مابوو کە لێدانی دڵ و فشاری خوێنی تۆمار دەکرد. کاتێک هەستم بەوە کرد لێدانی دڵی ٦٧ پلە بوو، فشاری خوێنیشی ٥٥ بوو، سەرنجی ئەو ژمارانەم دەدا کە هێدی هێدی دەهاتنە خوار.

پاش ئەوەی نیشاندەرەکان زیاتر دەهاتنەخوار، ئیدی زانیم ئەوە دوایین ساتەکانی ژیانییەتی، ئەو دەڵێت " پزیشکەکان لەدەوری ماندێلا راوەستابوون. پێیان وتم تا لێی نزیک ببمەوە، لێی نزیکبوومەوەو سەرنجی ئەوەمدا بە ئەستەم هەناسە دەدات. دەستیم گرت تا هەست بە گەرمی لەشی بکەم، بەڵام ئەو ساردوسڕ دیاربوو. پاشان دوایین هەناسەکانیداو حەوایەوەو... ئیدی بەجێیهێشتین".
درێژەی بە قسەکانیدا "وەک مرۆڤێک هەستم بەوە کرد نەتوانم بڵێم "ئەمە ئەو کاتەیە" بەڵام زانیم کە گەیشتوینەتە کۆتایی. ئیدی ئەو هەستە بێ گیانەم لا دروستبوو. ناکرێت کاردانەوەت هەبێت لەئاست ئەو حاڵەتەدا. ناتوانم وەسفی ئەو پەژارەیە بکەم. ئەگەرچی ٩٥ ساڵی تەمەن بوو، زۆر شتیشی کردبوو، بەڵام زۆر شتیش ماوە کە نەکراوە".

پاش ئەوەی پزیشکەکان لاشەی ماندێلایان ئامادەکرد، سەرۆک جاکۆب زوما گەیشتە جێ، لەگەڵ گروپێک لەسەربازەکان بۆ هەڵگرتنی تەرمی ماندێلا. مادیکیزێلا ماندێلا دەڵێت "سڵاویان کردو چوونە نهۆمی سەرەوەو دواتر بە مەراسیمەوە هاتنەخوارەوە. هەموو شتەکان بە شێوەیەکی رەسمی بوون. ئەوەی تووشی شۆکی کردم ئەوە بوو ماندێلا رۆشتو ئەوە دوایین سەفەری بوو".

سەبارەت بەو پرسیارەی هەستی چۆن بوو کاتێک ئەوی لەو حاڵەتەدا بینی، وەڵامیدایەوە "زۆر ئازاربەخش بوو. لەنەریتی ئەفەریقیماندا ماڵئاواییکردنەکە پیشان نادەین. زۆر ئەستەمە بۆ خێزانێک پشکداریی لەوەها مەراسیمێکدا بکات، پاش ئەوەی سەراپای وڵاتەکەمانو هەموو جیهانیش پشکداری تێدا دەکەن لەکاتێکدا ئەو هێشتا زیندووە. ئەو تەنیا بەشێک نییە لەئێمە، لەخێزانەکەمان ئەو موڵکی هەموو جیهانەو ئێمەش تەنیا پشکێکمان تیایدا هەیە".

مادیکیزێلا ماندێلا لەمێردەکەی جیابووەوە پاش دووساڵ لەبەردانی لەزیندان لەساڵی ١٩٩٠. دواتر کۆمیسیۆنی متمانەو ئاشتەوایی لەچەند شایەتحاڵێکەوە گوێبیستی ئەوە بوون کە ئەو سەرپەرشتی تاقمێکی چەکداری کردووە لەسۆیتۆ لەساڵی ١٩٨٨ کە ئەرکیان رفاندنو کوشتنی ئەو پۆلیسانە بوو کە تۆمەتبار بوون بە خیانەتکردن لەبانگەوازەکەی مێردەکەی.

مادیکیزێلا ماندێلا ئەندامێکی دیاری پارتی کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفەریقای باشور بووەو ئەم تۆمەتانەشی رەتکردۆتەوە.

وەرگێرانی: یاسین محەمەد

سەرچاوە : http://www.thedailybeast.com/articles/2013/12/13/winnie-on-nelson-mandela-s-final-moments.html

سەرچاوە : ماڵپەڕی NRT. TV / ڕێکەوتی : ١٦ی دێسامبری ٢٠١٣

# وەسێتنامەکەی ماندێلا

ن: خەلیل عەبدوڵا

نیلسۆن ماندێلا بەدیارترین کەسایەتیی مێژوویی سەدەی بیست دادەنرێت. ئەم تێکۆشەرە مەزنو کەم وێنەیە هەموو ژیانی خۆی بۆ خەباتو تێکۆشـان لەدژی سیاسـەتی پاکتـاوی ڕەگەزی لە خـوارووی ئەفریقیـا تەرخانکرد.



هەر لەو پێناوەشدا ٢٧ ساڵی تەمەنی لەزینداندا بردە سەرو ساڵی ١٩٩٠ بەسەربەرزی ئـازاد کـراو وەک ڕێزلێنـانێکیش لەکـاروانی خەبـاتی ئاشتیانەی لەساڵی ١٩٩٣دا خەڵاتی نۆبلی ئاشتی پێبەخشرا.

سـاڵی ١٩٩٤ لەدوای ئەوەی کە حـزبەکەی لەهەڵبژاردنـی گشـتییدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، ماندێلا بووە یەکەم سەرۆکی ڕەشپێستی هەڵبژێردراوی خوارووی ئەفریقیا.

ئەوەی جێگەی سەرنجیش بوو ئەم سەرکردەیە تەنها یەک خول لە کۆشکی سەرۆکایەتی مایەوەو لەدوای ئەوە بەخواستی خۆی کورسی دەسەڵاتی بەجێهێشتو ئامادە نەبوو جارێکی تـر خۆی بـۆ ئەو پۆستە کاندید بکـاتەوە. کە بێگومـان بەهـۆی پێگەی بەهێزی جەماوەریو خۆشەویستییەوە ئەیتوانی چەند خولێکی تر سەرۆک بێت، بەڵام ئەو ئەوەی نەکرد، بەوەش نەریتێکی نوێی لەژیانی سیاسیو دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات داهێناو لەچاوی خەڵکی وڵاتەکەیەوە بووە مەرجەعوهێمایەکی گەورەی نیشتمانیو لەسەرۆک گەورەتر دەرکەوت.

ئەو گیانە سادەو خاکییە ئەو سەرکردەیەی لەسەر ئاستی نێونەتەوەیش خۆشەویست کردو هەربۆیەش کەساڵی ڕابردوو کۆچی دوایی کردو هەموو گەلانی جیهان نیگەران بوونو ڕێژنەی فرمێسکی خەمباریان بۆ ڕشت.

ئەم سەرکردەیە هەموو وێستگەکانی ژیانی نەریتو داهێنـانی نـوێ بـووەو هەردەم بـۆ مێژوو کـاریکردووە. بـۆ ئەوەی کە لەدوای مردنیشی هیچ شتێک بە نارۆشنی نەمێنێتەوە، سامانەکەی ئاشکرا بێت بۆ خەڵک، ماندێلا لەساڵی ٢٠٠٤ ەوە وەسێتنامەیەکی ٤٠ لاپەڕەیی نوسی بـوو، لەساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٨ دا چەند گۆڕانکارییەکی بچووکی لەوەسێتنامەکەدا کرد بوو.

لەدوای مردنـی و لە ٣ی شوباتی ٢٠١٤ لەکـۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسییدا لەلایەن دادوەرێکەوە دەقـی وەسێتنامەکەی خوێنرایەوە، بەپێـی ئەو وەسێتنامەیە ماندێلا چوار ملیۆنو سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی وەک میرات بەجێهێشتووەو بەشێوەیەکی ورد میراتەکەی دابەشکردووە بەسەر ژن و

منداڵو نەوەکانیو حزبەکەیو ستافی ئۆفیسەکەی لە سکرتێرو شۆفێرو چێشتلێنەرو پاسەوانەکانیو ئەو خوێندنگایانەی دەرسی تێدا خوێندوون.

وەسێتنامەکەی ماندێلاو ئاشکراکردنی سامانەکەیو نیشاندانی ئەستۆ پاکی ئەو پیاوە گەورەیەیە لە ئاوێنەی مێژوودا. ئەوە لەکاتێکدایە کە چەند سەرکردەی تر لەدوای مردنیان کەس نەیزانی چییان هەبووەو چییان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە. بۆنموونە سەرکردەیەکی وەک یاسر عەرەفات لەدوای مردنی نەزانرا چی بەجێهشتووەو سەرکردەکانی حزبەکەی داوای هاوکارییان لە دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل کرد کەسۆراخی سەروەتو پارەکانی لە بانکەکانی جیهاندا بکەنو هەوڵی دۆزینەوەی بدەن، بەڵام ئەو هەوڵانە بێهودە بوون!.

بەهەرحاڵ ماندێلا بەئاشکراکردنی سامانەکەیو دابەشکردنی بەو شێوەیەی لە وەسێتنامەکەدا هاتووە داهێنانێکی دیکەی خستە سەر خەرمانی داهێنانەکانی.

سەرچاوە : ماڵپەڕی سپی میدیا / ڕێکەوتی : ١٧ی شوبات [ فێوریەی ] ٢٠١٤

## نێلسۆن ماندێلا سمبولی تێکۆشان

### ماندێلا کی یە

ناوی تەواوی ( ڕۆلیهلا لا نیلیسۆن ماندێلا) یە، لە ١٨ی تەمووزی ساڵی ١٩١٨ لە ترانسکای باشووری ئەفریقا لەدایک بووە،خوێندنی سەرەتایی هەر لەووڵات دەستپێکرد،



تاکو ساڵی ١٩٣٠ لەپاشان درێژەی دابە خوێندن تاگەیشتە بەدەست هێنانی بەکالۆرێۆس ، بەڵام لەدوای هەزار نارەحەتی .

سەر بە خانەوادەی مادیبا یە باوکیشی یەکێک بووە لە سەرۆکەکانی خێڵی تیمبۆ بۆیە دوای مردنی باوکی دەست نیشانکرا کە جێگای باوکی بگرێتەوە،

لەماوەی زانکۆ نێلسۆن ماندێلا جەند جارێک جیاکرایەوە و دابڕا لەخوێندن لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی ئۆلیفەر تامبۆ بەتۆمەتی هاندانی قووتابییان بۆ مانگرتن و، نارەزایی دژی سیستەمی حوکمڕانی ووڵات، بۆیە خوێندنی ماندێلا بە ئاسۆیەکی بڕ گیروگرفتا تێ پەڕی ، یەکەم کاردانەوەی ماندێلا ڕاگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن بوو لە، ساڵی ١٩٤٢ پەیوەندی کرد بە ڕێخراوی ئەنجومەنی نەتەوەی ئەفریقی بۆ پاراستنی مافی ڕەشپێستەکان،

ساڵی ١٩٤٢ ماندێلا بوو بە فەرماندەی ئۆپۆزیسێۆن و بەرهەڵستی لە ووڵات، ساڵی ١٩٥٠ ماندێلا پەیوەندی بەهێزی دروست کرد لەگەڵ هەموو سەرۆک هۆزەکانی ووڵات،

و توانی پاڵپشتێکی بەهێز پەیدا بکات تاکو ساڵی ١٩٦٠ ، ساڵی ١٩٦١ ماندێلا بوو بە سەرۆکی باڵی سەربازی کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفریقی،

لەشوباتی ١٩٦٢ ماندێلا دەست گیر کرا بۆماوەی پێنج ساڵ حوکم درا ، بەتۆمەتی سەفەر کردن بۆ دەرەوەی وولاٚت و بەشێوەیەکی نایاسایی و ڕێکخستنی مانگرتن و توندو تیژی،

هێشتا ماوەی حوکمی پێنج ساڵەکەی زیندانی کۆتایی نەهاتبو جارێکی دیکە حوکم درایەوە بەدرێژایی هەموو ژیانی ، ئەمجارەیان بەتۆمەتی پلان دانان بۆ کردەوەی جەکداری ،

و خیانەت کردن لەووڵات ، بەڵام خیانەت لە سیفەتەکانی ماندێلا دانەبووە.

ئەمەش بەشێک لەخوێندنەوەی کتێبەکە ی نێڵسۆن ماندێلابە کەلە ٢٢ دەوڵەت و ٢٠ زمانی جیا جیای جیهانی بڵاوکراوەتەوە، منیش لەزمانی ئەڵمانیەوە بۆم وەرگێڕاونەتە ،

سەر زمانی شیرینی کوردی،ناوی کتێبەکەی (دیالۆگ لەگەڵ خۆمدا) .یە

ئەو کوختەی منی تیا دەژیام هیچ جۆرە پیویستیەکی بەمانای خۆراوای تیا نەبوو، من لەسەر حەسیر دەنووستم ، زەوی کوختەکە هیچ ڕاخەرێکی بۆ دانیشتن تیانەبوو،

تاماوەیەکی زۆریش نەم دەزانی سرین جی یە!! خواردنمان تەنیا ئەو شتانە بوو کەخۆمان بەرهەمان دەهێنا ، دایکم خۆی گەنمە شامی دەجاندو درەوی دەکرد، لەتەمەنی پێنج ساڵیدا بووم بەشوان لە دەشت چاودێری مەڕو ماڵاتم دەکرد، هەر لەو دەشتانە دا وانەی تازە فێربووم، ڕاوی تەیرو تواڵ بە قۆچەقانی کۆکردنەوەی هەنگوین و، میوە و ڕیشەی خۆراک خواردنەوەی شیری گەرم و شیرین، مەلەکردن لەڕووبارەکاندا و ماسی گرتن بە قولاپ.

منیش وەک هەموو منداڵەکانی تیرەی خوسا تەنیا لەڕێگەی بینینەوە هوشیاریم پەیدا کردو فێری زانست بووم. ئێمە زانیاریمان بەهۆی چاولێکردنەوە بەدەست هێنا،

نەک لەڕێی پرسیارکردنەوە پرسیار کردن لەناو خێزانی ئێمەدا گەلێک زەحمەت بوو، کەبۆ یەکەم جار لەماڵی یەکێک لە سپی پێستەکاندا منداڵەکانم بینی چۆن پرسیار لەباوک و دایکیان دەکەن سەرم سوڕما، باوکم ودایکم ئەوەیان پێ ناخۆش بوو دەبوو ئێمە ڕێز لەهەموو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی بگرین و حەرام و حەڵاڵ بزانین،

خەڵکی پەیڕەویان لەباو باپیریان دەکرد و ژنانیش، هەرچیەکیان بەمیراتی بۆ مابووە ملکەچی بوون لێیان لانەئەدا، ئەگەر یەکێک بەهەر شێوەیەک بێ ڕێزی بەرانبەر باو باپیرانی کردبا،

دەبوو بەرامبەر بەو تاوانە بڕواتە لای سەرۆک یان جادوگەری خێڵ تاداوای لێخۆش بوون بکات ،ئەمانە لای من ئاسای بوو سەرەتای ژیانی من وا دەستی پێکرد.

ئەم کوڕە بەمجۆرە چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە :کاتێک دایکی لەگوندەکەیەوە کیونو، بۆ خوێندن دەیبات بۆ گوندێکی پێشکەوتوتر (مەکهکزون ) لەوێ لەماڵی سەرۆک خێڵێکدا کەهاوڕێی باوکی بوو دەمێنێتەوە. هەستی منداڵێکی گوندی تێدەگەرێت کەچوو بێتە شارێکی گەورەوە لەئەنجامی تێکەڵ بوون لەگەڵ سپی پێست و قەشەو مەسیحیەکاندا،

بەتەواوی خۆی وەگ لادێییەک دێتەبەرچاو شەرم دایدەگرێت بەناچاری خەمی ئەوەی لێدێت کەچۆن لەگەڵ ئەو دۆخە تازەیەدا ڕابێت، هەست بەدواکەوتوی ئەکات و لەگەڵ ڤینسی کچە قەشەدا میانە دەبەستێت، پیاسەی لەگەڵدا دەکات و دڵی بەدەست بهێنێت، بەڵام خوشکە گەورەکەی ڤینسی گاڵتەی بەو خۆشەویستیە دێت و دەیەوێت بەهەر شێوەیەک بێت خوشکەکەی پەشیمان بکاتەوە ، چونکە بەردەوام پێی دەڵێت ئەو کوڕە گوندی و کێویە، دواکەوتووەو هیچ لەئەتەکێتی شارستانێتی نازانێت هەر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە ڕۆژێک بۆنیوەڕۆ ژەمکردن داوەتی کورەکە بۆ

*ماڵی خۆیان دەکات، کورە پێش ئەوەی دەست بەخواردن بکات  دەکەوێتە سووسە و چاودێری ئەوانی تر تابزانێت ئەوان چۆن و،بەج شێوەیەک نان دەخۆن ئەو هەر وا فێر بووە کەبەدەست نان بخوات، بەڵام کەدەبینێت میوانەکانی تر چەقۆ و چنگاڵ بەکار دەهێنن ئەویش چاویان لێ دەکات و هەر بەو دەستورە ئەکەوێتە گیانی باڵە مریشکێک، بەڵام چەند دەکۆشێت ئەو کارەی بەچاکی بۆ ناکرێت، ئەمەندەیش چەقۆو چنگاڵ بەقاپەکاندا ئەکێشێت کەئەوانی تر لەتەقەتەقەکەی ڕادەمێنن، دەکەونە تەماشاکردن خوشکی گەورە لەخوشکی بچووک ڕادەمێنێت و وەک پێی بڵێت!!!!پێم نەوتیت چ گوندیەکە ؟!!  بەڵام کورەکە وەک خۆی دەڵێ من هەر ئارەقەم دەڕشت و نەمدەویست دان بەشکستەکەم دابنێم و بەدەست باڵە مریشکەکە بخۆم  بۆیە ئەو ڕۆژە تا ڕادەیەکی زۆر بەبرسێتی مامەوە،  پاشان خوشکی بچووک دەڵێت:*

*ئەگەر تۆ عاشقی کوڕێکی وا دوا کەوتوبیت هەموو ژیانت بە بێ هودەی دەگوزەرێنیت.*

*ئەم لاوە کەدەگاتە قۆناخی زانکۆ ئەوسا فێر دەبێت بیجامە لە بەر بکات ، لەسەرەتادا پێی قەڵسەو پاشان وورد وورد لەگەڵیا ڕادێت تەنانەت تائەو قۆناخە نەیزانیوە فڵچەو دەرمانی دان،جی یە چونکە پێشتر لەماڵدا بۆ سپیکردنەوە ی دان تەنیا خۆڵە مێشی بەکار هێناوە، هەروەها گەرماو تەوالێتیشی هەر لاتازە بووە.*

*کەدوای تەواو کردنی زانکۆ دەگەڕێتەوە گوندەکەی و دەیانەوێت بەزۆر ژنی بۆ بهێنن، لەتاودا هەڵدێت و ڕوو لە ( ژۆهانسبۆرگ ) دەکات کەئەوسا سەنتەری دەسەڵات و چالاکی سیاسی و ئابووری ڕێخراوە جۆر بە جۆرەکان بووە ، دەیەوێت لەوێ ببێتە کارمەند و لێسانسی یاسایش بخوێنێت ، لەوێ ئەو دیمەنە نامۆیانە دەبینێت کەمانای ڕەگەز پەرستی سپی پێستەکان بەرامبەر بە ڕەش پێستە ڕەسەنە کانی ئەو وڵاتە، لەوە دەگات کەسپی پێستەکان ڕەش پێستی خاوەنی ڕەسەنی وڵاتەکە بەنۆکەری خۆیان دەزانن، تەنانەت بەو پەرداخو پیاڵانە چا ناخۆنەوە کە ئەوان دەمی تێوە دەدەن هەروەها دەسەڵاتی تەواوی کارگەو کۆمپانیاکانی لەژێر دەستی ئەواندایە کەبە ئارەزووەی خۆیان یاری بە چارەنووسی ڕەش پێستەکان دەکەن، بەڵام ئەم لاوە بەویژدانەوە باس لەهەستی مرۆڤانەی ئەو سپی پێستانە دەکات کەگیانی ڕەگەز پەرستیان تیانی یە و لەگەڵ ڕەش پێستەکاندا بەخۆشەویستی دەژین و بەتایبەتی ئەو لاوانەی  بیری کۆمۆنیستیان تیایە و دەیانەوێت ڕژێم و کۆمەڵگاکە بگۆڕن و کێشەی ڕەگەز پەرەستی نەهێڵن.*

*هەرچەندە ئەم بەشێوەیەکی فەرمی وابەستەی پارتی کۆمۆنیست نی یەو لەدیدێکی ترەوە بۆ چارە سەری کێشەی گەلەکەی دەگەڕێت، بەڵام بەهۆی هاوڕێ کۆمۆنیستەکانیەوە ئامادەی گەلێک لەدانیشتن و گفتوگۆیان دەبێت و تاڕادەیەکی باشیش لەفەلسەفەی مارکسیەت دەگات.*

*ئەم لاوە ڕەشپێستە وەک لەمنداڵیدا بە بێ بەش ژیاوە لەلاوێتیشدا هەر وابووە ، کاتێک لەشارۆچکەی  ئەلکساندرا  لەسەر کار دادەمەزرێت پارەی ئەوەی نی یە چرایەک بکرێت،لەبر گڕی مۆم دا دەخوێنێتەوە  لەشارۆچکەکەوە تا ئەو ماڵەی بەکرێی گرتووە و تیادەژی نزیکەی شەش میلە، زۆر جار ئەو ڕێگا دوورە بە پێ دەبڕێت چونکە ناتوانێت کرێی ئوتومبێل بدات.*

*ڕۆژانە لەخواردنی چاک بێ بەشە و  تەنیا قاتێک جلی هەیە  تەنانەت هاوڕێیەکی کە هەمان قەدو باڵای ئەوی هەیە  قاتێک چاکەتو پانتۆڵی خۆی دەداتێ، ئەو بۆ ماوەی چەند ساڵێ بە پینەو وەڕۆ لەبەری دەکات ، کە لە ژۆهانسبۆرگ دەبێت بەکارمەندی کۆمپانیایەک ئیتر لەوێوە دەکەوێتە ناو کۆری سیاسەتەوە، چونکە وەک خۆی دەڵێت هەموو هاونیشتمانیەکی باشووری ئەفریقا هەر بەمنداڵی هەست بەوە دەکات  کەلە ژێر سیستەمی ڕەگەزپەرستانەی سپی پێستەکاندا دەژی جیاوازی ئەو دووانە لەڕووی یاسای و مامەڵەی ڕۆژانەوە ئەوەندە زۆرە کەناتوانێت چاو پۆشی لێبکەیت ، چونکە ئەو منداڵە ڕەشە لە خەستەخانەیەک لەدایک ئەبێت کەتایبەتە بە ڕەشپێستەوە لەقوتابخانەیەک دەخوێنێت کەتەنیا بۆ ئەوانە، ناتوانێت سواری ئەو ماشێنە بێت کە هی  سپی پێستەکانە، ناتوانێت بەکەنار ڕووبارێکدا تێپەڕن کەتایبەتە بە سپیپێستەوە سەعات یانزەی شەو*

پیاسەی سەر شەقام، بۆ ئەوان نابێت، بێکاری تاوانە و کارکردنیش لەهەندێ شوێندا بۆ رەشپێست هەر تاوانە، ڕەش پێست چەندە یاساناسێکی بەتواناو بەهرە بێت بەڵام هەرگیز ناکرێتە دادوەر و قازی چونکە ئەوە پلەو پایەی ڕەنگی پێستە نەک بڕوانامەو لێهاتوی سپیپێست بۆی هەیە لەجێگایەکدا داوای شوناس نامە لەڕەشپێست بکات یان بیخاتە زیندانەوە، بۆیە ئەو منداڵە بیەوێت یان نا لەسیاسەت دەگات دەزانێت ئەوەی لەگەڵیدا دەکرێت شتێکە لە دەرەوەی هەستی مرۆڤایەتی و کەسانێکیش ئەم کارە دەکەن بێجگە لە رەنگی پێست هیچ جیاوازیەکی مرۆڤانەیان لەگەڵ ئەمدانی یە، ئەم لاوە بەم هەستە پڕەوە بەگڕ بیروباوەری ئاپارتیدا دەچێت کە بەپێ ی ئەو ئایدیایە دەبوو سپیپێست لەسەروی ڕەشپێستەکان و هندیەکانەوە بن واتە دەبێ سپیپێست هەمیشە بە سەرۆکی بمێنێتەوە، ئەگەر چی کەمینەی دانیشتوانی وولاتەکەیشن، ئەم تێکۆشەرە لەرێ ی چالاکییە سیاسیەکانیەوە دەبێتە سەرۆکی کۆنگرەی میللی ئەفریقا کەگەورەترین ڕێخراوە لەسەر یاستی هەموو کیشوەرەکە و داوای یەکسانی و نەهێشتنی نەژاد پەرەستی ئازادی وڵاتەکان دەکات.

بەڵام دەسەڵاتدارە ڕەگەز پەرستەکان هەست بەمەترسی ئەو لاوە ڕوناکبیرو ئازادی ویستە دەکەن بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ لەبەهاری لاوێتیەوە دەیخەنە زیندانەوە تا ساڵی ١٩٩٠ لە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵیدا و لەژێر فشارێکی نێو دەوڵەتیدا ئازاد دەکرێت دەبێتە سەرۆک کۆماری وڵاتەکە و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێ دەبەخشرێت.

ئەم پیاوە مەزنە دوایی ڕزگار بوونی لەبەندیخانە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە داوای سەردانی ئەو وڵاتەی لێکرا بەڵام ئەو بەتوندی داواکەی ڕەت کردەوە بە دەسەڵاتدارانی تورکی ووت:

من نایەم بۆ ووڵاتێک خوێنی کورد بە چیاکانیدا بڕێژرێت

سڵاوی ئازادی خوازانی کورد لە( نیلسۆن ماندێلا) ی سمبولی تێکۆشان.

دوای بڵاو بوونەوەی کتێبەکەی ماندێلا هاوڵاتیانی ژۆهانسبێرگ پایتەختی ئەفریقای باشوور بۆ بەدەست هێنانی لەبەیانیەکی زووەوە لەبەر دەم کتێبخانەکاندا ڕیزببون کەلە٢٢ دەوڵەت و بە ٢٠ زمانی جیاجیای جیهانی بڵاوکرایەوە.

کتێبە نۆیەکەی ماندێلا پێشەکییەکەی لەلایەن باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکاوە نووسراوە .

لەماوەی ٢٧ساڵی ژوورە تاریکەکانی زیندان ماندێلا لەدووری لایەنگرانی و هەموو ئەو هەژارانەی لەئەفریقا زوڵمیان لێدەکرێت، هەموو گەنجایەتی و بیرو هۆشی خۆی کردە یادگاری لەسەر دیواری بەندیخانەدا لە پێناو، نەمانی جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا .

ماندێلا زۆر حەز دەکات تەماشای ئاوابوونی ڕۆژ بکات،
هەروەها حەزی لەمۆسیقای ئەفریقییە.

سەرچاوە : ماڵپەری وتەو ئامۆژگاری / ڕێکەوتی : ٢٥ی فێوریەی ٢٠١٣

# ماندێللا بۆ مەزنە؟

نەوزاد جەمال

هەموو کەس پاش مەرگ و پرسەدانان بۆی، بەجۆرێک گەورە دەردەکەوێ و گەورە نمایش دەکرێ، بەتایبەتی ئەگەر پلەیەکی سیاسی هەبێ.




بەڵام مەرگی ئەو، بۆشاییەکە لە جەستەی گەلێکدا، چونکە وەک باوکێک جێگەکەی بەخاڵی مایەوە. ناکرێ بڵێین ماندێللا سەرکردەیەکی مەزن و بێ وێنەیە ئەگەر ئاوڕ لەخەبات و کارەکانی نەدەینەوە، ناتوانین بڵێین کەسێکی بەتوانایە ئەگەر قسە لە فەلسەفەی تێکۆشانی نەکەین. بۆیە گرنگیی ماندێللا وەک سەرکردەیەکی سیاسی و رابەرێکی نیشتمانی ئەوەیە کە خۆی بەدوای پۆستەوە نەبوو، بەڵکو بەدوای پرسی مافەکانی مرۆڤدا خەباتی کردووە و پۆست و پێگەکان بەدوای ئەودا دەگەڕان.

لەبەرئەوە، ماندێللا قوتابخانە و نموونەیەکی زیندووی کیشوەری رەشە، هاوکات بەهەناسە و روانینێکی جیهانییەوە لە پرسی مرۆڤ و کێشەکانی روانیوە. دیدو روانگەیەکی مرۆڤدۆستانە، مرۆڤپەروەر بزوێنەری سیاسەتەکانی بووە. کەسێ کە توانی ٢٧ ساڵی رەبەق و رەقی نێو زیندان بگۆڕێ بەلێخۆشبوون و لێبووردەیی، دەبێ خاوەنی رۆحێکی گەورەو دیدو روانێکی پێغەمبەرانە بێت. بۆیە پێموایە سەرکردەیەکی راستینەی سەدەی بیستە. سەرکردەی راستینەش ئەوەیە کە هەموومان دووجار بۆی دەگرییێین: جارێک کە خۆی دەستبەرداری پۆستی دەسەڵات دەبێ، لەکاتێکدا خەڵی تکای لێدەکەن، جارێکیش کە بەتەواوەتی ماڵئاوایی لەژیان دەکات.

ئیدی سەرکردەیەک لەجەستەیەکی برینداری مرۆڤی رەشپێستدا، توانی هەم بەهایەک بۆ مرۆڤگەلێک بگەڕێنێتەوە بە ساڵانێک خەبات دژ بە "جیاکاری رەگەزی و رەنگی پێست"، هەم توانیشی ئاراستەی خەبات بکات بەپێی خواست و داواکارییەکانی رۆژگار. ئەمەشی وەک میراتێک بەجێهێشت کە دەبێ مرۆڤایەتی لەتۆڵەو رق و کینەوە بۆ لێبووردن و ئاشتەوایی بگوازێتەوە! جگە لەوەی کە توانی وڵاتێک لە قەیرانی جەنگی ناوخۆیی و هەڵوەشانەوەی زێتر رزگار بکات. ئەگەر بەراوردی بکەین بەسەرکردەیەکی وەک گۆرباتچۆڤ کاتێک کە ویستی چاکسازی لە یەکێتی سۆڤیەتدا بکات و بەرنامەی بیرۆیسترۆیکای خستەکار، دەبینین کە دواجار خۆشی لەگەڵ لێشاوی هەڵوەشانەوەو کرانەوەی یەکێتی سۆڤیەتدا لەسەر شانۆکە راماڵرا! بەڵام ماندێللا پاش رزگاربوونی، خۆری گەشاوەتربوو لە هەموو دونیادا. کە لە ساڵی١٩٩٤ هەڵبژێردرا، خەڵکی شایی و زەماوەندی نەتەوەییان بۆ گێڕا، وەکچۆن لە ساتەوەختی ئازادبوونیشی لەزیندان، شادی گەڕایەوە سەر روخسار و ئومێد بۆ دڵە تەزیوەکان و بزە بۆ لێوەهەڵقرچاوەکان و لەکاتی خۆهەڵنەبژاردنەوەی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، میللەتەکەی خوڕخوڕ بۆی گریان، وەک باوکێکی میهرەبان بۆی بەتاسە بوون! هەرگیز منەتی بەسەر گەلەکەیدا نەکرد کە ٢٧ ساڵ لەچوار دیواری ساردو ئەشکەنجەدراوەو دوور لە کەسوکار، هەمووی بە پۆستێ قەرەبوو بکاتەوە! بۆیە ئەو کاتەی کە ماڵئاوایی دواجاریشی کرد، هەموو دونیا بۆی گریان!

هەڵبەت کاراکتەری ماندێللا، هەڵقوڵاوی فەلسەفەیەکی خەباتکردنە: رزگاری و سەربەخۆیی مرۆڤ، وەک مافێکی سروشتی بۆ هەمووان. سروشتی مرۆڤ وەک بنەڕەتێکی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی. یەکسانی و ئازادی و هاوبەشی لە ئەرک و مافەکاندا. بۆ تێگەیشتن لە هەوڵ و کۆشش و خەباتی ماندێللا لەو پاشخانە فەلسەفییەی کە بۆ مرۆڤ هەیبووە، دەکرێ بڵێین:

۱- مانـدێلا هەر سەرکردەی بزووتنەوەیەکی ئـازادیخوازی ڕەشپێستەکان نەبوو، بەڵکو ڕابەرێکی ڕۆحیی خـاوەن هـزر بـوو، دەتـوانم بڵـێم قوتابخانەیەک بوو.

۲ - ڕابەرێکی بەتوانـا لە لێخۆشبوون و لێبووردەییدا. بەستراتیژیەتی لێخۆشبوون تـوانی ئەو درزە گەورەیەی کەوتبـووە پێکهاتەی ئـاینی و نەژادی وڵاتەکەیەوە سـاڕێژ بکـات. هـزری ناتونـدوتیژی وەک فەلسەفەیەک لە خەبـاتی ئـازادیخوازی و ڕزگـاریخوازی نیشتمانیدا دەبێتە پرۆژەی نیشتمانی پاش ڕزگاربوون. لەسەر ئەو نەریتە ئاشتیخوازەی غاندی بۆ خەباتی ناتوندوتیژی پەروەردە بوو بوو کە تێگەیشتنێکی بنەڕەتی تێدایە: هێز و توانـای تونـدوتیژکار لە بەهێزی خۆیدا نییە، بەڵکو لە لاوازی ویست و بەرگرینەکردنی لایەنی چەوساوەدایە.

۳ - وەک سەرکردەیەک بـۆ هەموو گەل و نەتەوەکـانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە جێگەی هیـوا و ئومێـدە، خەڵکـی لە ناخیـدا دەخـوازێ ڕۆژێ سەرکردەیەکی وەها بێتە مەیدانەوەو ناوچەکە لە زۆنگـاوی شکست دەربهێنـێ. بـۆیە بەجۆرێک ڕێـزو خۆشەویستییان بـۆ مانـدێلا لەچاوەڕوانییەکی بەدینەهاتووەوە هەڵدەقوڵێ. لەبەرئەوە، مردنی کولانەوەی ئەو برینەیە لەدەروونی میللەتاندا.

۴ - دیدو ڕوانینێکی دیکە بۆ مرۆڤ و سیاسەت و خەبات. لێخۆشبوون لەجەلادەکـان کە سپی پێستەکانن، باشترین شێوازی سزاو تـۆڵەیە بـۆ بەرگرتن لە شەڕێکی ناوخۆیی مەترسیدار.

۵ - ماندێلا سیمبولی مرۆڤێکی بەئاگاهاتوو، ڕاپەڕیو و ئازاد و بوێر و چالاک و ئەقلانی و شارستانییە. هەڵگێڕەوەی ئەو وێنە سادەیەیە کە لەسەدەکانی ڕابردوودا دەرهەق بەمرۆڤی ڕەشپیست وەک "بەربەری، کێوی و ناشارستانی و پیس و دواکەوتوو تەمبەڵ و سەرەتـایی و خورافەخواز و نائەقڵانی" دروستکراوە، چونکە خۆی وەک مرۆڤێکی ڕەشپیست هات بەو دیدە مرۆڤانەیەوە، سەلماندی مرۆڤی ڕەش چەندە تـاڵیی چەشتبێ، دەکرێ ئاشتیپارێز بێت. بـۆیە بۆچـوونی سەدەکانی ڕابـردووی ئـاوەژوو کـردەوە کە وەک "ستریۆتـایپێک" لەسـەر نەژادی ڕەش کـارا بـووە گوایـا توانـای خۆبەڕێوەبردن و خۆفەرمانڕەوایی و جڵەوکێشییان نییە. لەوەدا وەک غاندی و لوتەر کینگ توانی ئەو بۆچوونە نارەوایە پووچەڵ بکاتەوە.

## سەرکردەیەکی وەرچەرخێنەر

بۆچی ماندێلا مەزنە؟ بێگومان لەبەرئەوەی سەرکردەیەکی وەرچەرخێنەرە. کوالێتی سەرکردایەتی ئەو، هۆکـارێکە کە سەرکردەیەکی ئـاسایی نەبێ، چـونکە جگە لەوەی کەسێکی کاریزمـایی و نمـوونەیەکی ڕەوشـتی بـاڵای لەخۆبـووردوویی و لێخۆشبووون و پێکەوەژیـان بـوو، ئەنـدازیاری دروستکردنەوەی مرۆڤ بوو. دەرهێنانی مرۆڤ لەبندەستی و چەوسانەوەو سووکایەتییپێکردنەوە بۆ کەسێک کە چارەنووسی خۆی بخاتە ئەستۆی خۆی. ئەمەش لەڕێی:

- وەبەرهێنان لەمرۆڤایەتیدا، سووربوون لەسەر ڕەوایەتی پرسێک و کۆڵنەدان بەزیندانیکردن. بەندیخانە وێستگەیەک بووە بەرەو ئازادی. لە یەکێک لە دۆکیۆمێنتەکاندا دەڵێ "ژووری زیندان ئەو شوێنەیە کە زێتر خۆی تێدا ناسیوەو گرنگترین بڕیاری سیاسی بۆ دوارۆژ داوە"!

- ناسینی ناخی مرۆڤ بەباشی لە ئەنجامی ئەو ڕامان و قووڵبوونەوەیەی لەزینداندا. بۆیە وەک ئەندازیاری مرۆڤ تەنها خەباتی بـۆ ڕزگـاری و ئازادیی مرۆڤ هەر هەڵگرتنی کۆت و بەندی ستەم و چەوسانەوە نەبووە، بەڵکو لەپێناو ڕزگارکردندا دەبێت مرۆڤ لەنـاخەوە هەڵبسێنرێتەوەو بەهێزبکرێ و بەهرەکانی بەرەڵا بکرێ تـا لەسەرپێی خۆی ڕاوەستێ و وابەستەی کەسی دیکە نەبێ. ئەمەش کـارێکی زێـدە سەخت و تەمەنێکی دەوێ.

- دروستکردنی بڕوایەک لەنـاخی هاونیشتمانیاندا کە "تۆ ئەوە نیت ئێستا هەیت، بەڵکو لەوە زیاتریت، ئەوەیت کە دەتوانیت بەدەستی بهێنیت". ئامانجەکەش پێکەوەژیانێکی باشتر وەک ڕێگەچارەیەکی هاوبەش.

- بەخشینی متمانەبەخۆبوون بەهەموو هاووڵاتییەک کە دەتوانێ خۆی بەرپرسیار و سەرپشک بێ لەباشترکردنی ژیانیدا. واتە مرۆڤ متمانە

بکات بەتواناکانی لە بەڕێوەبردنی ژیانێکی باشتردا پاش رزگاربوون.

- تێپەڕاندنی رابردووی تاڵ و مەینەتی پەیامی خەباتی بۆ قۆناغی رزگاریی ئەوەیە کە سیفەت و توانای مرۆڤ ئەوە نییە بەسەریدا هاتووە، بەڵکو ئەو هەنگاو و رێوشوێنەیە کە دەتوانێ بە کۆشش بەدەستی بهێنێ و بیگاتێ. دەبێ خۆت رزگار بکەیت لە پاشماوەکانی رابردوو، وەک ئەوەی بڵێ، من زیندانم چەشت، تۆش دەبێ خۆت لەوەی بەسەرتدا هات تێپەڕێنی، دەبێ خۆت هەوڵ بدەیت، من رێگەت بۆدەکەمەوە، دەبێ خۆت هەنگاو بنێی، من تەنها لە پێشتەوە دەڕۆم!

- بۆیە نابێ مرۆڤ ببێتە قوربانی ئەوەی لەرابردوودا بەسەریدا هاتووە. دەڵێ "ئەوکاتەی لەدەرگای بەندیخانە هاتمە دەر بەرەو ئازادی، زانیم ئەگەر تووڕەیی و گیانی تۆڵەو قین و نەهامەتی لە پاش خۆم جێنەهێڵم، ئەوا هەروەک ئەوەیە لەزینداندا بمێنمەوە.

- گۆڕینی ئاراستەی سیستمێک و کەلتووری دابڕانی نەژادی و رق و کینەو تۆڵە بۆ لێبووردن و لێخۆشبوون. لەو سۆنگەی کە رابردوو لەبیرناکرێ، بەڵام دەبێ هەقیقەت و راستییە تاڵەکان بگۆڕدرێ بە لێخۆشبوون و ئاشتەواویی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی. ئەمەش توانای سەکردایەتییەکی قاڵبووی دەوێ کە تەنها دیوێکی پرس و کێشەکان نەبینێ، بەڵکو بیر لەداهاتوو بکاتەوە.

- ئاراستەکردنی ئێش و ئازارەکانی رابردوو بەگوڕوتینێک بۆ داهاتوو. پەیامی ئەو، ئەوەیە کە ئەوەی بەسەرماندا هات تاڵ و نامرۆڤانەو سەخت بوو، هەرگیز لەبیرناکرێ، بەڵام درککردن بەم راستیە تاڵە و زانینی هەقیقەتی مێژوویی دەبێ بگۆڕین بە لێخۆشبوون و پێکەوەژیان. ئەگەر وانەکەین رابردوو دەبێتە دیوارێکی دەروونی و هزری ترسناک لەسەر ئایندەی وڵات. هاوکات ئەگەر وانەکەین مرۆڤی رەش هەڵناسێتەوەو هەمیشە رابردوو دەکاتە بەهانەو پاساوێک بۆ دواکەوتن و ناسنامەیەکی بۆ داهاتووی خۆی. واتە خۆی دەکاتە قوربانی کۆت و بەندێک بەدەستی خۆی نەک چەوسێنەرێکی راستینە.

لەبەرئەوە ماندێلا مەزنە و هەمیشە زیندووە خۆی گوتەنی: کاتێ تۆ لەدڵی ئەوانەدا دەژیت کە خۆشتدەوێن، ئەوا هەرگیز نامریت.

سەرچاو ە : ماڵپەڕی رووداو نێت / رێکەوتی : ٢٣ی دێسامبری ٢٠١٣

## ماندێلا.. رێبازێکی سپی لەکیشوەرێکی ڕەشدا

عەبدولڕەحمان سدیق

کە ئەو هاتە دنیاوە تازە بەتازە جیهان تەپوتۆزی چوار ساڵەی جەنگیی یەکەمی جیهان لەخۆی دەتەکاندو، هاتنی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگ و، هاتنەئارای ئاشتییەوە.



کە ئەو هات بەدەنگێکی بەرز گوتی: (نا)بۆ کۆیلەکردنی مرۆڤ و زیندانیی کردنی ئازادیی.

ئەو گوتی: (نا)بۆ رەگەزپەرستیی و هەر بیرێکی چەوسێنەر، (نا) بۆ سیاسەتی فریودان، کۆیلەکردنی مرۆڤ و، (نا) بۆ ستەم، زوڵم، داگیرکاریی و پەراوێزخستن و دەمارگیریی و خوێنڕشتن.

ئەو کە خەمی گەورەی خەمی مرۆڤایەتیی بوو، کە دەیبینی جیهان گوێی لە هاواری چەوساوەکان نییە، دەیگووت: (من لەنێوان دوو جیهاندا وەستاوم، جیهانێکی مردوو، جیهانێکیش کە توانای لەدایکبوون و هاتنە دنیای نییە).

ئەو بڕوای وابوو کە باشترین پێوەرێک بۆ دادپەروەریی هەر دەسەڵاتێک ئەوەیە کە چۆن دەتوانێت

مامەڵەیەکی مرۆڤدۆستانە لەگەڵ هاووڵاتییانی کۆمەڵگەکەیدا بکات، هەر لەبەر ئەمەش ئەو زۆر دژی چەوسانەوەی مرۆڤ بوو لەلایەن مرۆڤەوە، بۆ ئەویش هیچ جیاوازیی نەبوو کە ستەمکاران لەچ ڕەنگێکن، بۆیە دەیگوت: (من قینی زۆرم لەنەژادپەرستیی و نەژادپەرستانە، جا ئەوانە سپی پێست بن یان ڕەش پێست).

(نیلسۆن ماندێلا) دۆستی ئازادیی و ئازدیخوازان بوو، ئەو دەیزانی کە ئازادیی مافێکی ڕەوای هەموو تاک و کۆمەڵێکەو، ئازادییشە کە وەک یەکێک لەو پێوەرانەیە کە ئازایەتی هەر دەسەڵاتێک دەخاتەڕوو لە بواری ئازادییە گشتییەکاندا، چونکە ئەو دەسەڵاتە ئازایە کە ئازادیی لە کەس زەوت ناکات.

ئەو جاڕی ئەوەی دەدا کە ئازادی مافێکی سەرەکی و خوا پێدراوی گشت مرۆڤەکانە، لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبێت و لەگەڵیدا دەژی، بە ئازادی و لە ئازادییشدا مرۆڤ جوانتر تێدەگات و بڕیار دەدات، بەڵام لەژێر چەپۆکی قورسی هێز و زەبر و زەنگ و سوپا و پۆلیسدا مرۆڤەکان دەمرن و دەسەڵاتیش دەڕووخێت و، وڵاتیش وێران دەبێت.

بۆیە ئەو دەیگوت: ( ڕێگەی ئازادی ئاسان نییە، لەسەر ئێمە پێویستە دەیان جار دۆڵ و کەندی مردن ببڕین هەتا دەگەین بەلوتکەی ئازادی، مرۆڤی ئازادیش کە دەگاتە هەر لوتکەیەکی سەرکەوتن، لوتکەی دیکە دەبینێت و بۆی دەچێت و ناوەستێت).

ئەو بڕوای ئەوە بوو کە (ئازادیی ناکرێت دڵۆپ دڵۆپ بدرێتە مرۆڤەکان، بەڵکو مرۆڤ بەتەواوی و یەکجارەکیی دەبێت ئازاد بێت).

(ماندێلا) بۆ زامنکردنی ئەم ئازادییەش زۆر لەخەمی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی هاووڵاتیاندا بوو، بۆیە ئەو لەم بارەیەوە دەیگوت: (پەروەردەو فێرکردن بەهێزترین چەکە بۆ گۆڕینی جیهان).

(نیلسۆن ماندێلا) سەرکردەیەکی خاکیی و راستگۆو ئازا بوو، ئەو لەبارەی سەرکردایەتییەوە دەیگوت:



(سەرکردەی سەرکەوتوو پێویستە لە دانوستان و گفتوگۆدا راستگۆ بێت بۆ ئەوەی دووریی نێوان لایەنە ناکۆکەکان نزیک بکاتەوە)

ئەو دەیگوت: ( باشترین کارێک کە سەرکردەیەک بیکات لەکاتەکانی سەرکەوتنییدا ئەوەیە کە خۆی لەدواوە بێت و، خەڵک بخاتە پێشەوە، لەکاتی مەترسیشدا خۆی لەپێشەوە بێت و، خەڵک بخاتە دواوە، بەمەش خەڵکیی رێز لەسەرکردایەتییەکەی دەگرن.

(ماندێلا) وانەیەکی لەئازایەتیی فێری مرۆڤایەتیی کرد کە گوتی: (ئازایەتیی هەر ئەوە نییە ترس بوونی نەبێت، بەڵکو ئازایەتیی ئەوەیە بەسەر ترسدا زاڵ بیت، کەسی ئازاش ئەوە نییە کە هەست بەترس ناکات، بەڵکو کەسی ئازا ئەوەیە کە ترس دەبەزێنێت).

(نیلسۆن ماندێلا)، چونکە زۆر ئێش و ئازاری چەشت بەدەست ستەم و زوڵمی زۆردارانەوە، بۆیە زۆر لەخەمی مافەکانی گەلانی دیکەی بن دەست بووەو، هەمیشە داوای ئەوەی کردووە کە گەلان بەزمانی دایکی تایبەت بەخۆیان بدوێن و بنووسن و بخوێننەوە، بۆیە دەیگوت: ( کە مرۆڤێک بەزمانێک دەدوێنیت کەلێی تێدەگات، دەگەیتە ئەقڵی، چونکە زمانی خۆی نییە، بەڵام کە مرۆڤێک بەزمانی دایک دەدوێنیت، دەگەیتە دڵی).

(ماندێلا) نەتەوەی کوردی دەناسی و، هەر لەبەر کوردیش خەڵاتی ئەتاتورکی ڕەتکردەوە لەساڵی (١٩٩٢)دا، ماندێلا پێش ئەوەی ماڵئاواییمان لێبکات، زۆر خەونی جوان و پێشبینیی گەورەی بەگوێی جیهاندا دا، لەوانەش پێشبینیکردنی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لەئاییندەدا.

(ماندێلا) لەگەڵ ئاشتی و کۆتایی هاتنی جەنگیی یەکەمی جیهان هات و، لەهەفتەی یادکردنەوەی (٦٥) ساڵەی جاڕدانی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا گەڕایەوە لای پەروەردگاری خۆی، بەمەش (٩٥)ساڵی ژیانی ئەو لەنێوان ئاشتیی و مافەکانی مرۆڤدا بوو.

سەرچاو ە : ماڵپەڕی گوڵان میدیا / ڕێکەوتی : ١٢ی دێسامبری ٢٠١٣

## چەند وتەیەک لە مەرِ مەرگی سەرۆک نێلسۆن ماندەلا.

لوقمان زەهرایی

سەرۆک نێلسۆن ماندەلا خەباتکاری رێگای سەختی ئازادی ودادپەروەری وسەرۆک کۆماری پێشووی ئافریقای باشور لە تەمەنی ٩٥ سالی دا کۆچی دوایی کرد. ژیان وخەبات ورەنج وئازارەکانی ئەو رێبەرە بلیمەتە لە پێناو ئازادی ویەکسانی رەشپێستەکانی ئافریقای باشور کە سالانێکی



دوور و درێژ سیاسەتی نژادپەرەستانەیان لە سەرجێ بە جێ دەکرا مایەی رێز لێگرتن ولێ فێر بوونن. رێبەرێکی خۆنەویست وخۆراگر، فیداکار، نیشتمانپەروەر، ئاشتی خواز ویەکسانی خواز کە بێ وچان لە رێگای سەخت وپرِلە کەندوکۆسپی ئازادی دا ٢٧ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی رێژیمی سپی پێستی ئافریقای باشور تێپەرکرد ولە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی کە هەمان ئازادی ویەکسانی ولە گۆرِنانی سیاسەتی نژادپەرەستانەی کەمینەی سپی پێستی وڵاتەکەی بوو بۆ ساتێکیش کۆلی نەدا. مەرگی ماندەلا، وەرگری خەڵاتی ئاشتی نۆبێل خەسارێکی گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی و بۆ ئاشتی جیهانی و بۆ کولتوری لێبوردیی ویەکتر تەحەموول کردن وبە یەکەوە ژیان.

ماندەلا یان بە قەولی رەشپێستەکانی ئافریقای باشور " مادیبا " ئەو کەسە بوو کە سەرەرای تەحەممول کردنی ٢٧ ساڵ ئەشکەنجە وسووکایەتی و زیندان، دوای سەرکەوتنی خەباتەکەیان ودوای ئازاد بوونی ودوای ئەوەی لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا بە دەنگی زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکەی بوو بە یەکەم سەرۆک کۆماری رەشی پێستی وڵاتەکەی، ئامادە نەبوو کە تۆلەی ٢٧ ساڵ زیندانی بوونی خۆی وکوژران وبێ سەروشوین کردنی بە هەزاران رەش پێستی هاورەگەزی خۆی بە کوشتن وئێعدام و سێدارە بکاتەوە. بە شێوەیەکی چاوەروان نەکراو راگەیاند کە دەبێ رابردوو لە یاد بکەین وبیر لە داهاتوو وپێکەوە ژیان بە یەکەوە بکەینەوە. ماندەلا تەنانەت زیندانبان وئەشکەنجەگەرەکەی خۆشی بەخشی. ماندەلا داوای لە هەموو رەشپێستەکانی وڵاتەکەی کرد کە لە جیاتی تۆلە ئەستاندنەوە ورِشتنی خوین جەلاد وئەشکەنجەگەرو قاتڵانی رۆلەکانیان سەبروتەحەممول ولێبوردوویی بگرنە بەر.

بۆ دەرکەوتنی راستییەکان وبۆ ئەوەی ولامێکی شیاوی بە بنەماڵەی قوربانیەکانی دەستی تاوانی سیاسەتی نژادپەرەستە سپی پێستەکان دابێتەوە داوای دامەزرانی چەندین کۆمیتەی بە دواداچوونی راستیەکانی کرد وبە پێکهێنانی دادگا بۆ تاوانباران و قوربانیەکان وبنەمالەکانیان هەوڵ درا لە جیاتی تۆلە ئەستاندنەوە، هەم تاوانباران شەرمەزار وریسوا بکرێن ودان بە تاوانەکانیان دابنین وهەمیش راستیەکان بۆ بنەمالەی قوربانیەکان ئاشکرا بکرێن وئەوانیش لە جیاتی تۆلە ئەستاندنەوە لە تاوانباران خۆش بن ولێیان ببورن.

ماندەلا رێگای بەوە نەدا کە رەش پێستەکان دەست بکەن بە تۆلە ئەستاندەوە ورێگر بوو لەوەی لە وڵاتەکەی گۆمی خوین وەرێ خرێ وتۆلەی خوینی بە خوین نەکردەوە و بەڵکوو بە وەپێش گرتنی سیاسەتی لێبوردویی ولێخۆشبوون هەوڵی دا کە کولتورێکی نوی لە کۆمەڵگاکەی دا لە سەر بناغەی خۆشەویستی ورێز لە یەکتر گرتن و یەکسان وبەرابەر لە نێوان رەش پێست وسپی پێستەکان دروست بکا و بەو شێوە کولتوری دیالۆگ و لێبوردویی وبەیەکەوە ژیانی کرد بە چرای رێگای سیاسەتەکانی. ئەو بە لێبوردن لەو کەسانەی کە خراپەیان لە گەڵ کردبوو، فێری کۆمەڵگای کرد کە ئاشتی وئازادی ودێموکراسی وبەرابەری لە رێگای توڵە ئەستاندنەوە وتوندوتیژی نواندنەوە بە نیسبەت سپی پێستەکان پێک نایە ولێبوردویی ویەکتر قەبول کردن دەبێتە هۆی سەقامگیربوونی ئاشتی وئەمنیەت وئارامی بۆ هەموو لایەک بە بێ جیاوازی.

سیاسەتی ناسراو بە " ئاپارتاید " یان هەمان نژادپەرەستی کوێرکویرانە کە لە لایەن دەولەتی سپی پێستەکانەوە بە رامبەر بە رەش پێستەکان لە ئافریقای باشور بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە بەردەوام بوو، بوو بە هۆی ئەوەی کە رەش پێستەکانی ئەو وڵاتە بە ئیلهام وەرگرتن

لە خەباتی مەدەنی گاندی لە هیندوستان و خەباتی مەدەنی ڕەش پێستەکانی ئامریکا بە ڕێبەری د. مارتین لوترکینگ ڕێگای خەباتی مەدەنی هەڵبژێرن و لە ماوەی دەیان ساڵ خەبات وبەرخۆدان، خەباتەکەیان کرد بە خەباتێکی گەورەی جەماوەری کە بە ملیۆنان ڕەش پێستی ئافریقای باشور بە بیروباوەری سیاسی جیاواز وبە حیزبی جیاوازەوە لە ژێر چەتەری " کۆنگرەی میللی ئافریقا دا " خۆیانی تێدا ببینەوە. لە دەرەوەی سنورەکانی ئەو ولاتەش چالاکانی مافەکانی مرۆڤ و کەسانی ئاشتیخواز وئازادیخواز و ڕۆژنامەوانانی بوێر و چاونەترس پشتگری خەباتە ڕەواکەیان بوون و ئاکامی ئەو خەباتە سەخت وخویناوییەش بە ڕێبەری " کۆنگرەی میللی ئافریقا" و بە سەرۆکی نیلسۆن ماندەلا بوو بە هۆی سەرکەوتنی ڕەشەکان و بۆهەمیشە دەسەلاتی نژادپەرەستانەی کەمینەی سپی پێستی ئەو وڵاتەیان لە گۆر نا.

بەڕێز ماندەلا دوای بە دەسەڵات گەیشتن وبوون بە سەرۆک کۆمار بە دەنگی زۆرینەی خەلکی وڵاتەکەی، خۆی لێ نەگۆرا و ئامادە نەبوو بۆ جاری دووهەم خۆی بپالێوی و بەو پەڕی تەوازوعەوە دەسەڵاتی ڕادەستی جێگرەکەی کرد وخۆی کشاندەوە وتا کاتی مردنی وەکوو ڕێبەرێکی کاریزما و روحی ومەعنەوی وڵاتەکەی مایەوە وبە حەق لەقەبی "باوکی خەلکی ئافریقای باشوری" بۆ خۆی بە ئەبەدی کرد. ناوبراو نەک هەر لە نێو خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بەڵکوو لە هەموو جیهان دا ڕێزو حورمەتی تایبەتی هەیە و وەکوو کەسایەتێکی ئینسان دۆست، ئاشتیخواز، لیبوردو ودێموکرات بە مانای واقعی تەواوی وشەکە سەیر دەکرێ.

سەرۆک ماندەلا باوەری بە مافی مرۆڤەکان هەبوو، دەردی خەلکانی بێ ماف وچەوساوەی بە گۆشت وئێسقان هەست پێ دەکرد ودەیزانی ژێر دەستی وکۆیلەتی یانی چی و بۆیەش ئامادە نەبوو لە سالی ۱۹۹۲ خەڵاتی ئاتاتورک لە دەولەتی تورکیە قەبوڵ بکا و لەو بارەوە کوتبووی : من ئەو خەڵاتە وەرناگرم، مادام کوردەکان بە دەستی دەولەتی تورکیاوە دەچەوسێندرێنەوە. ئەوەش بوو بە هۆی تورەیی تورکە نژادپەرەستەکان و کەوتنە بێحورمەتی کردن بە ماندەلا و پێیان دەکوت " ڕەش پێستە تێرۆریستەکە ".

خەباتی ڕەش پێستەکانی ئافریقای باشور بە ڕێبەری " کۆنگرەی میللی ئافریقا " و بە سەرۆکایەتی نێلسۆن ماندەلا لە دژی سیاسەتی نژادپەرەستانەی سپی پێستەکانی ئەو وڵاتە هەڵگری کۆمەلێک مەسەلەی گرینگرن کە دەکرێ بۆ ئەمرۆ خەباتی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کەڵکیان لێوەربگیرێ. ئەویش خەباتێکە کە هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان خۆیانی تێدا ببینەوە وهەرکەس بە پێ لێهاتوویی وتوانایی ودەرفەت وهەل ومەرج تێدا ڕۆلی خۆی بگێری و کاریگەری خۆی بۆ سەرکەوتنی خەباتەکە دابنێ.

ئەوەی لە ئێرانیش بەرامبەر کورد ونەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارس وشیعە بەڕێوە دەچێ، چ نیە، جگە لە سیاسەتی هەڵاواردن وپەراوێز خستن و حیسابی مرۆڤ بۆ نەکردنیانە کە هەمان ئاپارتایدی نژادی وئاینی وزمانیە کە کۆماری سێدارە بە بەرنامەوە لە ماوەی ۳۴ ساڵی رابردووە بەڕێوەی بردووە. بیروعەقلیەتێک کە لە پشت ئەو سیاسەتەیە، تەنیا ناسیۆنالیزمی ئیرانی بە خاوەنی ئەو وڵاتە دەزانێ وئەوان بە لێوەشاوە دەزانێ بۆ ڕێبەری کردنی ئەو وڵاتە وتەنیا مەزهەبی شیعەش بە پاک وبێگەرد ولە سەر حەق دەزانێ بۆ بوون بە تاقە دینی ئەو وڵاتە. هەر ئەو بیروفکرەی کە مەلاکانی بە ناو " مراجعی شیعە" لە قوم بە باوەرەوە پروپاگەندەی بۆ دەکەن کە نابێ مەیدان ودەرفەت بە سوننیە مەزهەبەکان بدرێ کە لە ئێران دا لە باری حەشیمەتەوە ببنە زۆرینە و یان لە دەسەڵات دا بەشدار بن ونابێ بە هیچ جۆر ڕێگایان پێ بدرێ کە ببنە ساحەب دەسەلات لە ئێراندا، چونکە دەسەڵاتی شیعەکان دەکەوێتە مەترسیەوە.

هەڵاواردن وبێ بەش کردنی گەلانی غەیری فارس وغەیری شیعەش لە قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی شیعەی 12 ئیمامی دا بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە وغەیری شیعەکانی لە مافەکانیان بێ بەش کردووە وسیاسەتی دەسەڵاتی تەک نژادی وتەک مەزهەبی وتەک زمانی بە ئاشکرا لە ئێران دا وەکوو سیاسەتی فەرمی دەولەت بەڕێوە دەچێ.

لە ئێرانی ژێر دەستی ئیسلامی شیعەی ۱۲ ئیمامی سیاسەتی نژادپەرەستانە بە پلان وبەرنامە بەڕێوە دەچێ وبۆیەش یەکێک لە ئامانجەکانی خەباتی بەرحەقخوازانە وماف خوازانە وشوناس خوازانەی گەلانی غەیری فارس وشیعە دەبێ دژایەتی کردن سیاسەتی نژادپەرەستانەی دەسەلاتدارانی تاران وهەموو ئەوانەی کە پشتیوانی لەو سیاسەتە دەکەن بێ. نژادپەرەستەکانی سیاسی ومەزهەبی پاکانەیان بۆ ئەو سیاسەتە ئەوەیە کە بەڕێوە بردنی سیاسەتی مشتی پۆلاین بۆ پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران وبەرگری کردن لە دابەش دابەش بوونی زۆر پێویست وگرینگە.

بۆ گەیشتن بە مافی یەکسان وبەرابەر لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی دانیشتووی ئێران بە هەر جۆرە زمان وفەرهەنگ وئاین و مەزهەبەوە وبۆ ئەوەی کۆمەلگایەکی بە دوور لە توندوتیژی و بێ هەڵاواردن دروست بێ، دەبێ یەکێک لە ئامانجەکانی خەبات بەرەنگار بوونەوە لە دژی سیاسەتی ئاپارتایدی نژادی ومەزهەبی وزمانی بێ کە لە ئێراند بە نیسبەت گەلانی غەیری فارس و غەیری شیعە مەزهەب بەرێوە دەچێ. کەواوبوو پێویستە هەموومان بلێین نا بۆ کۆمەلگایەکی نژادپەرەستانەی تەک نژادی و تەک مەزهەبی وتەک زمانی. بەلێ بۆ کۆمەلگایەکی یەکسان ووادپەوەرانە وفرە ڕەگەزوفرە زمان وفرە کولتور وفرە ئاین.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٧ی دێسامبری ٢٠١٣

## کۆچی یدوایی نیلسۆن ماندێلا: کوژانەوەی مۆمێکی نێودەوڵەتی

د. سەلاح عەزیز

کۆچیی دوایی نیلسۆن ماندێلا لە سەرتاسەری جیهاندا بوە هۆی نیگەرانی و هەژاندنی ناخی زۆربەی مرۆڤەکانی ئاشنایەتیان هەیە بە هەڵوێست و بیروباوەڕەکانی ئەو سەرکردەیە. کە هێمایەک بوو بۆ بونی سەرکردەیەکی دەگمەن کە هەڵگری پەیامی ئاشتی و لێبوردەیی بێت و بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەردەوامیەتی هەبێت، وێڕای کۆچیی دوایی ئەو سەرکردە مەزنە، بەڵام لەپاش خۆیەوە زۆری بۆ جیهان بەجێهێشت تا لەبۆنەکاندا یادبکرێتەوە.



بەشی باشوری ئەفریقیا کە (٨٠٠٠ کم) لە کوردستانەوە دورە و وێڕای ئەوەی هاوشێوەن لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیدا، بەلاَم بەشێوەیەکی گشتی خەباتی نەتەوەیی کورد وگەلەکانی ئەفریقیاگرێدراوی یەکتر نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لە کوردستاندا لە هاوپەیمانیدان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەوروبا کە لایەنگری سیستمی رەگەزپەرستی دەسەلاتداریان دەکرد لە باشوری ئەفریقیا.

لە روویەکی دیکەوە پەرەسەندنی ئاشنایەتیم سەبارەت بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئەفریقیادا لە ساڵی هەشتاکانەوە دەستی پێکرد، ئەوەش لەرێی پەیوەندییەکانم بوو بە هەندێک چالاکوانی ئەفریقیی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەشێوەیەک بزوتنەوەکانی ئەفریقیا چالاکبون و هەوڵی بەدەستهێنانی بەتەنگەوەهاتنی ئەمریکیەکاندا بوون لە رێی پێکهێنانی پەیوەندییەکانەوە لەگەڵ رێکخراوە رەشپێستە ئەمریکییەکانی بانگەشەیان بۆ مافەکانی مرۆڤدەکرد. بۆیە دڵخۆش بوم بە بینینی کرداری ئازادکردنی نیلسۆن ماندیلا لە شوباتی ١٩٩٠ دا ،چونکە بونی ئەو کردارە هێمایەک بوو بۆ سەرکەوتنی هێمای رزگاری بەسەر گەورەترین سستمی رەگەزپەرستی بێ خوێنرشتن.هەروەهائاماژەیەک بوو بۆ گەیشتن بە رێکەوتننامەیەک لە نێوان سستمی رەگەزپەرستی بە سەرکردایەتی دی کلارک و رێکخراوی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی **ANC** کە لە باشوری ئەفریقیا نوێنەرایەتی زوربەیگەلیان دەکرد. وەگرنگترین ئەوەی لەو رێکەوتننامەیەدا هاتبوو بریتی بوو لە مافی دەنگدان بۆ دانیشتوانی رەشپێستەکانکە نیلسۆن ماندیلایان هەڵبژارد وەک یەکەم سەرۆکی رەشپێست بۆ کۆماری باشووری ئەفریقیا لە ساڵی١٩٩٤ .

ماوەی فەرمانڕەوایەتی ئەو سەرکردەیە پڕاوپڕبوە لە هەڵوێستی بیروباوەڕی کە بۆتە جێی سەرنجی زۆرێک لە خەڵکی، لەوانە رەتکردنەوەی خەڵاتی گەورەی تورکیا بوو ساڵی ١٩٩٢ کە تایبەت بوو بە " خەڵاتی ئەتاتۆرک بۆ ئاشتی" بەهۆی دەرئەنجامی خراپ مامەڵەکردنی تورکیاوەلە بەرامبەر نەتەوەی کورد. کە بەهۆیەوە فەرمانڕەوا و پارتە سیاسی و راگەیاندنەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر نیلسۆن ماندیلای سەرۆک لە

روانگەی ئەو هەڵوێستەوەی. بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا نیلسۆن پاشگەز نەبۆوە لەو هەڵوێستەی خۆی تەنها لە ساڵی ٢٠١٠ دا نەبێت کاتێک هەڵوێستە چاکسازییەکانی فەرمانڕەوای تورکیای بەدیکرد لە بەرامبەر کورددا وە بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ناوزەند کرد بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیا وەک چارەسەرێکی ئاشتی .

بەشداربونم لە کۆنگرەی " بزوتنەوەی دیموکراسی نێودەوڵەتی" ساڵی٢٠٠٤ لە خوارووی ئەفریقیالە ژێر دروشمی" بونیادنانی دیموکراسی بۆ ئاشتی و گەشەکردن و مافی مرۆڤ" هاوکات بوو لەگەڵ بڕیارەکەی نیلسۆن ماندیلا سەبارەت دەستهەڵگرتن لە ژیانی گشتی پاش پێنج ساڵ لە رەتکردنەوەی پالاَوتنی بۆ جاری دوەم بۆ سەرۆکایەتی باشوری ئەفریقیا لە ساڵی ١٩٩٩ دا.


ئەو بەشداربونەم دەرفەتێکی گەورە بوو بۆبەیەکگەیشتنم بە سەرکردەی **ANC** و بزوتنەوە ئەفریقییە رزگاریخوازەکان و قسەکردن لەسەر ئازار و مەینەتییەکانی میللەتان دەرئەنجامی چەوساندنەوەی رەگەزپەرستی و نەتەوەیی .....هتد. هەروەها دەرفەتێک بوو بۆ بەیەکگەیشتن بە کەسایەتی ئەکادیمی و پەروەردکارانی کاردەکەن لەسەر گۆڕانکاری پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ هاوڕێژەیی لەگەڵ واقعی نوێی باشوری ئەفریقیا. کە ئاکامی گفتوگۆکان گەیشتمە دوو دەرئەنجامی گرنگ. یەکەمیان مامەڵەنەکردن لەگەڵ کەلەپوری فکری و پەروەردەیی سستمی رەگەزپەرستی بەو ئەقڵیەتەی کە هەڵەن و **ANC** راستە . دووەمیانسەنتەرگرتن لەسەر دوارۆژ و بونیادنانی بەشێوەیەکی راست لەبری رابردوو و دژوارەکانی.

نیلسۆن ماندیلا وێڕای هەڵوێستەکانی دوو کتێبی بەجێهێشت بەناوی " گریق الگویل الی الحریە" و " الحدیپ مع النفس" وێڕای ئەزمونی خەبات دژ بە رەگەزپەرستی و بیروباوەڕی ئاکاری و مامەڵەکردنی دوژمن وەک هاوەڵێک لە بونیادی نیشتمانیدا و داکۆکیکردن لەسەر بیروباوەڕی ئازادی و دادپەروەری بە کەرامەت و خۆلەبیرکردن. بۆیە ژیانی نیلسۆن ماندیلا بە خوێندنگەیەک ناوزەند دەکرێت وپێویستە سەرکردەی بزوتنەوەکانی نیشتمانی و رامیاریلێوەی فێر بن.

بە کۆچیی دوایی نیلسۆن ماندیلا لە رۆژی ٥ / ١٢ / ٢٠١٣ مۆمێکی درەوشاوەی سەر زەوی کوژایەوە، پاش ئەوەی لەگشت ناوچەکانی جیهاندا مۆمی درەوشاوەی لە ماڵی ملیۆنەهاخەڵک داگیرساند. بۆیە دەکرێت بوترێت یەکێک لە دەسەلاَتدار و فەرمانڕەواکانی جیهان کۆچیی دوایی کرد و پاش ئەوەی تا تەمەنی ٩٥ ساڵیوەک خەباتگێڕێکی راستی و ئاشتی ژیانی گوزەراند .

سەرۆکی زانکۆی کۆمار

سەرچاوە : ماڵپەڕی هاوڵاتی / ڕێکەوتی : ٧ی دێسامبری ٢٠١٣



# نیلسۆن ماندێلا لەپێناو ئازادییدا کۆتایی بەگەشتە دوورەکەی هێنا

**سمکۆ ساحیبقڕان**

که پێم هاویشتە سەکۆی زیندان ، بەرنامەم ڕزگارکردنی ستەمکار و ستەملێکراو بووە ، لە ڕێگای دووری ئازادییدا ڕۆیشتم و کۆششم زۆرکرد .هەڵە نەکەم و نەکەوم و هەنگاوەکانم نەشێوێت، ئەوەشم بۆ دەرکەوت مرۆڤی ئازاد کە بەسەر چیایەکدا سەردەکەوێت با بڵندیش بێت ، چیای تری لەو بڵندتری لە پێشێوەی دەبێت بۆ سەرکەوتن ، ئێستا من پشوو دەدەم ، پشودانی شەرکەرێک ، پشودانێکی کورتە، چونکە ئازادی پاشکۆی زۆرە ، ناکرێ چاوەڕوان بم ، چونکە ڕێگەکەم دوورە و هێشتا تەواو نەبووە "ماندێلا"



**نیسڵسۆن ماندێلا :**

ئیتر خەمی گەڕانەوەت نەبێت بە ئاسودەیی پشوو بدە چونکە تۆی ئازاد لەپێناوی ئازادیی دوژمنەکەشدا هەر لەخەباتکردندا بووی ، جوانترین شۆشگێڕ ئەوە یە دوژمنەکەشی ئیرەیی پێ ببات ، گەرچی تۆ بۆ شەیدای ئازادی میللەتەکەت خەباتت کرد ، کەچی بەدوای ئازادیدا بۆ ئێمە وێڵیش بوویت، ئێمەیەک کە هەموو ڕۆژێک لەپێناوی ئازادیدا ئەتک دەکرێین ، ئازادییەکمان دەوێت و خەونی ئێمەیە، باوکێکی وەک تۆ سەرسپی و ئازاد ببێتە خاوەنمان و مرۆڤەیەتی شانازیمان پێوە بکات، بێن ناشرینێکان و دزێوێکانیان لەگەڵ باوکە جوانەکەی ئێمەشدا بشارنەوە .

کاتێک "کلینتۆن" سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا دێت و بە تامەزرۆیەوە دەیەوێت سەر لەو زیندانە بدات کە تۆ تێدا زیندان بوویت ، ئەوە ئیتر گەواهی ئەوە دەدەن پێمان دەڵێن، کە تۆ چ پێغەمبەرێک بوویت و چۆن توانیت "ئەمکا" * ئاسا بچیت بەچاوی هەموو هەڵگرانی بیروباوەڕێ " ئەپارتایدا " و ببیتە سەرکردەی سپیە داگیر کەرەکان و ئەوانیش بەتامەزرۆیەوە بێنە دیدارت و وێنەت لەگەڵدا بگرن و تۆش تەنها بەزەردەخەنە مانادارەکەتەوە باسی



مێژووی تاوانەکانیان بکەیت ، عیسا ئاسا لێیان ببووری و فێریان بکەیت و پێیان بڵێیت ستەمکار بەقەدەر ستەم لێکراو بگرە زیاتریش پێویستی بەئازاد بوونە . تۆ لەم وێنەیەدا پێمان دەڵێیت لەپشت شیشبەندی توند ڕەوی و ستەمەوە ئاسۆیەک هەیە بۆ ئازادیی . تۆ خۆت دەڵێیت ئێمە تەنها سەر بەست بووین ، دەڵێی مافی خۆمانە جارێکی تر زوڵمان لێنەکرێت ، بۆیە ئەو دەم لە ووتارێکدا ووتت' ئێمەدوا هەنگاومان نەهاویشتوە دەبێ بیهاوین و بەردەوام بین" .

ئەمڕۆ سەرۆکی ئەفەریقای باشور لەخۆیەوە نائێت " وولاتەکەمان کورە گەورەکەی لەدەست دا و گەلەکەشمان باوکێکی پڕلە کەسایەتی و فیگورێکی مەزنی لە دەستچوو".

ماندێلا : ئێمە وەک گەلی کورد هەڵوێستەیەکی جوامێری تۆمان بۆ هەرگیز لەیاد ناچێت ، کاتێک دەوڵەتی تورک ویستیان مەدالیای " ئەتاتورک " بە بەرۆکتا هەڵواسن تۆ قبوڵت نەکرد ، کاتێک ڕۆژنامەنووسێک پرسیاری لێ کردی داخۆ بۆ ئەو مەدالیایە وەرناگری ؟ لەوەوڵامدا ووتت " گەر دەتەوێت بزانێ بۆ مەدالیای ئەتەتورک بۆ بە بەرۆکما هەڵناواسم ، برۆ بۆ تورکیاو ، ماوەیەک ببە بە کورد و وەک کورد بژی، ئەوسا تێدەگەیت " ئەمە ئەو هەڵوێستە مێژوویەت تۆ بوو کە تۆی وەک پاڵەوان بە ئێمە ناساند و کەوتینە سۆراغی ژیانت و زانیمان باوکێک

میهرەبان دەزانێت گەلێک هەیە وەک گەلی ئەفەریقای باشور بە دەست شێوەیەکی تری ڕاسیستەوە دەچەوسێتەوە و کۆیلە کراوە و خاکەکەی داگیرکراوە و سامانەکەی هەڵدەلوشرێت و دوایش بەسامانەکەی باروتی بەسەردا دەدەن و شۆشگێڕەکانی زیندانی دەکەن و خەڵکەکەشی ڕەشەکوژ دەکەن و باڵندە و گیاندارو گوندو دارو بەردی سوتماک دەکەن ، دەتزانی تورکەکانیش لەمنداڵدانی ئەپارتایدەوە هاتونەتەدەرەوە و داگیر کەرەنی وڵاتەکەی منیش لەهەمان قوتابخانە دەرچوون و دەرچووی هەمان قوتابخانەی تیرۆرو ڕەشەکوژین. لەجێگەیەکدا کە بڕیارتان دا خەباتی چەکدارانە بکەن ئاوات دەگووت " لەڕاستیدا خەباتی ئاشتیانە شەرمەزاری کردووین چونکە بوارێکی بۆ نەڕەخساندوین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو توند و تیژییەی کە ڕژێم دەرهەقمان دەیکات و هیچیشی بۆ گۆڕینی زۆرداران نەکردووە " .

پاشان هەرگیز ئەوەمان بیر ناچێت کە ئەو پارێزەرەی بەرگری لەکەیسی تۆ دەکرد لەزیندانندا بەتامەزرۆیەوە دەیویست ببێتە پارێزەری" ئاپۆ"کەی کورد لە زیندانی ئیمراڵیدا لەلای تورکەکان . من دڵنیام ئەو هەڵوێستەی تۆ پارێزەرەکەشتی والێکرد کەیسی ئاپۆ ی لەخەمدا بێت .

کە مرۆڤ گەشتێک بەناو گەشتە دوور و درێژەکەی ژیانتا دەکات کە پڕێتی لەوانە ی جوان و پڕ مانادارو فێربوون لێتەوە کە تۆ چ خەونێکت هەبووە ، جارێک لەیەکێک لەدادگاکاندا تاوانبارت دەکەن بەوەی کە تۆ شیوعییت . تۆش ئاوا وەڵامیان دەدەیتەوە پێیان بڵێت کە ئەوانەی بەرگی شیوعی بوون دەپۆشن نابنە شیوعی و ئەوانە شیوعییەت ئەتک دەکەن بۆیە شیوعێت دوای ئەو هەموو ساڵە لەجێگەی خۆی پایدۆس دەکات . پێت ووتن : من هەرگیز شیوعی نەبووم و بەردەوام خۆم بە نیشتمانپەروەرێکی ئەفەریقی زانیوە ، ئینکاری ئەوەش ناکەم حەز بەخوڵقاندنی کۆمەڵگایەکی بێجیاوازیی دەکەم و مەیلی مارکسیەتم هەیە .

گەورەیی ماندێلا لەوەدا بوو کە هەرچی کردوە سوپاس گوزاری هاوڕێکانی بوە و لای وابوەو بێ هاوڕێکانی ئەو نەیتوانیوە هیچ شتێک بکات ، هەرچیەکی کردووە لێی پەشیمان نەبۆتەوە و بڕوای بەئاکام و ئەنجامەکەی بووە ، بۆیە لەجێگەیەکدا باسی ووتەیەکی شکسپیر دەکات و دەڵێت " وەرگرتنی ئاکامی مردن بەخۆشی، تامی مردنەکە وەک تامی ژیان خۆش دەکات" .



کاتێک بۆ خولێکی سەربازی گەشتێک دەکات بەر لەگرتنەکەی ، ئەوەی زۆر جودایە کاتێک کۆمەڵێک ڕاهێنان دەکات و هەست دەکات بۆتە سەربەزێکی ڕاهاتوو لەو یادا ماندێڵا دەڵێت : "وەک سەربازێک ڕاهاتبووم ،هەستدەکەم وەک سەربازێکیش بیردەکەمەوە" دەڵێت سەرباز بیرکردنەوەی جیاوازە لەگەڵ کەسێکی سیاسیدا ، لەگەشتەکەیدا جگە لەوەی خەونی ئەوەی هەیە ببێتە سەرکردەیەکی پارتیزان و خۆی ووتەنی لەماوەیەکی کەمدا هەرچی کتێبی گیڤاراو کاسترۆ هەیە و هەرچی لەسەر شەڕی چەکداری هەیە و ئەو کاتە دەستی کەوتوە خوێندوویەتەوە ، جگە لەوە مرۆڤ دەبات بۆ ناو سیحری گەشتێک بەئەفەریقادا کە مێژوویەکی پڕ لە ڕووداو شارستانییەت خۆی لەهەناودا هەڵگرتوە و شاردۆتەوە و پێست ڕەشەکان خاوەنی ئەو مێژووەن لەوێدا ، ئەوە ماندێلایە پێمان دەڵێ کە ئەم کیشوەر ئەم بەشە لەجیهان تەنها خاوەنی زەرافەی ملدرێژوو ئاژەڵی کێوی نییە بەڵکو ئێرەش خاوەنی شارستانێتە و بەشێکە دانەبڕاو لەمێژووی مرۆڤایەتی و گۆی زەمین

دوایی ئەوەی لەزینداندا هاتەدەرەوە لەدوای ٢٧ ساڵ پاشان نۆبلی ئاشتیان دایە و لەگەشتێکیشدا سەفەری وڵاتی سوئیدی کرد ،چونکە وەفا ئەو پیاوەی هێندەی تر جوان کرد ، کاتێک " پاڵمێ " ڕاستەو خۆ لەکاتی شۆڕشدا پشتگیری کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفەریقای کرد دژی سیاسەتی ئەپارتاید ، ماندێلا هەڵوێستی " پاڵمێی"ی لەیاد نەکرد و لەگەشتەکەی بۆ وڵاتی سوئید چووە سەر گۆڕی ئەو پیاوە مەزنەی سوئید لەگەڵ خانمەکەی پاڵمێدا .

ماوەتەوە بڵێم کە بێمەڵامەت نەبوو کاتێک وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا "کۆندەلیزا ڕایز" ووتی من شەرم دەکەم کاتێک کەسێکی وەک ماندێلا ناتوانێت بێت بۆووڵاتەکەم . شایەنی باسە ماندێلا تا ساڵی ٢٠٠٨ ناوی لە لیستی تیرۆری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو

پێش ئەو مێژووە ماندێلا و ئەندامانی تری سەرکردایەتی حیزبی کۆنگرەی ئەفریقی نەیاندەتوانی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەن بەبێ مۆڵەتی تایبەتی وەزیری دەرەوە و ئەو حزبە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەلایەن حکومەتی ئاپارتایدی باشووری ئەفریقا ناودەبرا.

لە ساڵی ٢٠٠٨ دا کۆنداليزا رايس وەزيری دەرەوەی ئەوکاتی ويلايەتە يەکگرتووەکانی ئەمريکا نارەزايی خۆی لەو بڕیارەی حکومەتی وڵاتەکەی دەربڕی و رايگەياند کە بڕيارەکە مايەی شەرمەزارييەکی گەورەيە و دواتر بە ياسايەک کە لەلايەن "هاوەرد بيرمان" سەرۆکی ليژنەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمريکاوە دانرا، ناوی ماندێلا و حزبەکەی لە ليستی تيرۆر لابرا.

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا رۆناڵد ریگن سەرۆکی ئەو کاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناوی حزبی کۆنگرەی ئەفریقی خستەناو لیستی تیرۆرەوە. بەڵام ماندێلا هەر نەچووە ئەمەریکا تەنها بەزەردە خەنەکەی قسەکەی کۆندەلیزاڕایزو گۆڕین و لابردنی ناوەکەی لەلیستی تیرۆر وەڵام دایەوە ، وەک بڵێت من چۆن دێمە ووڵاتێک کە هۆکاری ئەو هەموو تاوانەیە لە سەر ئەم ئەستێرەیە.

ساڵی پار کۆمەڵێک چەند بەرپرسی یەکێتی چوون بۆ خوارووی ئەفەریقا بۆ کۆنگرەی سۆسیال دیمکراتەکان ، ئەوان لەهەوڵی ئەوەدابوون ماندێلاببینن ، بەڵام گوایە ئەو تەندروستی خراپ بوو لەو کاتەداو نەیوویست ئەم کەسانە ببینێت ، بۆیە ئەوانیش چون بۆ ئەو زیندانە مێژوویەی کە ماندێلا تێیدا زیندان بووە و وێنەیان گرتبوو ، دوای لەمێدیاکاندا بڵاویان کردەوە ،. منیش شانۆگەریەکی ستیگ داگەرمانم بیرکەوتەوە "تارمایی مەرگ " لەوێدا ڕستەیەکی جوانی تێدایە کە دەڵێ " زۆرجاران کەسە ترسنۆکەکان دەتوانن پاڵ بدەن بەکێلی خەڵکی قارەمانەوە" ئەوەی چوو لە ژووری زیندانێکەی ماندێلادا وێنەی گرت نابێتە ماندێلا ، بەڵکو تەنها وێنەیەکە کەسەکان خۆیان لەپاڵیا دەشارنەوە.

لەدوایدا ئەوە دەڵێم کوردستانپۆست هەڵە نەبوو مەدالیایی یەکەم ساڵی شەهید سەردەشتی بەخشیە ماندێلا لەگەڵ نامەیەک کە باسی لەدەسەڵاتدارانی ئێستای کوردی لەباشوری کوردستان لەخۆیی گرتبوو .

ووتارەکەم بە ووتەیەکی ماندێلا کۆتایی پێدێنین کە دەیووت :"من مەسیح نیم من مرۆڤێکی ئاساییم و بەهاتنی چەندین بارو کەشی نائاسایی بوومە ڕابەرێک "

سڵاو لەو گەشتە دوور و درێژەی ماندێلا بۆ ئازادیی .

ئەمکا * ووشەیەکی ئەفەریقی یە بەمانایی سەرە ڕم دێت و ڕێخراوی کۆنگرەیی نەتەوەی ئەفەریقا بەشی چەکداریان ئەو ووشەیەیان بۆ دانابوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان پۆست / ڕێکەوتی : ٦ی دێسامبری ٢٠١٣

## نیلسۆن ماندێلا، ڕێبەری گەورەی ئەفریقای باشوور و یەکێک لە گەورە شۆڕشگێڕەکانی جیهان کۆچی دوایی کرد



نیلسۆن ماندێلا، ڕێبەری بزاڤی ئازادیخوازی و شۆڕشی دژ بە ڕەگەزپەرستی لە ئەفریقای باشوور، بە هۆی نەخۆشی هەناسەوە لە تەمەنی ٩٥ ساڵی دا و لە ماڵەکەی خۆی ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ماندێلا ڕۆژی هەشتی ژوئییەی ١٩١٨ی زایینی، لە ترانسکی ئەفیقای باشوور چاوی بە دنیا هەڵهێنا. هنری ماندێلای باوکی، یەکێک لە سەرۆک خێڵەکانی خێڵی تمبو بوو. نیلسۆن خوێندی باڵای لە بواری یاسا دا لە زانکۆکانی " فورت هیر وویت واترسند" تەواو کرد. ساڵی ١٩٤٤ چووە ڕیزی کۆنگرەی میللی ئەفریقای باشوور و ساڵی ١٩٤٨ بە فەرمی چووە بزاڤی سیاسی و ڕیزی خەباتکارانی دژ بە ڕەگەزپەرستی ئەفریقای باشوور. ناوبراو ساڵەکانی ١٩٥٦ و ١٩٦١ بە تۆمەتی خیانەت بە وڵات، لە لایەن دادگاکانی دەسەڵاتدارە سپی پێستەکانەوە مەحکەمە کرا، بەڵام لە ئەنجامدا بێ بێتاوان ناسرا. پاش قەدەغە کردنی چالاکی سیاسی کۆنگرەی میللی ئەفریقا لە ساڵی ١٩٦٠ دا، نیلسۆن ماندێلا یەکێک لەو کەسانە بوو کە خوازیاری دامەزراندنی باڵێکی نهێنی و چەکداری بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەو وڵاتە بوو، هەر بۆیە سەرۆکایەتی کۆنگرەی میللی ئەفریقا لە کۆبوونەوەیەکی خۆی دا کە لە مانگی ژوئەنی ١٩٦١ گرێدا، داوای لە ئەندامەکانی خۆی کرد کە ئەوانەی خوازیاری خەباتی نهێنی و چەکدارین پەیوەندی بە نیلسۆنەوە بکەن و هاوکات هیچ چەشنە دژایەتییەکی ناوبراوی بۆ دامەزراندنی ئەو باڵە نهێنییە چەکدارییەی نەکرد.

ئەو پێشنیارەی ماندێلا بووە هۆی دامەزراندنی باڵی چەکداری کۆنگرەی میللی ئەفریقا، بەلام ساڵێک دواتر ناوبراو لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە گیرا و پێنج ساڵ سزای زیندانی و کاری زۆرە ملی بە سەر دا سەپێندرا. سالی ١٩٦٣ و پاش گیرانی بەشێکی زۆری ڕێبەرانی کۆنگرەی میللی و باڵی سەربازی کۆنگرە، ماندێلاش بۆ جارێکی دیکە، بە تاوانی خیانەت بە وڵات و هەوڵ دان بۆ ڕوخاندنی حکومەتی ئاپارتاید سزا درایەوە.

ساڵێک دواتر ماندێلا و حەوت کەسی دیکە لە هاوبیرانی، سزای زیندانی هەتا هەتایی،یان بە سەر دا سەپێندرا و لە ساڵی ١٩٦٤ەوە تا ساڵی ١٩٨٢ی زایینی لە دوورگەی ڕوبن، لە نزیک شاری کیپ تاون، زیندانی کران و پاشان بۆ بەندیخانەی پۆلزمور گوازرانەوە. گرتن و بەند کردنی نیلسۆن ماندێلا لە لایەن حکومەتی ڕەگەز پەرستی ئەفریقاوە، بووە هۆی زیاتر قاییم بوونی جێگە و پێگەی ناوبراو لە ئاستی جیهاندا. ٢٧ ساڵ زیندان و ئەشکەنجە و ئازار نەبووە هۆی لاوازی بیروباوەڕی ناوبراو و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قاییمتر و خۆڕاگرتر، بۆ گەشتن بە مەبەستەکانی، لە بەرامبەر دوژمنانی دا خەباتی کرد.

سەرئەنجام خۆڕاگری و تێکۆشانی ماندێلا ڕژیمی سەرکوتگەر و دیکتاتۆری سپی پێستەکانی بە چۆک دا هێنا و ساڵی ١٩٩٠ی زایینی پاش ئازاد بوونی لە زیندان، شێوەی خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانەی گرتە بەر و لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی دا و لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆنگرەی میللی دا کە پاش چوار دەیە بەسترا، نیلسۆن ماندێلا وەک ڕێبەری ئەو کۆنگرەیە و هاوڕێیەکی دێرینی بەناوی ئۆلیور تامبو، وەک سەرۆکی تەشکیلاتی ئەو حیزبە دیاری کران. پاشان لەگەڵ دەسەلاتدارانی ولات دا کەوتە وتووێژ و پێشنیاری حکومەتێکی هاوبەش، پێک هاتوو لە هەموو دانیشتوانی وڵاتی کرد، هەر بۆیە ساڵی ١٩٩٣ و لە پرۆسەیەکی هێمنانە دا، دەسەلاتی وڵات لە حکومەتی ئاپارتایدەوە ڕادەستی نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە ڕەش پێستەکان کە نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵکی وڵاتیان دەکرد کرا.

ئەو هەنگاوەی ماندێلا و ئێف دەبلیو دکلرک،ی دوایین سەرۆک کۆماری سپی پێستی ئەفریقای باشوور، بووە مایەی خۆشحاڵی خەڵکی جیهان و هاوکات خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ساڵی ١٩٩٣ بەو دوو ڕێبەرە ئاشتی خوازەی ئەو ولاتە بەخشرا.

بۆ ڕێزگرتن لە هەڵویستی ئاشتخوازانە و ئەو شێوە خەباتەی و خۆڕاگری لە بەندیخانەکانی حکومەتی ڕەگەزپەرستی وڵاتەکەیدا، ماندێلا جگە لە خەڵاتی ئاشتی نۆبێل، دەیان خەڵاتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پێبەخشرا کە دەکرێ لە ناویاندا ئاماژە بە خەڵاتی وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، هیند، تورکیە، ئەمریکا و کانادا بکرێ و هاوکات مافی هاووڵاتی فەخری بریتانیای پێشکەش کرا. ناوبرا لە لایەن ڕژیمی ئیسلامی ئێرانیشەوە و لە سەردەمی دەسەلاتدارییەتی محەممەدی خاتمی،یەوە خەڵاتێکی ئاراستە کرا، بەڵام لە هەڵوێستێکی زۆر مرۆڤدۆستانە دا و بۆ هاودەنگی و پشتگیری ڕۆژنامە نووسان و هونەرمەندانی ئێران و بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژ بە دەسەلاتی دیکتاتۆری ڕژیمی تاران، ئەو خەڵاتەی ڕەت کردەوە و لە چوون بۆ تاران خۆی پاراست.

ماندێلا نموونەی ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ، خۆڕاگر و ئاشتی خوازی جیهانی بوو، کە سەرەڕای دەیان ساڵ زیندان و ئەشکەنجە و ئازاری خۆی و گرتن و کوشتن و بێحورمەتی بە گەلەکەی، بەلام بە گرتنە پێشی ڕێگەی ئاشتیخوازانە و دوور لە شەڕ و کوشتار، توانی دەسەڵاتی ڕەش و دیکتاتۆری ئاپارتایدی ئەفریقای باشوور بە چۆک دا بێنێ و ماف وئازادییەکانی گەلەکەی دەستەبەر بکات.

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ٥ی دێسامبری ٢٠١٣

## نیلسون ماندێلا کێ بوو، چۆن ژیا؟

ئاریتما موحەممەدی

بەشێک لە مرۆڤە مەزنو کاریگەرەکان قۆناغ و دۆخی تایبەت هەڵیان دەخەن و پێناسەی بەشێکی دیکەش ڕۆڵ و هەوڵ و تێکۆشانی خۆیانە کە لە پێناو ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، هەوڵدان و خەبات کردن بۆ ڕزگاری نەتەوە بندەستەکانیان دەستیان پێکردووە.




ئەو مرۆڤە مەزنانە هەمیشە لە پێناو دابین کردنی کەسایەتییەکی سەربەست و ئازاد بۆ گەلان خەبات دەکەن، بۆ بەدەست هێنانی کەرامەت و گەورەیی مرۆڤ بوون لە هیچ ڕەشە باو کلورەیەکی بەفرو باران سڵ ناکەن، هەر لەکاتی دەسپێکردن و هەنگاونان بەرەو پێشەوە ئاسۆی ڕوونی ئازادی و سەربەستی و دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ و بەختیاری کۆمەڵ و سەرکەتن دەبینن و لەو پێناوەدا بەورەن و ئازاو لەسەرخۆن، پشوو درێژو ماندوو نەناسن، لەهەر قۆناغێکدا خەباتی ئەو قۆناغە دەکەن و بە پێی دۆخ و هەلومەرجی ئەو قۆناغە چاوەڕێی دەستکەوت دەبن و بەدەستی دەهێنن، لە قۆناغە دژوارو پڕ لە هەورازونشیوەکانەوە دەستپێ دەکەن و لە ئەو پەڕی هێمنی و ئارامیدا دەستکەوتی مەزن دەستبەر دەکەن و ڕێگای دژوار بەرەو سەربەستی و ئاسۆی ڕوون دەپێون و پێش دەکەون و بەرەو پێش دەچن تاکوو ئامانجی یەکەم قۆناغ و یەکەم دەسپێک و یەکەم هەنگاو بەدەست دێنن، ئەو کات گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکەن، چونکوو خۆیان بەبەرهەمی قۆناغ و دۆخ و هەلومەرجێکی دژوار ناو دەبەن و پێناسە دەکەن، هاوکات خەباتیان بەبەرهەمی ئەو قۆناغە قەیراناوییانە دەزانن کە تێدا ژیاون و لە پێناویدا تێکۆشاون و ڕێکیخستوون، بۆیە قەد خۆیان هەڵناواسن بەشۆڕە داری دەسەڵات و سەرمایە، کاتێک ئامانجیان دەستبەر بوو ئیتر لە دەسەڵات و سەرمایەو سیاسەت دوور دەکەونەوەو گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکەن بۆ نەوەی نوێ، بۆ هزرو بیرو پێنووسی نوێ.

دوێنێ پەنجشەمە سەرلە ئێوارە نیلسون ماندێلا یەکەمین سەرۆک کۆماری دیموکراتی ئەفریقای باشوور بەهۆی نەخۆشیی و پیرییەوە کۆچی دوایی کرد. نیلسون ماندێلا لە ڕۆژی ١٨ای ژووئێنی ساڵی ١٩١٨ای زایینی لە بنەماڵەی تەمبۆ لە گوندی موزۆ لە ناوچەی مەتاتا سەربە ویلایەتی

*کیپ لە ئەفریقای باشوور لە دایک بووە، ئەمڕۆ ٥ی دیسامبری ٢٠١٣ی زایینی بەرابەر بە ١٤ای سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی لە ئەفریقای باشوور لە تەمەنی ٩٥ ساڵی بەهۆی نەخۆشی و زۆری تەمەن کۆچی دوایی کرد. نیلسون ماندێلا یەکەمین سەرۆک کۆماری ئەفریقا بوو کە بەشێوەی دیموکراتی و لە ڕێگای دەنگی خەڵکەوە بەدەسەڵات گەییشت.*

*ناوبراو سەرۆکی کونگرەی نەتەوەیی ئەفریقا بوو، هاوکات یەکێ لەو کەسانە بوو کە لەدژی فاشیزم و جیاوازی دانان لەنێوان نیژادەکان و نەتەوەکان خەباتی دەکرد. نیلسون ماندێلا لەبەر هۆی ئەوە کە کاتی خۆی لە خەباتی چەکداری و چریکیدا لە دژی فاشیزم و "ئاپارتایید" بەشداری کردبوو، ماوەی ٢٧ ساڵ تەمەنی لە بەندیخانە تێپەڕ کرد.*

*ماندیلا یەکێ لەو کەسانە بوو کە هەموو ژیانی تەرخان کرد بۆ ئازادی و یەکسانی و مافی بەرابەر بۆ هەموو نەتەوەکانی ئەفریقای باشوور. لەو کاتەدا کە خەباتی بۆ گەلانی ئەفریقا دەکرد، لەلایەن دژبەرەکانیەوە بەکۆمونیست و تیروریست دەناسێنرا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو تەنیا بۆ ئازادی و مافی یەکسان بۆ هەموو گەلانی ئەفریقا خەباتی دەکرد.*

*نیلسون ماندیلا لەپاش ئازاد بوونی لە بەندیخانە پەرەی بەخەباتی ئاشتیخوازانە دا، ئەوە بووە هۆی ئەوە کە ئەفریقای باشوور ڕووبە دیموکراسی پێش بچێت و گەشە بکات، کە لە ئاکامدا بووە هۆی ئەوە کە دیموکراسی لەو وڵاتە جێگیر بکرێت و کۆتایی بەفاشیزم و "ئاپارتایید" جیاوازی نێوان نەتەوەکان بێت. ئەوەش بەیەکێ لە کارە هەرە مەزنەکانی ناوبراو پێناسە دەکرێت.*

*نیلسون ماندێلا لەماوەی ژیانیدا دەیان قۆناغی پڕ لە هەورازونشیوی تێپەڕاند، بەڵام تاکوو گەییشتن بەئامانجە مرۆڤایەتییەکانی دەستی لە خەبات و تێکۆشان هەڵنەگرت، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە ناوبراو لە جیهاندا ناوبانگ دەربکات و بناسرێت و ڕێزێکی زۆری لێ بگیردرێت و دەیان خەڵاتی ئاشتی لەپێناو هەوڵەکانی بەدەست بهێنیت.*

*ماندێلا لەبەر فاشیست بوونی ڕژیمی توورکییەو هەروەها سەرکوت کردنی گەلی کورد لەلایەن ئەو وڵاتەوە خەڵاتی ئاتاتوورکی وەرنەگرت و وتی کە تاکوو مافی نەتەوەی کورد لەو وڵاتە دەستبەر نەکرێت سەردانی توورکییە ناکات و ئەو خەڵاتە هیچ گرینگی و بایەخێکی نییە لە کاتێکدا کە نەتەوەیەک لەو وڵاتە دەچەوسێنرێتەوەو مافەکانی نکۆڵی لێدەکرێت و کولتوورەکەی ئاسیمیلە دەکرێت.*

*نیلسون ماندێلا لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک کە لە ڕۆژی ٢٧ی ئاوریلی ساڵی ١٩٩٤ای زایینی بەڕێوەچوو بووبە سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوورو تاکوو ساڵی ١٩٩٩ای زایینی سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئەو وڵاتە بوو، ناوبراو یەکەمین جار لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا بەشداری هەڵبژاردنی کردووەو دەنگی داوە.*

*ماندێلا هەردەم لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ ئەوە کە ئاشتی نەتەوەیی لە وڵاتەکەی دابین بکات، ئەو بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لە بوارەکانی وەرزش و سیاسەت، نیژادە ڕەش و سپییەکانی ئەفریقای باشووری پێکەوە ئاشت کردەوەو یەکێتی نێوانیانی گرێ داو ئاشتی نەتەوەیی ڕاگەیاندو ئابووری ئەو وڵاتەی بووژاندەوەو لەچارەسەر کردن و دابەزاندنی تووش بوون بە HIV نەخۆشی لاواز کردنی بەرگری لەش لەو وڵاتە هەنگاوی گرینگی هەڵنا.*

*نیلسون ماندێلا سێ جار ژیانی هاوسەرێتی پێک هێناوەو دوو لە هاوسەرەکانی لەبەر هۆی سیاسیی و شۆڕشگێڕی ناوبراوو هاوکات مانەوە لە بەندیخانە لێی جیابوونەتەوەو لە ژنی یەکەمی دوو کوڕو دوو کچی هەیە کە یەکێ لەوانە هەر لە ساواییدا گیانی لەدەست داوەو مردووە، ماندێلا جارێکی دیکە لە تەمەنی ٨٠ساڵیدا ژیانی هاوسەرێتی پێک هێناوەتەوە. ماندێلا تاکوو کۆتایی ساڵی یەکەمی زانکۆ لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان درێژەی بەخوێندن داوە، دواتر بەهۆی بەشداری کردن لە ناڕەزایەتییەک کە خوێندکاران لە پێوەندی بەسیاسەتە هەڵەکانی بەرپرسانی ئەو زانکۆیە بەڕێوە بردیان بۆ هەمیشە لە خوێندن دوور خرایەوە. بەڵام پاش ئەوە کە لەو زانکۆیە دوور خرایەوە، وازی لە خوێندن نەهێناو لە زانکۆیەکی دیکە بەناوی ویتواترسەرەند بەشی یاساو مافی تەواو کرد.*

ماندێلا لە ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا دەستی لە کارو باری سیاسیی کێشایەوەو بڕیاریدا کە پتر کات بۆ ژیان لە گەڵ بنەماڵەکەی دابنێت. هەر لەو کاتەدا کە دەستی لە کاری سیاسیی کێشایەوە پتر بایخ و گرینگی بەپرسە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکەی داو لەدەیان کۆنفرانسی گرینگی جهیانی لەپێوەندی بەبنبڕ کردنی HIV نەخۆشی لاواز کردنی بەرگری لەش بەشداری کردو هاوکات گرینگی و بایخی بەئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە هەموو جیهان دەدا.




ماندێلا وەک خۆی دەڵێت، مرۆڤ زۆر گەورەو مەزنە، چونکوو ئەو یەکەمین ناسناوی نەشیاوی پێوە بەستراو تۆمەتی تیرورست و کۆمونیست بوونی وەپاڵ درا، بەڵام لە دوای دەیان ساڵ توانی ئەو ناسناوە نەک هەر بشواتەوە بەڵکوو لەجێی ئەوەدا ناسناوی باڵوێزی ئاشتی و تێکۆشەری مافەکانی مرۆڤ بۆ خۆی مسۆگەر بکات و ببێتە نمونەیەکی سەرکەوتوو بۆ هەموو گەلان و تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و بایخە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان لە جیهان.

هەنووکە نیلسون ماندێلا بەسیمبولی ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی و هیوا بەرزەکانی مرۆڤ پێناسە دەکرێت. ماندێلا لە ژیانی سیاسییدا کۆمەڵێک خەڵاتی بەدەست هێناوە کە بەشێک لەو خەڵاتانە بریتین لە؛ خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لەساڵی ١٩٩٣ی زایینی، خەڵاتی ئاشتی لنین لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینی، خەڵاتی لێبووردەی نێونەتەوەیی لەژێر ناوی خەڵاتی باڵوێزی ئاشتی و ویژدان لەساڵی ٢٠٠٦ی زایینی و هەروەها چەندین خەڵاتی گرینگی دیکەی بەدەست هێناوە.

ماندێلا بەدەر لەوە کە لە ژیانیدا چریک و پارتیزانێکی مەزن، تێکۆشەرو چالاک و سیاسەتمەدارێکی ئەکتیڤ و کارامە بووە، هاوکات دەیان وتارو بابەتی گرینگ و پڕ بایخی لە پێوەندی بەپرسە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە نووسیوەو یەکێ لە کتێبەکانی لەژێر ناوی ڕێی پڕ هەورازونشێوی ئازادی و هەروەها یەکێکی دیکەی کتێبەکانی بەناوی ژیانی شاراوەی من یان خود نهێنییەکانی ژیانم نووسیوەو بڵاو کردووەتەوە، هەروەها لەلایەن نووسەرە جیاوازەکانەوە لە هەموو جیهان چەندین کتێبی لەبارەوە نووسراوە.

سەرچاوە؛ ڕاپۆرتێکی کاناڵی NRKی نۆروێژ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی ٦ی دێسامبری ٢٠١٣

# میراتەکەی ماندێلا: ٧ پەیام کە بۆ هەتاهەتایە دەمێنێت ...

**وەرگێڕانی: مستەفا چوارتایی**

### ١- هێزی لێبوردەیی:

لەساڵی ١٩٩٠، دوای ٢٧ ساڵ زیندانیی(زیندانی ژمارە ٤٦٦٦٤)، نیڵسن ماندێلا گیانی تۆڵەکردنەوەی نەبوو و، داوای ئاشتەوایی نیشتمانی کرد و گوتی:"مرۆڤ بە ڕقلێبوونەوەی ڕەنگی پێست و ئاینەکانەوە لەدایک نابن، بەڵکوو دوایی فێری ڕق دەبن هەروەک چۆن فێری ئەوە دەبن، دەشتوانن فێری خۆشەویستیی ببن."



### ٢ - باوەڕبوون بە ئاڵوگۆڕی کولتووریی:

پێچەوانەی "ڕۆبەرت مۆگابی لە زیمبابۆی" ماندێلا هەرگیز خواستی چەوساندنەوەی کەمایەتی سپی پێستەکانی نەبوو. لە دەستوورەکەشیدا ئەوەی چەسپاند کە:"باشووری ئەفریقا ملکی هەموانە کەتێیدا دەژین و یەکگرتوون بە جیاوازییەکانیشیانەوە."

### ٣ - تێگەیشتنێکی نوێ بۆ دێمۆکراسیی:

ماندێلا نوێترین دەوڵەتی دێمۆکراسیی بنیاتنا کە وڵاتەکەی ١١ زمانی فەرمیی هەیە؛ لەلایەن حکومەتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیاوە کە زۆرینە ڕەش پێستن، ساڵی ١٩٩٤ پەسندکراوە. بەڵام هەرێمی "کاپی ڕۆژئاوا" کەلە ساڵی ٢٠٠٩ ەوە لەلایەن کەمایەتی سپی هاوپەیمانی دێمۆکراسیی بەڕێوەدەبرێت. لەمێژە لەهەموو ڕەنگ و لایەنەکانی دیکە تێیدا بەشدارن.

### ٤ - ببیت بە پاڵەوان بێ ئەوەی خۆت بە "پیرۆز" دابنێیت:

نیڵسن ماندێلا سێ جار ژنی هێناوە و شەش منداڵی هەیە. ڕێکخراوی "Umkhonto we Sizwe" واتە(ڕمی نەتەوە)ی دامەزراندووە کە باڵی چەکداری کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی بوو؛ کە چالاکی (تیرۆریستی) دژی ڕژێمی جیازوازی ڕەگەزپەرستیی دەکرد. ماندێلا دەڵێت:"من پیرۆز نیم و، پیرۆزیش هەر ئەو هەڵەکەرەیە کە دووبارەی دەکاتەوە."

### ٥ - هەڵسوکەوت لەگەڵ تاوانی هەموو کۆمەڵگەدا:

چۆن فەرمانڕەوایەتی بکەین ئەگەر نیوەی دانیشتوان گوناهباربن؟ ماندێلا لە کۆبوونەوەیەکی "کۆمیتەی ڕاستیی و ئاشتەوایی" ساڵی ١٩٩٦ ئەمەی گوت. لێبوردنی بۆ هەموو تۆمەتبارەکانی سپی پێست دەرکرد و، گوتی:"لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە؛ کە قوربانییەکان بۆ یەکەم جار دەتوانن گوزارشت لە ئازارەکانیان بکەن."

### ٦ - بوونی ڕەشپێستەکان بە سیسەتکار:

ئایا دەکرا بەبێ بوونی خەباتی ئازادیخوازانەی ماندێلا؛ باراک ئۆباما ببێت بە سەرۆک؟ ئەوە ڕێی تێنەدەچوو، باراک ئۆباما ماندێلای بە پێشەنگی خۆی داناوە.

### ٧ - سیحری مادیبا :

خەندەو پێکەنینەکەی، گوێی بیستنی بۆ بەشخوراوەکان، سادەیی و هاوسۆزیی لەگەڵ خەڵک زۆر جار نوخبەی چینەکانی دیکەی بێزار دەکرد، ئەمەش ئەوەیە کە ناویاننابوو(مادیبا ماجیک) واتە سیحری ماندێلا. ماندێلا جارێک گوتی:"خۆ لە مردن لانادرێت. ئەگەر مرۆڤ ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات کە باوەڕی پێی هەیە، ئەوا دەتوانێت بەئارامی ڕاکشێت. " هەروەها گوتی:"هەست ئەکەم ئەرکی خۆمم بەباشی بەجێهێناوە. "

### نهێنی کراسەکەی :

هەرچەند بیر لە نێڵسن ماندێلا بکەینەوە؛ پێکەنینەکەیی و کراسە ڕەنگینەکەیمان دێتە پێش چاو کە دیزاینەری باشووری ئەفریقیا " **Desré Buirski**" ساڵی ١٩٩٤ ئەو کراسەی پێبەخشیی کە وێنەیەکی "ماسی"ی لەسەر نەخشاندبوو.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی "بیلد **Bild** "ی ئەڵمانی ڕۆژی ٠٧. ١٢. ٢٠١٣

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان نێت / ٧ی دێسامبری ٢٠١٣

## نیلسۆن ماندێلا کۆچی دواییکرد

**ڕاپۆرت جیهان - م. ع -**

لەتەمەنی ٩٥ ساڵیداو لەجۆهانسبێرگی پایتەختی ئەفریقای باشور، نیلسۆن ماندێلا یەکەم سەرۆکی ڕەش پێستو و خەباتگێڕی دژ بەرەگەزپەرستی کۆچی دواییکرد. سەرۆکایەتی هەرێمیش بەناوی گەلی کوردستانەوە سەرەخۆشی لەهەمو ئاشتیپارێزو ئازادیخوازانی جیهان دەکات.




سلێمانی، ئاوێنەنیوز: ئەمرۆ هەینی، سەرۆکی ئەفریقای باشور، جاکوب زۆما، لەوتارێکی تەلەفزیۆنیدا هەواڵی کۆچی دوایی نیلسۆن ماندێلا، سەرۆکی پێشوتری وڵاتەکەی ڕاگەیاند.

جاکوب زوما ڕاشیگەیاند کە مەراسیمی بەخاکسپاردنی نیلسۆن ماندێلا ١٥ی

ئەم مانگە لەشاری کونو لەهەرێمی کیپی ڕۆژهەڵات بەئامادەبونی سەرۆکو نوێنەری چەندین وڵاتی جیهان ئەنجامدەدرێت. هاوکات لەمڕۆوە ئاڵای وڵات دادەگرێت تا ئەو کاتەی ڕێورەسمی بەخاکسپاردنەکەی کۆتاییدێت.

دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵی کۆچی دوایی ماندێلا سەرکردە جیهانیەکان هەڵویستی خۆیان رایگەیاند، لەوبارەیەوە باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا خەمباری قوڵی خۆی بەرامبەر کۆچی دوایی یەکێک لەدیارترین خەباتگێڕەکانی دژ بەرەگەزبەرستی پیشانداو وتی، بەکۆچی دوایی ماندێلا جیهان کەسێکی ئازادو کاریگەری لەدەستدا.

لەراگەیەندراوێکیشدا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان غەمباری خۆی بەرامبەر کۆچی دوایی ماندێلا ڕاگەیاند. لەراگەیەندراوەکەدا هاتووە، "بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری ئازادیخواز نێلسۆن ماندێلا زۆر خەمناک بوین (...) بەناوی گەلی کوردستان سەرەخۆشی لەهەمو ئاشتیپارێزو ئازادیخوازانی جیهان دەکەین."

نیلسۆن ماندێلا- لە هەشتی حوزەیرانی ئەمساڵدا تووشی نەخۆشی هەوکردنی سییەکانی بو، دوای مانەوەی بۆماوەی سێ مانگ لەنەخۆشخانە لەمانگی ئەیلولی رابردودا نەخۆشخانەی بریتۆریای بەجێهیشتو گەڕایەوەماڵەکەی.

ماندێلا لەبەرامبەر خەباتکردنی دژ بەرەگەزپەرستی ماوەی ٢٧ساڵ زیندانی کراوەو دوای ئازادکردنیشی لەساڵی ١٩٩٠ لەساڵی١٩٩٤دا بووە یەکەم سەرۆکی رەشپێستی ئەفریقای باشورو لەساڵی ١٩٩٩شدا دەسەڵاتی رادەستی سەرکردە گەنجەکانی وڵاَتەکەی کردەوە، ماندێلا لەساڵی ١٩٩٣دا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرتوە.

## ژیانی کۆمەڵایەتی ماندێلا "یەکەم پارێزەری ڕەش پێست"

رۆلیهلاهلا لەزنجێکدا لەگوندێکی بچوک لەهەرێمی ترانسکای لەکۆماری ئەفەریقای باشور رۆژی ١٨ تەممووزی ساڵی ١٩١٨ لەدایکبووە، باوکی سەرۆک خێڵی تامبۆبووە هەرچەندە خوێندنو نوسینی نەزانیوە، بەڵام پیاوێکی ژیربووە. لەیەککاتدا ئامۆژگاری پاشایانو جوتیارانیشی کردووە، چوار ژنو ١٣ منداڵی هەبووە، ژنی سێیەمی دایکی نیلسۆن بو، رۆلیهلاهلا یەکەم منداڵی بووە سێ خوشکی لەدایکی هەیە. رۆلیهلاهلا لەزمانی خۆسا کە زمانی دایکیانە بەمانای "شەڕانگێز یان لقی دارێک بشکێنە" دێت، ئەو ناوەش زۆر گونجاوبووە لەگەڵ کەسایەتی ئەو، جگە لەوەی منداڵێکی پڕجوڵەو ئازابووە لەتەمەنی پێنج ساڵیدا شوانی کردوەو لەتەمەنی حەوت ساڵیدا یەکەمین کەسی بنەماڵەکەیان بووە کە دەچێتە خوێندنگە.

لەیەکەم رۆژی خوێندنگا مامۆستاکەیان کە ئینگیلیزبووە ناوی نا نیلسۆنو وتی، "نابێت ناوی ئەفەریقی بەکاربهێنن تەنها ناوەکانیان ئینگلیزی نەبو، بەڵکو ئەوەی فێری دەبون لەبارەی ئینگلیزەوە بووە، لەتەمەنی ٩ ساڵیدا باوکی ماڵئاوایی لەژیان دەکات. دواتر نیلسۆن درێژە بەخوێندن دەدات لەزانستگەی فۆرت هەیر کە تایبەت بو بەرەش پێستەکان، بەڵام بەهۆی بەشداریکردنی لەخۆپیشاندانو نارەزاییەتیەکان لەنەبونی مافی بڕیاردانو خراپی خواردنەکانیان لەزانکۆ دەردەکرێت، لەتەمەنی ١٩ ساڵیداو لەساڵی ١٩٣٧ دەچێت بۆ شاری ویل تاوند درێژە بەخوێندن دەداتو لەهەمانکاتدا دەچێتە کارگەیەک بۆ کارکردن. ئەو کە پاڵەوانی هەژاران بو، لەوڵاتدا زۆر هەستی بە چەوسانەوەو زوڵم دەکرد. لەساڵی ١٩٤٢ کۆلێژی یاسا تەواو دەکات دەبێتە یەکەم پارێزەری ڕەش پێستو دژی چەوساندنەوە لەئەفەریقای باشور خەبات دەکات. لەساڵی ١٩٥٢ لەگەڵ ئۆلیڤەر تامبۆی هاوڕێی نوسینگەیەکی پارێزەری لەجوهانسبرگ دادەنێن.

## "دونیایی توشی سەرسامی کرد"

لە ١٩٤٤دا لەگەڵ ئێڤیلێن نتۆکۆ ماسێ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە لەجۆهاننەسبورگ، چوار منداڵی بووە لە ١٩٥٧ لەیەک جیابونەوە، لە ١٩٥٨ لەگەل وینی ژیانی هاوسەری پێکهێناوە لەماوەی ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٦٩ باوکی کۆچی دوایی دەکات لەهەمانکاتدا کورە گەورەکەی بەڕوداوی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستدا، بەڵام بەندینخانە ڕێگربو لەبەشداریکردن لە پرسەکەیان. لەساڵی ١٩٩٢ وینی تەڵاقدا، مندێلا چەندجارێک داوایی هاوسەرگیری پێشکەشی گراچا ماشێل دەکات کە ژنی سەرۆک کۆماری مۆزەمبیقبو مێردەکەی لەڕوداوێکی نهێنیدا کۆچی دواییکردبو کە ژنێەژار و وەزیری پەروەردە بوو دواجار لەیادی لەدایکبونی لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا هاوسەرگیرییان کرد کەگراچا ٢٧ ساڵ گەنجتربو بەو کارەیی دونیایی توشی سەرسامی کرد.

## خەباتی چەکداری

بەهاوکاری چەند گەنجێک لە ١٩٤٤ یەکێتی لاوانیان بۆ کۆنگرەی نیشتمانی ئەفەریقا دامەزراند پاشان دەچێتە ریزی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفەریقای باشورلەتەمەنی ٣٠ ساڵ بوو بەڵام هێشتا مافی دەنگدانی نەبوو وەک هەر ڕەشپێستێکی تر،هەمیشە دەیوت" رەشەکان گەورەترین کۆمەڵەخەڵکی باشوری ئەفەریقان ئەی بۆچی مافیان لە مافی سپی پێستەکان کەمتر بێت ؟ ژیانی ڕەش پێستەکان بەهۆی وەرگرتنی دەسەڵات لە١٩٤٨لەلایەن پارتی ناسیۆنالیست کە کەمینەیەکی سپی پێست سەرکردایەتییان دەکرد لە باشوری ئەفەریقا قورستربوو چونکە لەسەر بنەمای ڕەگەز ڕەفتارییان دەکرد .لە ساڵی ١٩٥٦ بەتاوانی خیانەتی باڵا بۆ ڕوخاندنی دەوڵەت لەگەڵ ١٥٥کەسی تر بەندکرا, لەساڵی ١٩٦٠ (ANC) کۆنگرەی نیشتمانی ئەفەریقا کە لەماوەی ٥٠ ساڵدا بانگەشەی بۆ ناتوندوتیژی کردبوو بەڵامم دەستیان کرد بە خەباتی چەکداری نیلسۆن بوو بە سەرکردەیەکی سەربازی لەنامەیەکدا بە خەڵکەکەی ووت "خەبات ژیانی منە ,من هەتا لەژیاندام بەردەوام لە پێناوی ئازادیدا شەڕدەکەم".

## ٢٧ ساڵ زیندانی

لەساڵی ١٩٦١ کۆنگرەیی نیشتمانی ئەرکی نوێی بە نیلسۆن سپارد و سەفەری کرد بۆ چەند وڵاتێک بۆ پەیداکردنی پشتگیری بۆ ئازادیخوازان,لە ١٩٦٢ پاش گەڕانەوەی ,بەندکرا بەتاوانی هاندانی کارگەرانی ئەفەریقای باشور و بەڵگەی ساختەیی سەفەرکردن ،بۆ ماوەی ٥ ساڵ سزادرا, ماندێلا لەکاتی دادگایکردنەکەی لە ١٩٦٢ دەڵێت "من دژی دەستەلاَتی سپییەکان خەباتم کردووە و دژی دەستەڵاتی ڕەشەکانیش خەباتم کردووە,کۆمەڵگایەکی دیموکرات و ئازادم دەوێت وهەموو مرۆڤەکان ئیمکانیەتی وەک یەکیان هەبێت,ئەمە ئامانجێکە هیوادارم بۆی بژیم بەڵام ئەگەر پێویست بێت ئەوا ئامانجێکە ئامادەم بۆیشی بمرم" پاش ٩ مانگ بەبیانوی هەوڵدان بۆ ڕوخاندنی حکومەتی ئەفەریقای باشور بڕیاری ژیانی هەتا هەتایی لە زیندان بەسەردادرا,کتێبێکی لەبارەیی ژیانییەوە بە نهێنی نووسی,لە بەندینخانەی ڕۆببینیان لە ١٩٨٢ گوێزرایەوە بۆ بەندینخانەی پۆڵسموور,لەساڵی ١٩٨٥ سەرکۆماری ئەفەریقای باشور پێشنیازی کرد کە نیلسۆن گەر واز لە خەباتی چەکداری بهێنێت ئازاد دەکرێت لەوەڵامدا ماندێلا دەڵێت "سەرم سوڕدەمێنێت لەوەی حکومەت دەیەوی ناچارم بکات ,من کەسێکی توندوتیژئامێز نیم ئێمە ئەوکاتە دەستمان کرد بە خەباتی چەکدارانە کە ئیتر ئیمکانیەتی هیچ بەرهەڵستییەکی دیکەمان نەما,من نامەوێ مافە مرۆڤانەکانی خۆم بفرۆشم بۆ ئەوەی ئازاد بکرێم وە ئامادەنیم مافی خەڵکیش بفرۆشم ئازادیی ئێوە و من بەیەکەوە گرێدراوە من دەگەڕێمەوە"ئەم پەیامە لەلایەن کچە گەورەکەیەوە لەبەردەم ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەفەریقای باشور خوێنرایەوە,دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ بەندینخانەی ڤیکتۆر ڤێرستەر کە جێگەیەکی زۆر جوانی هەبوو,لە ١٩٨٠ تامبۆ هاورێ پارێزەرەکەی لە مەنفا هەڵمەتێکی نێو دەوڵەتی دەستی پێکرد بۆ ئازادکردنی ماندێلاو هاورێکانی دواتر سەرکەوتوبون ,ڕۆژی دووەمی شوباتی ١٩٩٠ دی کلێرک سەرکۆماری باشوری ئەفەریقا داوایی کرد کە ڕێگەی کارکردن بدرێ بە کۆنگرەی نیشتمانی و پارتی کۆمەنیست و ٣١ ڕێکخراوی سیاسی تر و ئەو بەندییانەی تاوانی توندوتیژییان نەکردووە ئازادبکرێن و سزای لەسێداردان هەڵبوەشێنرێتەوە,لێرە بە دواوە ئیتر وشەکانی ماندێلا قەدەغە نەبوو .دوایی ٢٧ ساڵ کە بەرامبەرە لەگەڵ ٩٧٢٠ ڕۆژ زیندانی لە

تەمەنی ٧١ ساڵیدا ئازادکرا ئەوکاتەیی خرایە بەندینخانە تەمەنی٤٤ ساڵبوو ,بەڵام هەرگیز نەبووە مرۆڤێکی کینەدار دەڵێت"هەموان پێکەوە کاربکەن بۆ خوڵقاندنی کۆمەڵگایەکی نویٚ" .

## یەکەمین سەرکۆماری بەدیموکراتی هەڵبژێراوی ئەفەریقای باشور

دوایی ئەوەی ساڵێک بوو مانێدلا ئازادکرابوو بەڵام دۆخی ناجێگریی بەردەوامبوو بۆیە وەک هەمیشە بۆ دورکەوتنەوە لە توندوتیژی ماندێلا لە ئابی ١٩٩٢ داوایی کرد  کە مانبگرن ٤ ملیۆن خەڵک  بەدەم داواکەیەوە هاتن و نەچونە سەر کار کە ئەوە گەورەترین مانگرتنی سیاسی بوو لە مێژووی ئەفەریقای باشوردا.لە ٢٧ نیسانی١٩٩٤ نیلسۆن ماندێلا بۆیەکەمین جار لە ژیانی خۆیدا دەنگی دا کە تەمەنی ٧٦ ساڵ بوو .لەم هەڵبژاردنەدا کۆنگرەی نیشتمانی "ئەی ئێن سی" ٦٢ % دەنگەکانیان بەدەست هێنا ئەوەش پاش ٣٠٠ ساڵ لە حوکمڕانی سپی پێستەکان لە ئەفەریقای باشور, پاش مانگێک نیلسۆن ماندێلا بوو بە یەکەمین سەرکۆماری بەدیموکراتی هەڵبژێراوی ئەفەریقای باشور ,لە وەڵامی ترس و دڵەڕاوکێییەکانی زۆر لە سپی پێست و هیندی و ڕەنگدارەکان کە ئایا تۆڵە دەکەنەوە کاتێک ئەوان دەسەڵات وەردەگرن دەڵێت"وڵاتەکەی ئێمە وەکو پەلکە زێرینەیەکە,گەلی ئێمە زۆر ڕەنگی هەیە ,ئێستا دەبێت هەموو خەڵکی ئەفەریقای باشور دەستی یەکبگرن و نابیٚ ئەوەی ڕوویدا لەبیرمان بچێتەوە,بەلاَم دەبێت ببورین و مرۆڤی ئازا لەوە ناترسێت کە لە خەڵکی ببورێت" .

## واز لە پۆستی سەرۆکایەتی دەهێنێت

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩ پۆستی سەرۆک کۆماری ڕادەستی هاوڕێکانی ئەکات وازی لە دەسەڵات هێنا بەڵام لە کارەکانی بەردەوام بوو , بە دیارترین کەسایەتی سیاسی دادەنرێت کە لە  پێناوی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی لە ئەفەریقای باشور هەوڵیداوە,دوایی دەست لە کار کێشانەوەی لە  پۆستی سەرۆکایەتی چەندین هەڵمەتی ڕێکخست دژی نەخۆشی ئایدز ,لە٢٠٠٤ ڕایگەیاند وازدەهێنیت لە ژیانی گشتیوکاتەکانی ژیانی تەرخان دەکات بۆ خێزان و هاوڕێی و تەنیایی خۆی . لەو کاتەوە جگە لە چەند کاتێکی کەم ئیتر دەر نەکەوت, هەروەهادامەزروەیی خێرخوازی ماندێلای پێکهێنا,لە ٨٩ ساڵیدا گروپی الحکماو پێکهێنا کە چەندین کەسایەتی و سەرکردەی جیهانی لە خۆگرتبوو بۆ پێشکەشکردنی ئەزمون و ئامۆژگارییەکانی,دوایی هەوڵێکی زۆری مافی میوانداریێتی جامی جیهانی ٢٠١٠ بەدەست هێنا,بەشداری کردووە لە دانوستانەکانی ئاشتی لە ناو کۆماری کۆنگۆی دیموکرات و بۆروندی و چەند وڵاتێکی تر .لە کۆتاییەکانی کانونی دووەمی ٢٠١١ سەردانی نەخۆشخانەی بجوهانسبرغ  کرا بە مەبەستتی پشکنین.دەرکەوت کە توشی  توشی شێر پەنجەی پرۆستات بووە،ئێستاش زیاتر لە مانگێکە لە نەخۆشخانەیە بەهۆی هەوکردنی سییەکانییەوە,ئەو سەرکردە نەتەوەییە کە تەمەنی ٩٥ ساڵە هەموو تەمەنی هەوڵی داوە لە  پێناوی ئاشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دەویەوێت ەموو کەسێکی ئاسایی باشترین ژیانیان هەبێت لە دونیادا هەربۆیە  ئێستا لە هەموو لایەکەوە ئازار دەچێژن هەموو جیهان چاوەڕێی هەواڵی باشی تەندروستی ماندێلان.

## خەڵاتی ڕێزلێنان

لە تەمەنیدا زیاترلە خەلاَتێکی بەدەست هێناوە ,بەهاوبەشی لەگەڵ سەرۆک فریدریک دکلێرک سەرۆکی کۆماری ئەفەریقای باشور لە  ساڵی ١٩٩٣ خەڵاتی ئاشتی نۆبلی لە ئۆسلۆ وەرگرت ,لەم کاتەدا هەموان پرسیاری ئەویان دەکرد کە چۆن توانی خەلاَتی ئاشتی بەهاوبەشی لەگەڵ دوژمنێکدا وەربگرێت لە وەلامدا دەڵێت کاتێک مرۆڤ لەگەڵ دوژمنێکدا ڕێکدەکەوێت ناچارە کە  پێکەوە کاربکات ,ئەو کاتەش دەبێت  پێکەوە قسەبکات " . خەڵاتی ئاشتی لینین ١٩٦٢ ,لە ساڵی ١٩٨٠ خەڵاتی جواهرلال نەهرۆ بۆ ئاشتی وەرگرت ،١٩٨٣ خەلاتی سیمون دیڤوار لەلایەن

یونسکۆ پێدەخشرێت ,لە ساڵی ١٩٩٢ خەڵاتی مصگفی کەمال ئەتاتورکی بۆ ئاشتی ڕەتکردەوە بەهۆی پێشلکردنی مافی مرۆڤەکان لە وڵاتەکەیدا کوردیش کە یەکێکە لەو نەتەوانە,لە ١٩٩٩ جاریکیتر ئەو خەڵاتەی ڕەتکردەوە .

٦ کانونی یەکەم,٢٠١٣

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاوینە نیوز / ڕێکەوتی : ٦ی دێسامبری ٢٠١٣

# شەش راستی نەزانراو دەربارەی نیلسۆن ماندێلا

لەگەڵ ئەوەی نیلسۆن ماندێلا ناوبانگێکی جیهانی هەبوو، زۆربەی خەڵکیش بەشێکی زۆری وردەکارییەکانی ژیانی وەک سیاسییەک و تێکۆشەرێک دژی رەگەزپەرستی "ئاپارتاید" لە باشووری ئەفریقا دەزانن، بەڵام شەش راستی هەن کە رەنگە زۆربەی خەڵک دەربارەی ئەو کەسایەتییە نەیزانن.



## ١- خولیای بۆکسێن بوو

لە تەمەنی لاویدا، ماندێلا خولیای وەرزشی بۆکسێن و راکردنی دوورودرێژ بوو، تەنانەت لەو ساڵانەی لە زیندانیدا بوو بەردەوام بوو لە سەر ئەنجامدانی راهێنانی وەرزشی.

لە یاداشتەکانیدا، ماندێلا دەڵێت: "هێندەی سەرسام بووم بە هونەرەکانی پشت بۆکسێن، هێندە سەرسامی توندوتیژییەکانی نەبووم، ئەوەی بەلامەوە گرنگ بوو ئەوەبوو چۆن مرۆڤ جوڵە دەکات بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت، و چۆنێتی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی هێرشکردن و کشانەوە و چۆن مرۆڤ بەدرێژایی یارییەکە خۆی هاوسەنگ دەکات".

نووسیویەتیشی: "بۆکسێن یەکسانی لەنێوان هەمووان دروست دەکات، لە شوێنی یارییەکەدا جیاوازی تەمەن و چینایەتی و رەنگ نامێنێت... دوای ئەوەی چوومە دنیای سیاسەتەوە بۆکسێنم نەکردووە، بایەخی سەرەکی من مەشقکردن بوو، بۆمدەرکەوت کە بەردەوام بوون لەسەر مەشقکردن دوودڵی کەمدەکاتەوە، دوای مەشقێکی توند هەستم بە ئاسوودەیی جەستە و مێشک دەکرد".

لەنێو یادگارییەکانی مۆزەخانەی خێزانی ماندێلا لە شاری سویتۆ، ئەو پشتێنی پاڵەوانێتییە بەدیدەکرێت کە لەلایەن شوگر رای لینار یاریزانی بۆکسێنی ئەمریکییەوە پێشکەشی کرابوو.

## ٢- لە بنەڕەتدا ناوی نیلسۆن نەبووە

رولیهلاهلا ماندێلا تەمەنی نۆ ساڵ بوو کاتێک لەلایەن مامۆستاکەیەوە لە قوتابخانەکەی لە کونوی باشووری ئەفریقا و بەپێی کلتوورە باوەکان کە دەبوو هەموو منداڵێک ناوێکی نوێی لێبنرایە، ناوی نیلسۆنی لێنرا.

ئەم کلتووره لە باشووری ئەفریقا و چەند ناوچەیەکی تری کیشوەری ئەفریقا باوبووە و کە ناوی ئینگلیزی لە کەسەکان دەنرا بۆ ئەوەی بیانییەکان بتوانن بە ئاسانی ناوەکان بڵێن.

رولیهلاهلا ناوێکی باو نەبووە لە باشووری ئەفریقا و مانای "منداڵی گێرەشێوێن" دەگەیەنێت و لە باشووری ئەفریقا بە ناوی ماندێلایان دەوت "مادیبا" کە ناوی خێڵەکەی بوو، خەڵکیش بە "تادیبا" ناویان دەبرد.

## ٣- تا ساڵی ٢٠٠٨ ناوەکەی لە لیستی تیرۆری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو

پێش ئەو مێژووە ماندێلا و ئەندامانی تری سەرکردایەتی حزبی کۆنگرەی ئەفریقی نەیاندەتوانی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەن بەبێ مۆڵەتی تایبەتی وەزیری دەرەوە و ئەو حزبە وەک رێکخراوێکی تیرۆریستی لەلایەن حکومەتی ئاپارتایدی باشووری ئەفریقا ناودەبرا.

لە ساڵی ٢٠٠٨ دا کۆندالیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نارەزایی خۆی لەو بریارەی حکومەتی وڵاتەکەی دەربڕی و رایگەیاند کە بریارەکە مایەی شەرمەزارییەکی گەورەیە و دواتر بە یاسایەک کە لەلایەن هاوەرد بیرمان سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمریکاوە دانرا، ناوی ماندێلا و حزبەکەی لە لیستی تیرۆر لابرا.

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا رۆناڵد ریگن سەرۆکی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناوی حزبی کۆنگرەی ئەفریقی خستەناو لیستی تیرۆرەوە.

## ٤- کاتێک لە زیندان ئازاد کرا، چاویلکەکەی لەبیر چوو

دوای ٢٧ ساڵ مانەوەی لە زیندان، کاتێک لە ١١ی شوباتی ١٩٩٠ ئازاد کرا، وەک دواتر خۆی رایگەیاند: هەستی بە سەرسوڕمان و کەمێک نیگەرانی کردووە.

دوای ئازادکردنی ماندێلا و وینی ژنی ئەو کاتی گوازرانەوە بۆ ناو جەماوەرێکی زۆر کە بەبۆنەی ئازادکردنییەوە کۆبووبوونەوە بۆ ئەوەی وتەیەک پێشکەش بکات، کاتێک وتارەکەی دەرهێنا و ویستی بیخوێنێتەوە، زانی کە چاویلکەکەی لەبیرچووە و داوای لە وینی هاوسەری کرد چاویلکەکەی بداتێ بۆ ئەوەی وتارەکەی بخوێنێتەوە.

## ٥- جلوبەرگی شۆفێری لەبەردەکرد بۆ ئەوەی پۆلیس نەیناسێتەوە

دوای ئەوەی بەهۆی چالاکییەکانیەوە لە حزبی کۆنگرەی ئەفریقی پەنای بۆ خۆحەشاردان برد، بەهۆی توانای لە خۆشاردنەوە لە هێزەکانی پۆلیس ماندێلا بە "بمبرنلی رەش" ناودەبرا کە ئەو ناوە لە چیرۆکی "بمبرنیل القرمزی"ی وەرگیرابوو کە باسی پاڵەوانێکی دەکرد ناسنامەکەی نهێنی بوو.

لەماوەی خۆحەشاردانی لە پۆلیس، ماندێلا وەک شۆفێر و چێشتلێنەر و باخەوان خۆی دەردەخست بۆ ئەوەی بتوانێ لەناو وڵاتەکەیدا بگەرێت بەبێ ئەوەی دەسەڵاتداران بیناسنەوە، تائێستاش کەس نازانێت دواجار چۆن ئاشکرا بوو و دەستگیرکرا.

## ٦- بەشداری دامەزراندنی نووسینگەی پارێزەرێتی کرد، بەبێ ئەوەی بروانامەی یاسای هەبێت.

ماندێلا بەشێوەیەکی پچرپچڕ لە ١٩٣٩ەوە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ یاسای خوێند و لە نیوەی بابەتەکاندا دەرنەدەچوو.

دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ بۆ ماوەی دوو ساڵ پەیمانگای خوێند بەمەش ڕێی پێدرا کاری پارێزەری بکات و لە ئابی ١٩٥٢ بەهاوبەشی لەگەڵ ئۆلیڤەر تامبۆ یەکەم نووسینگەی پارێزەرییان دامەزراند کە لەلایەن پارێزەرانی ڕەشپێستەوە لە جۆهانسبێرگ لە باشووری ئەفریقا بەڕێوەدەبرا و بەردەوام بووتا لە ساڵی ١٩٨٩دا لە زیندان توانی بڕوانامەی یاسا بەدەست بهێنێت.

سەرچاوە: BBC

سەرچاوە : ماڵپەڕی خەندان / ڕێکەوتی : ١٢ی دێسامبری ٢٠١٣

## خەوتنی هەمیشەیی کورە ڕەش پێستە خۆشەویستەکە

ڕاپۆرت: داوود نیروومەند

نیلسۆن ماندێلا کورە ڕەشپێستە خۆشەویستەکەی ئەفریقا و جیهان، بۆ هەمیشە کۆچی دوایی کرد و بەڵاَم بۆ هەمیشە وەکوو هێمای بزوتنەوەی ئازادی خوازی و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزی دەمێنێتەوە و ئەمجارە وەکوو مێژوویەکی ڕەنگینی سەدەی ٢٠ و ٢١ یادی لێدەکرێتەوە .




ئێمە هەوڵدەدەن هیچ نەحەزێک لەو جیهانە نەمێنێتەوە و تا خۆشەویستی مرۆڤ بە ڕەنگەکانیوە بێتەئاراوە ئەمە وتەکانی ماندێلا بوو کە دنیایی هەژاندو ئیستاش لە هەموو شوێنێکی ئەو جیهانە بۆتە هێمای خۆشەویستی مرۆڤ و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان...

نیلسۆن ماندێلا، ڕێبەری بزووتنەوەی ئازادی خوازی ئەفریقای باشوور بە هۆی نەخۆشی لە تەمەن ٩٥ ساڵی لە ماڵەکەی خۆی ماڵئاوایی لە ژیان کرد و کۆڵێک ڕێگای خەبات و تێکۆشانی بۆ ئازادی خوازانی نەتەنیا ئەفریقای باشوور بەڵکوو هەموو جیهان بەجێ هێشت.

ماندێلا یەکەمین سەرۆک کۆماری ڕەش پێستی ئەفریقای باشوور لە ڕێکەوتی ٨ی ژوئەنی ئەم ساڵ بە هۆی نەخۆشی عفونەت لە نەخۆشخانە خرایە بەر چاودێری پزشکی دوای سێ مانگ مانەوە لە نەخۆشخانە بۆ ماڵەکەی خۆی گوسترایەوە و لەو شوێنە خرایە بەر چاودێری پزیشکی بەڵاَم دیسان مەرگ خۆشەویستێکی لە جیهان کەم کردەوە.

دوای خەوتنی هەمیشەی ماندێلا، ژێکوب زۆما، سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوور وتوی، وڵاتەکەمان ڕۆڵەیەکی خۆی لە دەست دا و میلەتەکەشمان باوکێکی باش.

زۆما هەرەها ڕایگەیان، ئەوەی نیلسۆن ماندێلای وەکوو کەسێکی گەورە کردبوو، ئەو شتە بوو کە ئەوی وەکوو مرۆڤ درووست کردبوو و ئێمەش لەوماندا دەبینی و ئێستاش لە خۆماندا بەدوایدا دەگەڕەین.

نیلسۆن ڕوهیلا هەلا ماندێلا ڕۆژی ٨ی ژوئیییەی ساڵی ١٩١٨ لە ترانسکی ئافریقای باشوور چاوی پشکوو باوکی ماندێلا بە ناوی هێنری ماندێلا، یەکێک لە سەرکردەی عەشیرەی تەمبو بوو، نیلسۆن لە زانستگای "فورت هێیر" و"ڤەیت واترسەند" درێژەی بە خوێندن دا و لە ساڵی ١٩٤٢

یاسایی تەواو کرد.

نیلسۆن، لە ساڵی ١٩٤٤ پەیوست بوو بە کۆنگۆی نەتەوەیی ئەفریقا و لە ساڵی ١٩٤٨ وەکوو خەباتکارێک چوو ریزی بزووتنەوەی سیاسی و بەرەنگاری لە بەرامبەر دەوڵەتی ئاپارتاید، ماندێلا لە ساڵەکانی ١٩٦١ ١٩٦٥و بە تۆمەتی چالاکی کردنی دژی هەڵاوەردنی رەگەزی لە دادگایەکی ئەفریقای باشوور دادگایی کرا بەلاَم لە کۆتاییدا بێ تاوان ناسێندرا.

نیلسۆن ماندێلا دوای قەدەغە کران لە چالاکی سیاسیی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا لە ساڵی ١٩٦٠ یەکێک لەوە کەسانە بوو کە لایەنگری پێکهێنانی هێزێکی چەکدار دژ بە حکوومەتی ئاپارتایدی ئەو کاتەی ئەفریقای باشوور بوو کە دواتر ئەو گەلاڵەی نیلسۆن لە لایەن هاوکار و هاوڕێیەکانی قبووڵکراوە و هێزی چەکداری بۆ بەرەو پێشبردنی خەبات و بەرانگاری لە بەرامبەر ئاپارتاید پێکهێندرا.

لە ساڵی ١٩٦٢ ماندێلا و ئەو خۆشەویستە رەش پێستەکە دەستگیر و بە پێنج ساڵ زیندان لە ئوردووگای کاری ناچاری مەحکوم کرا و لە ساڵی ١٩٦٣ کاتێک کە ژمارەیەکی زۆر لە رێبەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا و گرووپە چەکدارەکانی ئەو جیزبەدەستبەسەر کرابوون، ماندێلا وەکوو هەرەشەیەک بۆ سەر حکوومەتی ئەو کاتی ئەفریقای باشوور بە تاوانبار ناسێندراوە و حوکمی قوورسی زیندانی بەسەر دا سەپا.

نیلسۆن دوای مەحکوم کران بە زیندانی درێژ ماوە لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاوە و هەموو هێزی خۆی بۆ ئامانجی خۆی کە ئازادی و لە ناو بردنی هەڵاوەردنی رەگەزی بوو تەرخان کرد و تا کۆتایی حوکمی زیندانەکەی لەو هیچ رێگایە سڵ نەبوو، ماندێلا دوای ٢٧ ساڵ مانەوە لە زیندان ئازاد کرا و ئەمجارە رێگایەکی دوور لە توندوتیژی بۆ درێژەدان بە خەباتەکەی هەڵبژارد و ئەمەش بوو ئەوەی کە ماندێلا وەکوو هێمای ئازادی خۆراگری سەدەکانی ٢٠ و ٢١ی درەوشان بکات.

کورە رەش پێستەکە و هێمای ئازادی لە ساڵی ١٩٩١ لە پەیوەندی یەکەمین کۆنفرانسی سەرتاسەری کۆنگەرەی نەتەوەیی ئەفریقا کە دوای نزیک بە چوار دەیە لە خاکی ولاَتەکەی بەرێوە چوو لەگەڵ هاورێ خۆشەویستەکەی "ئۆلیوێر تامبۆ" وەکوو ریبەررانی ئەو حیزبە هەڵبژێردران .

بەردەوامی خەوباتی نیلسۆن ماندێلا حکومەتی ئاپارتایدی ئەفریقای باشووری ناچار کرد بە شێوەی ئاشتی خوازانە ئینتەقال بدات و ئەمجارە بە دەنگی خەڵک رێبەر و سەرۆکی دەوڵەت دیاری بکرێت.

ماندێلا بە هۆی خەبات لە دژ ئاپارتاید و هێنانە ئارای ئاشتی و پێکەوە ژیان خەلاتی نۆبێلی پێبخشرا.

نیلسۆن، یەکێکە لە سەرکردە خۆنەویستانەی کە تا دوا کاتەکانی تەمەنی لە پێناو ئاشتی و مافی مرۆڤ تێکۆشا.

یەکێکیش بوو لەو سەرکردانەی کە پاڵپشتی مافەکانی گەلی کوردی کردوولە ساڵی ١٩٩٢ خەلاتی ئەتاتورک بۆ ئاشتی پێشکەش کرا، بەلام رەتیکردەوە و رایگەیاند، وەریناگرم مادام کوردەکان بەدەستی دەوڵەتی تورکیەوە دەچەوسێنەوە ئەو هەوڵەی ماندێلا سەڵماندی کە نە بۆ نەتەوەیی خۆی بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەکان ئازادی و ئاشتی دەوێت دوای ئەو هەڵوێستە لەلایەن هەندێک لە تورکە ناسیۆنالیستەکان پێگوترا رەشە تیرۆریستەکە.

ئەگەر چی ماندێلا ماڵئاوای لە ژیان کرد بەلاَم خەباتەکەی خۆراگریەکەی و مرۆڤ دۆستییەکەی بۆ هەمیشە لە دڵی هەموو خەڵکی ئەو جیهانە دەمێنێتەوە و ئەگر چی سەدەکانی ٢٠ و ٢١ بە هەندێک رووداو و ناحەز و پیس بوون بەلاَم ماندێلا رێبەری ئازادی خوازی ئەفریقا وخۆشەویستی هەموو نەتەوەکانی جیهان بە هەوڵەکانی خۆی ئەو سەدانەی رەنگین کردبوو و مانای جوانی پێبەخشی.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەلات / رێکەوتی : ٦ی دێسامبری ٢٠١٣

# ئازادی خوازانی ڕەش‌و سپی.. (ماندێلا ،لووسەرکینگ ،غاندی ،لنکۆڵن )

کاوە هاوڕاز

جیهانی ئازادی خوازو سەرجەم خەڵکانی رزگاریخوازی دنیا، بە تایبەت ئەوانەی شارەزای ژیانی سەرکردە ئازادی خوازەکانی جیهانن، لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا یادی سێ کەسایەتی جیهانی دەکەنەوە کە ئەمانەن:



١- سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا (ئەبراهام لنکۆڵن) کە لەسەر دەستی خۆی دا جەنگی ناوخۆی باکوورو باشوری وڵاتەکەی‌و جەنگی ڕزگارکردنی کۆیلەکانیش بڕایەوە.

٢- تێپەڕبوونی سەدساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی کۆنگرەی نەتەوەیی وڵاتی باشوری ئەفەریقا بەڵام بە نادیاریی سەرکردە مەزنەکەیان (نیلسۆن ماندێلا).

٣- یادی لە دایکبوونی سەرکردەی ڕەشپێستی ئازادیخواز (مارتن لووسەر کینگ) لە (١٥)ی کانونی دووەمی ١٩٢٠داو کە لە تەمەنی (٣٩ )ساڵیدا تیرۆرکرا. بەر لەوەی بچمە قوڵایی باسەکەمەوە، ئاگاداری ئەو بیروڕاو پرسیارە تیژڕەوانەشم کە ئێستا بە هزری خوێنەرانمدا تێپەڕ دەبێتو لەوانەیە بڵێین (تۆیەکی ئیسلامی ڕۆژهەڵاتیی چیت داوە لەم باس‌و خواسانەی دیان‌و گاورەکانی وڵاتانی دنیای ناموسڵمان).. تاکە وەڵامی سەرپێ یی منیش ئەوەیە بێگومان ئیسلام کە ئاینی ئازادیخوازی‌و رزگارکردنی مرۆڤەکانە لە کۆیلایەتی، ڕێگەی ئەوەشی داوە ستایشی یان باسی شۆڕشی هەر ئازادیخوازێکی دنیا بکەین بەو مەرجەی دژی ئاینەکەمان نەبێت. بە هەرحاڵ لەو بڕوایەشدام هەموو سەردەمی مرۆڤایەتی ستەمێکی دیکەی وەک ستەمی بە کۆیلەگرتنی مرۆڤی بەخۆیەوە نەدیوە، ستەمی چەوسانەوەی چینایەتی‌و ڕەگەزپەرستی‌و نەتەوە پەرستیش، بەڵام لەم ستەمەش زەقترو دزێوتر مامەڵەی دڕندانەی خۆرئاوا بووە لەگەڵ گەلانی ئەفەریقادا.. لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی ئەم سێ سەرکردە جوامێرەش (ئەبراهام لنکۆڵن)و (مارتن لوسەر کینگ)و (نیلسۆن ماندێلا) بەڕوونی دیارە کە چۆن تەحەدداو بەربەرەکانێی زاڵم‌و دیکتاتۆرە سپی پێستەکانیان کردووە تا ئەوکاتەی سزای زیندانی یان سزای مەرگیان بەسەردا سەپێنراوە.. خودی سەرۆک (لینکۆڵن) وەکو کورد دەڵێت (ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد) نەبوو کاتێک ژنەکەی خۆی مژدەی ئەوەی پێ دەدا کە تۆ لە داهاتوودا دەبیتە سەرکۆماری ئەمەریکا، ئەویش قاقا پێکەنی‌و لەوپەڕی پێکەنینە زۆرەکەی دا بەزەویدا کەوتو بە ژنەکەی گوت (کەس نا من ئەی خاتوونی هاوسەرم، چۆن من دەبم بە سەرۆکی ئەمەریکا)؟ بەڵام لە داهاتووشدا بوو بە بەڕێزترین سەرۆکی ئەمەریکا لە مێژووی کۆن‌و نوێی هەموو سەرۆکەکانی دیکەی ئەمەریکاو کۆتایی بە جەنگی ناوخۆی وڵاتەکەی هێناو بەندە ڕەشپێستەکانیشی لە بەندایەتی رزگار کرد. سەرکردە ڕەش پێستەکەی ئەفەریقاش (نیلسۆن ماندێلا)ی پارێزەر کە بەماوەی پتر لە (٢٧ ) ساڵی زیندانی بوونی خۆی کۆتایی بە حوکمی سپی پێست لەسەر ڕەش پێستەکانی وڵاتەکەی خۆی (کۆماری باشوری ئەفەریقا) هێناو ئەمڕۆش ٦ / ١٢ / ٢٠١٣ کۆچی دوایی کرد ، توانی هەر لە نێو چوار دیواری زیندانە ئاسنینەکەیەوە ئەو بەربەستە گەورەیەی سیستمی ڕەگەزپەرستی (ئاپارتهاید ) لەبەردەم ئازادیخوازانی وڵاتەکەیدا بشکێنێت کە داگیرکەری سپی پێست چەندین ساڵ بوو داینابوو، هەر بۆیەش ئازادیخوازێکی وەک (غاندی)ی پارێزەری هیندستانیش لە وڵاتەکەی (نیلسۆن ماندێلا)دا ڕێی سواربوونی پاسی سپی پێستەکانی لێ گیرا، بۆیە بڕیاری دا کە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی‌و لەوێوە تا ڕۆژی ئازادبوونی وڵاتەکەی لە دژی داگیرکەرانی سپی پێست بجەنگێت.. (ماندێلا) لە ماوەی ساڵانی زیندانی بوونی دا هەموو پاسەوانەکانی زیندانیشی بە ڕەفتاری جوانی سەرسام و گۆش کردبوو، بۆیە پیاڵە چایەکانی خۆیان دەدایە دەست ئەو، نانی خۆیان بەو دەداو بەو هەموو لە خۆبوردەیی‌و خۆنەویستیەی سەرسام بوون، کەچی دوای ئازادبوونی لە زیندان، وێڕای ئەوەی هەموو دنیا بوون بە دۆستی‌و لایەنگری، بەڵام ژنەکەی لێی جیابۆوەو داوای تەڵاقی لێ دەکرد، (ماندێلا) رازی بوو بە تەڵاقدانی ئەو ژنە دنیاپەرستەی، بەڵام پارەو تێچوونی مارەییەکەی پێ هەڵنەدەسوڕا، بۆیە پادشای پادشایانی ئەفەریقا (واتە: قەزافی) کە بەوەی زانی ئەرک‌و مەسرەفی مارەیی ژنەکەی بۆ دابین کرد. من لەماوەی نوسینی فیکری‌و سیاسیم دا زۆر

سەرنجی ژیانی (ماندێلا)و (لووسەر کینگ)یشم داوە، بەتایبەتی لەسەردەمی هەرزەکاریم داو کە گەلەکەم لە ژێر زەبری بەعسی داگیرکەری کوردستان دا دەیناڵاند.. لە بیرمە ئەو رۆژەی تەرجەمەی هەواڵی (فیلادلفیا)م دەکردو تەنها بۆ خۆشم دەنووسییەوەو پوختەی هەواڵەکە ئەوەبوو کە تێکۆشەری ڕەشپێست (لووسەر کینگ) رووی کردبووە فەرماندەی پۆلیسی ئەوشارەو دەیگوت (چاک دەزانم کە ئێستا بکوژانی خۆم لە چوار دەورم بۆسەیان داناوە) پاشان ڕووی کردە خۆپیشاندەرە سپی پێستەکانی دوژمنانی خۆیو پێی گوتن (تاکە پیاوێکتان تیادا نییە کە من بترسێنێت). ئەوە بوو لەو کاتەدا دروشمە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی (من خەونێکم هەیە) بەرز کردەوەو هاواریشی دەکرد (ئەمەریکا، وڵاتی ئازادیخوازانو ئازایانە، وڵاتی سپی پێستی ئازادو وڵاتی رەش پێستی ئازایە). ئیدی رەشپێستی ئازا لە خەبات بەردەوام بوو، تا ئازاد بوو. ئەم کورتە چیرۆکانەی نێو ئەم وتارەم سێ پاڵەوانی نێو سێ سەردەمی جیاجیان کە لە سێ کیشوەرەوە هاتن، مرۆڤایەتیان لە جەنگەڵستانی دڕندەییو وەحشەتەوە بۆ ئازادیو سەربەستی گواستەوە، دوانیان لەم سێ سەرکردەیە ژیانی خۆیان بەم ئازادییە بەخشیو لە پێناوی دا مردن، سێ هەمیشیان کە (ماندێلا)یە گوڵی جوانیو لاوی خۆی لە پێناوی ئازادی دا لە زیندان دا بەسەر بردو دوای ئازادبوونیشی هاوسەرەکەی لێی جیا بووەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە، جەنابی سەرۆکی رەش پێستی ئێستای ئەمەریکا لە کاتێکدا گوایە بە کردار خەونەکەی (لوسەر کینگ) بەدی دەهێنێت، کەچی ئاگاداری ئازادی خوازانی فەلەستینو کیشوەری ئەفەریقیای بابو باپیرانیشی نییە کە رۆژانە چەندین قوربانی پێشکەش دەکەن. راستە ئۆباما ساڵی پێشووتر بۆ یادی سەدساڵەی حیزبەکەی (ماندێلا) چوو کە ئەوسا تەمەنی پیری و نەخۆشیی دەستی لە بینەقاقای نابوو و لەو سەرو بەندەدا سەردانی شوێنی حەوانەوەشی کرد، دەبێت ئۆباما لە ماوەی ئەم خولەی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی دا خۆی لە چوار دیواری زیندانی کۆشکی سپی رزگارکات کە هەمیشە بۆتە سەنتەری دارشتنی پیلانی ژەهراوی لە دژی ئازادی خوازانی جیهان.

سەرچاوە ماڵپەڕی باسک نیَت / ڕێکەوتی : ٦ی دێسامبری ٢٠١٣

## ماندێلا؛ سونبولی مرۆڤایەتی

راپۆرتی: لاوک ئەمجەد

رۆژی پێنجشەممەی رابردو نێلسۆن ماندێلا، لە تەمەنی (٩٥) ساڵیدا دوای مانەوی بۆ ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد.



ماندێلای یەکێک بو لەو سەرکردە خۆنەویستانەی کە تا دوا ساتەکانی ژیانی لەپێناو ئاشتی و مافی مرۆڤ نەمانی جیاوازی نێوان نەتەوەکان تێکۆشا، هاوکات یەکێک بو لەو سەرکردانەی جیهان کە پاڵپشتی لە مافی کورد کردوە، لەوپێناوەشدا لە ساڵی (١٩٩٢) خەلاتی ئەتاتورک بۆ ئاشتی پێبەخشرا، بەڵام ئەو رەتیکردەوە و وتی؛" ئەو خەڵاتە وەرناگرم چونکە کورد لەژێردەستی تورکیادا دەچەوسێتەوە."

### ژیانی تایبەتی ماندێلا

نیلسۆن رۆلیهلالا ماندێلا (Nelson Rolihlahla Mandela) ، لە ١٨ی تەموزی ساڵی ١٩١٨ لەدایک بوە، سەرۆکی پێشوی ئەفەریقای باشورە و بە یەکێک لە دیارترین بەرهەڵستکارەکان دژ بە سیاسەتی جیاکاری رەگەزی دادەنرێت کە لە ئەفەریقای باشو پەیرەو دەکرا،

ئەندامانی هۆزەکەی ناویانابو (مادیبا) واتە پیاوی مەزن، ئەوەش پلەیەکە بە گەورەترین کەسایەتی نێو ئەو هۆزە دەدرێت.
هەمیشە ماندێلا بە مەهماتا غاندی دەشوبهێنرێت، ئەویش بەو فەلسەفە بەهێزەی کە هەیەتی لەبارەی دژایەتیکردنی توندوتیژی و پشتگیریکردنی ململانێی ئاشتیانە و روبەڕوبونەوەی گێژاو و ئاستەنگەکان بە هێمنی.



ماندێلا لە گوندێکی بچوک بەناوی (میزۆ) لە ناوچەی ترانسکای لەدایک بوە، باوکی سەرۆک هۆزی گوندەکە بوە، ماندێلا بە منداڵی باوکی لە دەستداوە، بەڵام کرا بە جێگرەوەی باوکی، هەمو ئامادەکارییەکی بۆ کرا تاوەکو شوێنی باوکی بگرێتەوە، باوکی ماندێلا خاوەنی چوار هاوسەر بوە و (١٣) منداڵی هەبوە، چوار کورِ و نۆ کچ، ماندێلاش منداڵی ژنی سێیەمی باوکێتی و زۆربەی تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری لەو ماڵەدا بەسەربردوە.

لە تەمەنی حەوتساڵیدا، ماندێلا یەکەم ئەندامی خێزانەکەی بوە کە چوەتە بەر خوێندن، مامۆستاکەی نازناوی (نیلسۆن)ی بەسەردا سەپاند، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا باوکی لەدەستدا.
جگە لەوەش لە خوێندنگایەکی (بانگەشەکارانی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیح) دەیخوێند کە لەتەنیشت کۆشکی حاکم بوە، لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا ماندێلا چوە پەیمانگای **Clarkebury**، کە بەیەکێک لە پەیمانگا گرنگەکان دادەنرێت، ئەویش بەهۆی بونەی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ رۆشنبیری خۆرئاوا، کاتێکیش تەمەنی گەیشتە ١٩ ساڵ، ماندێلا لە ساڵی ١٩٣٧دا، چوە شاری **Healdtown** و لە زانکۆی ویسلیان دەستیکرد بە خوێندن، ، جگە لە خوێندنەکەی ئارەزوی یاری راکردن و زۆرانبازی دەکرد.

دوای تەواوکردنی خوێندن لەو زانکۆیە، ماندێلا دەستیکرد بە خوێندن هاوشانی کچی حاکمی ئەو وڵاتە لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی فۆرت هیەر، دوای کۆتایی هاتنی یەکەم ساڵیش، ماندێلا و ئۆلیڤەر تامبۆ کە بەهاوکارێکی سەرەکی ماندێلا ناسراوە، بۆ یەکەمجار کۆبونەوە، دوای ئەوەش تامبۆ بەشداری دەکرد لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی خوێندراکانی زانکۆ.
پاش ماوەیەکی کەم ماندێلا و کچی حاکم هاوسەرگیریان کرد و بەناچاری بەرەو جۆهانسبۆرگ هەڵاتن، دواتر لە یەکێک لە کانەکانی ئەو شارە دەستیکرد بە کارکردن، بەڵام پۆلیس بەو کارەی زانی و ماندێلاش بە ناچاری وازی لەو کارە هێنا و دواتر دەستی کرد بە کارکردن لە نوسینگەی پارێزەری، ئەویش بەهاوکاری هاورێیەکی کچی بەناوی والتەر سیسۆلۆ کە لەوکاتەدا پارێزەربو، لەو ماوەشدا ماندێلا لەرێگەی ناردنی نامەوە خوێندنی لە زانکۆی ئەفەریقای باشور(*UNISA*) تەواوکرد و دواتر دەستی کرد بە خوێندن لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ویتۆترسراند.

## چالاکی سیاسی

سەرەتای کاری ماندێلا لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیدا بو دژ بە حکومەتی ئەوکاتی باشوری ئەفەریقا کە بەدەست کەمینەیەکی سپیپێستەوە بو، کە سەرجەم مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی رەشپێشتەکانی رەتدەکردەوە، لە ساڵی ١٩٤٢دا ماندێلا چوە کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفەریقا، کە پاڵپاشتی لە مافی رەشپێستەکان دەکرد لە باشوری سەنیغال. لە ساڵی ١٩٤٨دا حیزبی نیشتیمانی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کە لەلایەن سپی پێستەکانەوە بەرێوە دەبرا، سیاسەتی رەگەزپەرستیان پەیرەو دەکرد و دەیانویست یاسای رەگەزپەرستی بخەنە نێو دامەزراوەکانی وڵاتەوە و لەو ماوەیەشدا ماندێلا بو بە سەکردەی هەڵمەتەکانی ئۆپۆزسیۆن دژ بەو سیاسەتانە.



سەرەتا ماندێلا بانگەشەی روبەڕوبونەوەی بێ چەکی دەکرد لە دژی سیاسەتی رەگەزپەرستی، بەڵام دوای ئەوەی

له خۆپیشاندانێکدا و له ساڵی ١٩٦٠دا، تەقە له خۆپیشاندەران کرا و بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکی ئەوگروپانە درا کە دژی ڕەگەزپەرستی چالاکی دەکەن، ماندێلا و سەرکردەکانی کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفەریقا بڕیاری هەڵگرتنی چەکیاندا.

## دەستگیرکردن و بەندکردنی

ساڵی ١٩٦١ ماندێلا بو بە سەرۆکی باڵی سەربازی کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفەریقا، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٢، ماندێلا دەستگیرکرا بۆ ماوەی پێنج ساڵ، ئەوەش بە تۆمەتی سەفەرکردن بە شێوەیەکی نایاسایی و ئەنجامدانی مانگرتن، ساڵی ١٩٦٤ جارێکی دیکە سزای بەندکردنی هەتا هەتایی بەسەردا سەپێندرا، بە تۆمەتی خیانەتی گەورە و دروستکردنی گروپی چەکداری، دوای مانەوەی بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ، دەنگی ئازادکردنی ماندێلا بەرزکرایەوە، کە بو بە سونبولی ڕەتکردنەوەی سیاسەتەی ڕەگەزپەرستی لەوڵاتدا، لەمانگی (١٠)ی یۆنیۆ و ١٩٨٠، نامەیەک بڵاوبۆیەوە کە ماندێلا بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەفەریقای ناردبو و تێیدا نوسیبوی"یەکبگرن، ئامادەبن و بجەنگن، لە نێوان جوڵانەوەی بزوتنەوەی گەل و چەکوشی روبەڕوبونەوەی چەکداری، دەتوانین ڕەگەزپەرستی راوبنێین".



ساڵی ١٩٨٥ بڕیاری ئازادکردنی ماندێلا درا لە بەرامبەر راگرتنی روبەڕوبونەوەی چەکداری، بەڵام ڕەتیکردەوە، ناوبراو تا ١١ی شوباتی ١٩٩٠ لە زینداندا مایەوە، بەڵام دوای هەوڵەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەفەریقا و فشارە نێودەوڵەتییەکان، بەبڕیاری سەرۆکی ئەوکاتی باشوری ئەفەریقا، فریدریک ولیام دی کلیرک ئازادکرا و ساڵی ١٩٩٣ ماندێلا و فریدریک خەڵاتی نۆبڵیان بۆ ئاشتی پێبەخشرا.

## سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئەفەریقی و ئەفەریقای باشور

ماندێلا لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ تا ١٩٩٧ سەرۆکی کۆنگرەی ئەفەریقی بو، لە ساڵی ١٩٩٤یشدا تا ساڵی ١٩٩٩ بو بە یەکەم سەرۆکی ڕەشپێست و لەماوەی حکومڕانیشیدا، باشوری ئەفەریقا لە قۆناغی حوکمی کەمینەوە رویکرد قۆناغی حوکمی زۆرینە، بەڵام ئەویش بێبەش نەبو لە ڕەخنەی چاودێران بەتایبەتیش بۆ روبەڕوبونەوەی ئایدز، لەگەڵ ئەو پەیوەندیە بەهێزەی لەگەڵ سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکانی دژ بە ئەمەریکا وەکو فیدل کاسترۆکی سەرۆکی کوبا.



لەماوەی سەرۆکایەتیشیدا ماندێلا جەختی دەکردەوە لەوەی " ئێمە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەک هەوڵدەدەین، کە سەرجەم هاوڵاتیانی باشوری ئەفەریقا بە ڕەش پێست و سپی پێستەوە، بە سەرێکی بەرزەوە بەرێگادا برۆن و بەبێ ترس و دودڵی، هەروەها دڵنیابن لە مافە مەدەنی و مرۆییەکانیان".

ماندێلا زۆر کات ئەم رستەیەی دوبارەدەکردەوە و دەیگوت،"لە هەمو ژیانمدا خۆم تەرخانکردوە بۆ روبەڕوبونەوەی کۆنترۆڵی سپی پیستەکان و ڕەشپیستەکان، من داکۆکی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و ئازاد دەکەم و ئامادەشم لە پێناویدا بمرم"

لە تەمەنی (٨٣) ساڵیدا ماندێلا توشی نەخۆشی شێرپەنجەی پرۆستارت دەبێت و دواتر چارەسەری پێویستی بۆ دەکرێت.

دوای ئازادبونیشی، ماندێلا لە بەشێکی بیرەوەریەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات" کە لەراستیدا ئەوان هێشتا ئازاد نەبون، چونکە ئازادی تەنها دەربازبون نیە لە کۆت و بەند، بەڵکو ئازادی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی شایەتە ژیان بەسەر بەریت و ڕێز لە ئازادییەکان کەسانی دیکە بگریت و پەرەی پێ بدەیت".

## خانەنشینکردنی

دوای کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، ماندێلا دەستبەردای پۆستەکەی بو، بەڵام بەردەوامبو لە هاوکاریکردن لە گروپ و دەستە و ڕێکخراوەکان کە کار دەکەن لە پێناو مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا و چەندین خەڵاتی ریزلێنانی لەلایەن سەرۆکانی وڵاتانی جیهانەوە پێ بەخشرا، جگە لەوەش چەندین بۆچونی تایبەتی خۆی هەبوە لەسەر کەیسی فەلەستین و ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی جۆرج دەبلیو بۆش و چەندانی تر.



ساڵی ٢٠٠٤ ماندێلا بە تەواوەتی بڕیاری وازهێنانی دا لە کاری سیاسەت و بڕیاریدا ژیانی ئاسایی خۆی بەسەر ببات کە ئەو کات تەمەنی ٨٥ ساڵ بو.

## ریزلێنانەکان لە ماندێلا

جگە لە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی ١٩٩٣دا بە هاوبەشی لەگەڵ فریدیریک ولیام دی کلریک، ماندێلا زیاتر لە ٢٥٠ خەڵاتی نێودەوڵەتی و نیشتیمانی وەرگرتوە لەماوەی ٤٠ ساڵدا.

### کە گرنگترینیان:

١- خەڵاتی جەواهیر لال نەهرۆ بۆ ئاشتی لە ساڵی ١٩٨٠

٢- وەرگرتنی خەڵاتی قەزافی بۆ مافی مرۆڤ لە هەمان ساڵدا

٣- ١٩٩٠: بەرزترین پلەی ریزلێنانی هیندی وەردەگرێت

٤- ١٩٩١: بە کۆتایی هێنان بە ڕژێمی ئاپارتید، لەگەڵ فریدیریک ولیام دی کلریک خەڵاتی **Félix-Houphouët-Boigny** بۆ ئاشتی وەردەگرن.

٥- ١٩٩٢: خەڵاتی مستەفا کەمال ئەتاتورکی رەتکردوە لەلایەن تورکیا و رایگەیاند:"ئەو خەڵاتە وەرناگرم چونکە کورد لەژێردەستی تورکیادا دەچەوسێتەوە."

٥- ١٩٩٥: خەڵاتی دکتۆرای شەرەفی وەرگرت لە زانکۆی واسید.

٦- ١٩٩٦: لە پورتوگال خەڵاتی ڕێزلێنانی لە پلەی **Infante Dom Henrique** وەرگرت.

٧- ٢٠٠٢: لەلایەن جۆرج دەبلیو بۆشەوە خەڵاتی ئازادی سەرۆکایەتی پێ بەخشی، لەهەمان ساڵیشدا لەلایەن شاژنە ئیلیزابێسی دوەم ڕێزلێنانی پێبەخشرا.

٨- ٢٠٠٤: لەلایەن یانەی بۆدابێستی رۆمانییەوە، خەڵاتی رۆشنبیری هەسارەی پێبەخشرا.

٩- ٢٠٠٦: لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردەی نێودەوڵەتییەوە خەلاتی نوێنەری هۆشیارکردنەوەی پێبەخشرا.

١٠- لە مانگی ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩ دەستی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕۆژی ١٨ تەمموزیان وەک ڕۆژی نێودەوڵەتی ماندێلا دەستنیشانکرد.

### لە گرنگترین وتە بەناوبانگەکانی نیلسۆن ماندێلا

١- ئێمە خۆمان دەکوژین، کاتێک هەڵبژاردەکانمان لە ژیاندا کەمدەبێتەوە.

٢- لێبوردەیی مافە، بەڵام نابێت رابردو بەتەواوەتی لەبیر بکەین.

٣- گەورەیی ئەم ژیانە لە کەوتندا نیە، بەڵکو هەستانەوەیە لەدوای هەمو کەوتنێک.

٤- هیچ شتێک وەک گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنە نیە، کە بەبێ گۆڕانکاری ماوەتەوە و دواتر دەبینی چ گۆڕانکارییەکت تێداکردوە.

٥- ئازادی بە پێک نادرێت، مرۆڤ دەبێت بەتەواوەتی ئازاد بێت یان بە تەواوەتی ئازاد نەبێت.

٦- گەمژەکان پێش ئەوەی بمرن، ڕۆژانە دەیان جار دەمرن، بەڵام بەهێزەکان تەنها یەکجار تامی مردن دەکەن.

٧- من لە نێوان دو جیهاندا هاتوچۆ دەکەم، یەکێک مردوە و ئەوەی دیکەشیان ناتوانێت لەدایک بێت، هیچ شوێنێک نیە سەر بخەمە سەری تاوەکو پشو بدەم.

٨- ئەگەر لە زینداندا بێمە دەرێ و هەمان ئەو دۆخە ببینمەوە کە لەسەری زیندانیکراوم، ئەوا هەمان کار دەکەمەوە لە پێناویدا کە لەسەری دەستگیرکرام.

سەرچاوە : ماڵپەڕی سبەی / ڕێکەوتی : ٧ی دێسامبری ٢٠١٣

## لە زیندانەوە بۆ سەرۆکی وڵات.. ماندێلا کۆچی دوایی کرد

### چاودێرنیوز

نیلسۆن ماندێلا، ناوی تەواوی (ڕۆلیهلا لا نیلسۆن ماندێلا) یە، لە ١٨ ی تەمموزی ساڵی ١٩١٨ لەترانسکای باشووری ئەفریقا لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لەئەفریقا دەستپێکردووە، لەدوای دروستکردنی چەندین ئاستەنگی لەبەردەمیداو بۆ ئەوەی دای ببڕن لەخوێندن، بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر درێژەدان بەخوێندنەکەیو توانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەستبێنێت.



ماندێلا سەر بەخانەوادەی (مادیبا) یە کە خێزانێکی بەناوبانگن لەئەفریقای باشوور، باوکیشی یەکێکبووە لەسەرۆکەکانی خێڵی (تیمبۆ)، بۆیە دوای مردنی باوکی راستەوخۆ ماندێلا دەستنیشانکرا کە جێگەی باوکی بگرێتەوە.

لەماوەی خوێندنی زانکۆیدا، نیلسۆن ماندێلا چەند جارێک جیاکرایەوەو دابڕێندرا لەخوێندن ئەویش لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەناوی (ئۆلیڤەر تامبۆ)، بەتۆمەتی هاندانی خوێندکاران بۆ مانگرتنو نارەزایی لەدژی سیستەمی حوکمڕانیوڵات.

لەبەرامبەر هەموو ئەو گیرگرفتانەی بۆی دروستکران، یەکەم کاردانەوەی ماندێلا راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن بوو لەساڵی ١٩٤٢، لەو ساڵەدا ماندێلا پەیوەندیکرد بەرێکخراوی ئەنجومەنی نەتەوەی ئەفریقی بۆ پاراستنی مافی رەشپێستەکان.

ساڵی ١٩٤٢ ماندێلا بوو بەفەرماندەی ئۆپۆزسیۆن‌و بەرهەڵستی لەوڵات، ساڵی ١٩٥٠ ماندێلا پەیوەندی بەهێزی دروستکرد لەگەڵ هەموو سەرۆک هۆزەکانی‌وڵاتەکەیداو توانی پاڵپشتێکی بەهێز پەیدا بکات، تاوەکو ساڵی ١٩٦٠ بۆ ساڵی ١٩٦١، ماندێلا بوو بەسەرۆکی باڵی سەربازی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی.

هەروەها لەشوباتی ساڵی ١٩٦٢ ماندێلا دەستگیرکراو بەسزای پێنج ساڵ زیندانی حوکمدرا، ئەویش بەتۆمەتی سەفەرکردن بۆ دەرەوەی‌وڵات بەشێوەیەکی نایاسایی‌و رێکخستنی مانگرتن‌و توندتیژی، هێشتا ماوەی حوکمی پێنج ساڵەکەی زیندانی کۆتایی نەهاتبوو، جارێکی دیکە حوکمدرایەوە بەدرێژایی هەموو ژیانی، ئەمجارەیان بەتۆمەتی پلان دانان بۆ کردەوەی چەکداری،واتە سزاکەی هەتا هەتایی بوو، چونکە ئەوکات تۆمەتی ئەوەیاندایە پاڵ ماندێلا کە ئەو خیانەتی لەوڵاتەکەی کردووە، بەڵامووەکو چاودێران، دەڵێن: "ئاکارو رەوشتی ماندێلا، هەمیشە خاڵی بووە لەخیانەت‌و بیری جوداخوازی".

لەکتێبی تایبەتی نیڵسۆن ماندێلا دا بەناوی (دیالۆگ لەگەڵ خۆمدا) کەوەرگێردراوەتە سەر ٢٢ زمانی جیاجیای جیهان‌و تایبەتە بەژیانی خۆی، ئەو خۆی باس لەژیانی خۆی دەکات‌و دەڵێت:

ئەو کوختەی منی تیا دەژیام، هیچ جۆرە پێویستییەکی تیانەبوو، من لەسەر حەسیر دەنووستم، زەوی کوختەکە هیچ جۆرە راخەرێکی بۆ دانیشتن تیانەبوو، تاماوەیەکی زۆریش نەمدەزانی سەرین چییە! خواردنمان تەنها ئەو شتانەبوو کەخۆمان بەرهەمماندەهێنان، دایکم خۆی گەنمە شامی دەچاندو درەوی دەکرد.

لەتەمەنی پێنج ساڵیدا بووم بەشوان‌و چاودێری مەڕو ماڵاتم دەکرد، هەر لەو دەشتانەداوانەی تازە فێربووم، راوی تەیرو تواڵ بەقۆچەقانی‌و کۆکردنەوەی هەنگوین‌و میوەو ریشەی خۆراکو خواردنەوەی شیری گەرم‌و شیرین، مەلەکردن لەرووبارەکانداو ماسی گرتن بەقولاپ.

منیش‌وەک هەموو منداڵەکانی تیرەی خوسا، تەنها لەرێگەی بینینەوە هۆشیاریم پەیداکردو فێری زانست بووم. ئێمە زانیاریمان بەهۆی چاولێکردنەوە بەدەستهێنا، نەک لەرێی پرسیارکردنەوە، پرسیارکردن لەناو خێزانی ئێمەدا زۆر زەحمەت بوو، کە بۆ یەکەمجار لەماڵی یەکێک لەسپی پێستەکاندا منداڵەکانم بینی چۆن پرسیار لەباوکو دایکیان دەکەن سەرم سوڕما، باوکم‌و دایکم ئەوەیان پێناخۆش بوو، دەبوو ئێمە رێز لەهەموو دابو نەریتێکی کۆمەڵایەتی‌و ئایینی بگرین‌و حەرام‌و حەڵاڵ بزانین.

خەڵکی پەیرەویان لەباوو باپیریان دەکردو ژنانیش، هەرچییەکیان بەمیراتی بۆ مابووە، ملکەچی بوون لێیان لانەئەدا، ئەگەر یەکێک بەهەر شێوەیەک بێرێزی بەرامبەر باوو باپیرانی بکردایە، دەبوو بەرامبەر بەو تاوانە بڕواتە لای سەرۆک یان جادوگەری خێڵ تاوەکو داوای لێخۆش بوون بکات، ئەمانە لای من ئاسایی بوو سەرەتای ژیانی من ئاوا دەستییپێکرد.

ماندێلا لەبەشێکی تری کتێبەکەیدا ئەوە دەگێرێتەوە، کە کاتێک دایکی لەگوندەکەیەوە بەناوی گوندی (کیونو) بۆ خوێندن دەیبات بۆ گوندێکی پێشکەوتوتر بەناوی گوندی (مەکهکزون)و لەوێ لەماڵی سەرۆک خێڵێکدا، کە هاورێی باوکی بوو دەمێنێتەوە.وەک هەستێکی منداڵی، بەتەواوی خۆی‌وەک لادێییەک دێتە بەرچاوو شەرم دایدەگرێت، بەناچاری خەمی ئەوەی لێدێت کەچۆن لەگەڵ ئەو دۆخە تازەیەدا رابێت، هەست بەدواکەوتووی دەکات‌و لەگەڵ (ڤینسی) کچی قەشەیەکدا پەیمان دەبەستێت، پیاسەی لەگەڵ دەکات‌و دڵی بەدەستدەهێنێت، بەڵام خوشکە گەورەکەی ڤینسی گاڵتەی بەو خۆشەویستیە دێت‌و دەیەوێت بەهەرشێوەیەک بێت خوشکەکەی پەشیمان بکاتەوە، چونکە بەردەوام پێی، دەڵێت: "ئەو کوڕە.. گوندیی‌و کێوییە، دواکەوتووەو هیچ لەئەتەکێتی شارستانێتی نازانێت".

هەر بۆ سەلماندنی ئەو راستیە، خوشکەکەی ڤینسی رۆژێک بۆ نیوەڕۆ خوانێک داوەتی ماندێلا دەکات، ماندێلاش پێشئەوەی دەست بەخواردن

بکات، دەکەوێتە هەستکردنو چاودێری ئەوانی تر دەکات تابزانێت ئەوان چۆنو بەچ شێوەیەک نانەخۆن، ئەو هەروا فێر بووە کە بەدەست نان بخوات، بەڵام کە دەبینێت میوانەکانی تر چەقۆو چنگاڵ بەکاردەهێنن، ئەویش چاویان لێدەکاتو هەر بەو دەستورە دەکەوێتە گیانی باڵە مریشکێک، بەڵام چەند دەکۆشێت ئەوکارەی بەچاکی بۆ ناکرێت، ئەوەندە چەقۆو چنگاڵ بەقاپەکاندا دەکێشێت کە ئەوانی تر لەتەقەتەقەکەی رادەمێننو بێزار دەبنو دەکەونە تەماشاکردن، خوشکە گەورەکەی لەڤینسی رادەمێنێتو وەک پێی بڵێت!! پێم نەوتیت ئەو کورە چ گوندیەکە؟!! بەڵام ماندێلا وەک خۆی دەڵێت: "من هەر ئارەقەم دەرشتو نەمدەویست دان بەشکستەکەمدابنێمو بەدەست باڵە مریشکەکە بخۆم، بۆیە ئەو رۆژە تا رادەیەکی زۆر بەبرسێتی مامەوە".

دوای تەواوکردنی زانکۆ، ماندێلا دەگەڕێتەوە گوندەکەیو دەیانەوێت بەزۆر ژنی بۆ بهێنن، لەتاودا هەڵدێتو روو لە (جۆهانسبێرگ) دەکات، کە ئەوکات سەنتەری دەسەڵاتو چالاکی سیاسیو ئابووریو رێکخراوە جۆر بەجۆرەکان بووە، ماندێلا هەوڵیداوە لەوێ ببێتە کارمەندو خوێندنی یاساییش بخوێنێت، لەوێ ئەو دیمەنە نامۆیانە دەبینێت کەمانای رەگەزپەرستی سپی پێستەکانە، لەوە دەگات کەسپی پێستەکان رەش پێستی رەسەنیوڵاتەکەی بەنۆکەری خۆیان دەزانن، تەنانەت بەو پەرداخو پیاڵانەش چا ناخۆنەوە، کە ئەوان دەمی تێوە دەدەن، هەروەها دەسەڵاتی تەواوی کارگەو کۆمپانیاکانی لەژێر دەستی ئەواندایە کە بەئارەزوی خۆیان یاری بەچارەنووسی رەش پێستەکان دەکەن، بەڵام ماندێلای بەویژدان باس لەهەستی مرۆڤانەی ئەو سپی پێستانە دەکات کەگیانی رەگەزپەرستیان تیادا نییەو لەگەڵ رەش پێستەکاندا بەخۆشەویستی دەژین، بەتایبەتی ئەو لاوانەی بیری کۆمۆنیستیان تیابووەوویستوویانە رژێمو کۆمەڵگاکە بگۆڕنو کێشەی رەگەزپەرستی نەهێڵن.

هەرچەندە ئەو بەشێوەیەکی رەسمیوابەستەی پارتی کۆمۆنیست نەبوو بوو، هەروەها لەدیدێکی ترەوە بۆ چارەسەری کێشەی گەلەکەی دەگەڕا، بەڵام بەهۆی هاوڕێ کۆمۆنیستەکانیەوە ئامادەی زۆرێک لەدانیشتنو گفتوگۆیان بووەو تاڕادەیەکی باشیش لەفەلسەفەی مارکسیەت تێگەیشتبوو.

ئەو لاوە رەشپێستەوەک لەمنداڵیدا بەبێبەش ژیاوە، لەلاوێتیشدا هەروابووە، کاتێک لەشارۆچکەی (ئەلکساندرا) لەسەر کار دادەمەزراوە، پارەی ئەوەی پێ نەبووە چرایەک بکڕێت، بەناچاری لەبەر گڕی مۆمدا خوێندوویەتییەوە، لەشارۆچکەکەوە تا ئەو ماڵەی بەکرێی گرتووەو تیایدا ژیانی بەسەر بردووە، کە نزیکەی شەش میلە، زۆرجار ئەو رێگە دوورەی بەپێ بڕیوە، لەبەرئەوەی کرێی ئوتۆمبێلی پێنەبووە. رۆژانەش لەخواردنی چاکو خۆش بێبەش بووە، تەنها قاتێک جلیشی هەبووە تەنانەت هاوڕێیەکی کە هەمان قەدو باڵای ئەوی هەبووە، قاتێک جاکەتو پانتۆڵی خۆی داوەتێ، ماندێلا بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش بەپینەو پەڕۆ لەبەری کردووە، کە لەجۆهانسبێرگ بووە، هەرلەوێ دامەزراوە بەکارمەندی کۆمپانیایەک، ئیتر لەوێوە کەوتووەتە ناو کۆڕی سیاسەتەوە، چونکەوەک خۆی، دەڵێت: هەموو هاونیشتمانیەکی باشووری ئەفریقا هەر بەمنداڵی هەست بەوە دەکات کە لەژێر سیستەمی رەگەزپەرستانەی سپی پێستەکاندا دەژی، جیاوازی ئەو دووانە لەڕووی یاساییو مامەڵەی رۆژانەوە ئەوەندە زۆرە کەناتوانێت چاوپۆشی لێبکەیت، چونکە ئەو منداڵە رەشە لەخەستەخانەیەک لەدایکدەبێت کەتایبەتە بەرەشپێستو لەقوتابخانەیەکیش دەخوێنێت کە تەنها هەر بۆ رەش پێستەکانە، هەروەها ناشتوانێت سواری ئەو ماشێنە بێت کە هی سپی پێستەکانە، ناتوانێت بەکەنار رووبارێکدا تێپەڕێ کەتایبەتە بەسپی پێستو سەعات یانزەی شەو پیاسەی سەر شەقام بۆ ئەوان نابێت، بێکاری تاوانەو کارکردنیش لەهەندێ شوێندا بۆ رەشپێست هەر تاوانە، رەش پێست چەندە یاساناسێکی بەتواناو بەهرەمەندبێت، بەڵام هەرگیز ناکرێتە دادوەرو قازی.

دوای ئەو هەموو جیاوازییەو هەستکردن بەو دژایەتیکردنەی کە لەرەش پێستەکان دەکرێت، ماندێلای رەش پێست بەو هەستە پڕەوە بەگژ بیروباوەڕی ئاپارتایتدا دەچێتەوە کە بەپێی ئەو ئایدیایە دەبوو سپی پێست لەسەرووی رەشپێستەکانو هندیەکانەوە بن،واتە دەبێت سپی پێست هەمیشە بەسەرۆکی بمێنێتەوە، ئەگەرچی کەمینەی دانیشتوانیوڵاتەکەش بن، لەو رووەشەوە ماندێلای تێکۆشەر لەرێگەی چالاکیە سیاسییەکانیەوە بووە سەرۆکی کۆنگرەی میللی ئەفریقا، کە گەورەترین رێکخراو بوو لەسەر ئاستی هەموو کیشوەرەکەو داوای یەکسانیو نەهێشتنی نەژادپەرستی ئازادییان دەکرد لەئەفریقای باشووردا.

بەڵام دەسەڵاتدارە رەگەزپەرستەکان هەستیان بەمەترسی ئەو لاوە روناکبیرو ئازادویستە کردووە، هەر بۆیە بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ لەبەهاری لاوێتیەوە دەیخەنە زیندانەوە، تا ساڵی ١٩٩٠و لەتەمەنی حەفتاو دوو ساڵیداو لەژێر فشارێکی نێودەوڵەتیدا ئازادکراو بووە سەرۆک کۆماری ئەووڵاتەو خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیشی پێبەخشرا.

ماندێلای مەزن دوای رزگاربوونی لەبەندیخانە، لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە داوای سەردانی ئەووڵاتەی لێکرا، بەڵام ئەو بەتوندی داواکەی رەتکردەوەو بەحکومەتی ئەنکەرەی،وت: "من نایەم بۆوڵاتێک خوێنی کورد برژێتو سیاسەتی جیاکاری لەگەڵ گەلی کورددا جێبەجێ بکات".

نیلسۆن ماندێلا سەرۆکی پێشوی ئەفریقای باشور لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا دوای مانەوی بۆ ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد.

هەواڵی مردنی ماندێلا لەلایەن جاکۆب زۆبا سەرۆکی ئەفریقای باشور راێگەیاندرا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی چاودێر نیوز / ڕێکەوتی : ٦ی دێسامبری ٢٠١٣

## ئاوابوونی ئەستێرەکەی تێکۆشان

**شەهاب عوسمان**

ماندێلای مەزن خاوەن خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی ساڵی ١٩٩٢ خەڵاتی ئاشتی ئەتاتورکی رەتکردەوەو ڕایگەیاند گەر لێم دەپرسن بۆوەری ناگرم..؟ باتەنیا بۆیەک چرکە تورکێک خۆی بکاتە کورد.



رۆژی ٥/١٢/٢٠١٣، سەرۆکی ئەفریقای باشور هەواڵی مردنی ماندێلای تەمەن ٩٥ ساڵی لەجوهانسبێرگ راگەیاند، ئەم هەواڵە سەرتاپای میدیاکانی جیهان بەبایەخەوە گرنگیان پێداو بووە هەواڵی گەرمو دڵگرانی بۆهەموو ئازادیخوازانو هەوادارانی رێبازی ئاشتیو دیموکراسی بەدوای خۆیدا هێنا.

ماندێلا کەسایەتی جیهانی، یەکەمین سەرۆکی رەشپێستی ئەفریقای باشور هێمای سەرکردەیەکی مەزن بوو کە لەپێناو نەهێشتنی جیاوازی رەگەزپەرستیدا خەباتی کردو لەو پێناوەشدا سزای زیندانی کردنی هەتاهەتایی بۆدەرچوو، ماندێلا ٢٧ ساڵی لەزینداندا تەواوکردووەک خۆی دەڵێت "١٥ ساڵ بە ژمارە ۴۶۶۶۴ ناودەبرام".

ماندێلا ساڵی ١٩١٨ لەدایکبووەو خوێندنی یاسای تەواوکردووەو یەکەمین نوسینگەی پارێزەریەوەک پارێزەرێکی رەشپێست داناوە، ساڵی ١٩٥٢ کاری سیاسی دژی جیاوازی رەگەزپەرستی لەسەردەمی خوێندندا دەستپێکردووەو کۆمەڵەی لاوانی لەکۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیدا دامەزراندووە.

ساڵی ١٩٦٠ بەشداری خەباتی چەکداری لەدژی جیاوازی رەگەزپەرستی کردووە، ساڵی ١٩٦٢ دەستگیردەکرێتو حوکمی هەتاهەتایی دەدرێت لەگەڵ کۆمەڵێک هاورێی، ٢٧ ساڵی زیندانی بەرێدەکاتو دواتر لەگۆڕانکارییەکی سیاسیدا بەمەرج ئازاد دەکرێت.

تێکۆشانی ماندێلا لەپێناو نەهێشتنی جیاوازی رەگەزپەرستی لەناوەوەو دەرەوەی ئەفریقا چ لەکۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیدا چ لەسەرئاستی پشتگیریوهەماهەنگی دنیادا پەرەدەسێنێ.

لەژێر فشاری ئەو هەلومەرجەدا ساڵی ١٩٨٥ ماندێلا کە بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر لەچەند مەترێکدا بەداخراوی دەژیا لەزیندانی ڤیستر لە پۆلسمۆر شوێنو جێگای نوێیان بۆ تەرخانکرد ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ جۆرێک لەخوێندنەوەی ماندێلاو کەیسو کێشەکەیو کرانەوەیەکیش بەڕوویواقعو هەنگاوونان بەئاراستەی چارەسەری کێشەکانو کرانەوەو مافە دیموکراسیەکاندا.

هەر لەژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانەو فشاری بزوتنەوەی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیو ململانێیی دەسەڵاتو جۆرێک لە تێگەیشتن لەلایەکو لاوازبوونی حکومەت لەلایەکی تر!! دەرفەتی بۆچوونە دەرەوەو گەڕانو دواجار لەسەر پێشنیاری حکومەت داڕینکردنی ژیانێک لەخانویەکی دەرەوەی زینداناوەک جۆرێک لەژیانی دەستبەسەری بۆ دەستەبەرکرد..! بەمەبەرجێک لەتوندوتیژییەوە نەگلێو کاریگەری لەسەر تێکچوونی ڕەوشیوڵات نەبێت.

ساڵی ١٩٩٠ ماندێلا ئازادکراو هەر لەوێشەوە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسا لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی حزبەکەیدا بکەوێتە گفتوگۆوە بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیودانوساندن، دواتر ماندێلا بەسەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا هەڵبژێردرا.

ماندێلا ساڵی ١٩٩٣ خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی پێ بەخشراو دی کلارکی سەرۆکی ئەوسای ئەفریقا بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوو.

ساڵی ١٩٩٢ ماندێلای مەزن خەڵاتی ئاشتی ئەتاتورکی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند: گەر لێم دەپرسن بۆوەری ناگرم با تەنیا بۆیەک چرکە تورکێک خۆی بکاتە کورد.

ساڵی ١٩٩٤ بوو بەسەرۆکی ئەفریقای باشوور، ساڵی ١٩٩٩ دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی خۆی بووو دەرفەتی بۆ لاوانیوڵاتەکەی ڕەخساند.

دواین دەرکەوتنی ماندێلای مەزن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٠ لەکاتی پاڵەوانێتی کاسی جیهانی تۆپی پێدا بوو کە لەبەردەم هەزاران بەشداربوودا کاسی پاڵەوانیەتییەکەیوەک شانازییەک بۆ ئەو خولە لەوڵاتەکەیدا گرتە باوەش.

لەیەکەم کاردانەوەشدا پاش چەند سەعاتێک لە مردنی، ئۆباماى سەرۆکیویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەزاری قسەکەری ڕەسمی کۆشکی سپییەوە ڕایگەیاند: "کلتورێکی ئازادیوئاشتی، زیاتر لەکەسێکی کاریگەرمان لەئازایەتیو چاکە هاوشێوەی غاندی لەدەستدا".

دەیڤد کامیرۆنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاش داوایکرد ئاڵایوڵاتەکەی لەبەردەم سەرۆکایەتی حکومەتداوەک ڕێزلێنانێک بۆ ماندێلای گەورە داگیرێت.

وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لوران فابیوس پێیوابوو ڕوناکییەکی گەورە، پاڵەوانێکی هەمیشەیی بەهێز دیارنەما.

ئەنگێلا مێرکل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لەبەرلینەوە ڕایگەیاند: ئەڵمانیا غەمبارە بەکۆچی ماندێلا.

بانکی مۆن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانوتی: ماندێلا پاڵەوانو هێمای عەدالەت بوو.

ماندێلا پاڵەوانی تێکۆشان دژی جیاوازی ڕەگەزپەرستیو یەکەمین ڕەشپێستی هەڵبژێردراوی ئەفریقای باشور کە ساڵانێکی زۆر چ لەخەباتی ئاشکراو نهێنیو ناو زیندانەکانداو چ لەئازادیدا پەیامی ئاشتیو پێکەوە ژیانی لەسەر حسابی خۆڕاگریوئازارو زیندانو ڕوبەڕوبوونەوەو پشودرێژی کردە پەیامی مرۆڤایەتی بۆ خوێندنەوەی یەکتریو یەکتر قبوڵکردنو بەرقەراربوونی ئاشتیو کۆتایی هێنان بەزوڵمو چەوسانەوە.

ماندێلاوەک کەسایەتییەکی کاریگەری ئیلهام بەخشی دۆستایەتی گەلانو هەڵوێستی مرۆڤانەو نمونەیەکی جوان لەحکومڕانیو بڕوابوون بەنەوەی نوێو بەردەوامی قوتابخانەیەکی کاریگەری ڕێگەی دیموکراسی بووەو دنیا بۆی بەداخەو میدیاکانی دنیا بەبایەخەوە تێیی دەڕوانن و خوێندنەوەی لەسەر دەکەن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی یەکیەتی لە دەرەوەی وڵات / ٦ی دێسامبری ٢٠١٣

## ئەو وتانەی نیلسون ماندێلا کە نابێ فەرامۆشیان بکەین

**بێستون کاکەیی**

نیلسون ماندێلا ساڵی ١٩١٨ لە دایک بووە. یەکەمین سەرۆککۆماری ئەفریقای باشوور بوو کە لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیدا بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرا.



پێش بوونی بە سەرۆککۆمار یەکێک لە چالاکوانانی ناسراوی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور بوو.

بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ زیندانی کرا و ساڵی ١٩٩٠ پاش ئازادبوونی لە زیندان، سیاسەتی ئاشتیخوازی گرتەبەر و رۆڵی گرنگی لە پێشخستنی دیموکراسی لە ئەفریقای باشوور گێڕا.

خەڵکی ئەفریقا بە باوەگەورە بانگیان دەکرد.

لە چەندین بۆنەدا داوای لە حکومەتی تورکیا کرد مافی کوردەکانی ئەو وڵاتە بە فەرمی بناسێنیت.

ئەو شۆرشگێڕە پاش ٩٥ ساڵ ماڵئاوایی لە ژیان کرد و جیهانی بەجێهێشت، بەڵام یاد و قسەکانی بۆ هەمیشە لەناو خەڵکدا دەمێنێتەوە و فەرامۆش ناکرێ.

### هەندێ لە وتەکانی نیلسۆن ماندێلا کە نابێ فەرامۆشی بکەین:

هەموو رۆژێک بەیانی ئاسکێک لە خەو هەڵدەستێ کە دەزانێ دەبێ خێراتر لە شێر رابکات بۆ ئەوەی نەبێتە خۆراکی شێر، شێرەکەش دەزانێ دەبێ خێراتر لە ئاسکەکە رابکات بۆ ئەوەی لە برسا نەمرێ. گرنگ نیە شێر بێ یان ئاسک، لەگەڵ تیشکی بەرەبەیان بە هەموو توانات ئامادەی راکردن بە.

گرنگ نیە جوان بی، جوان ئەوەیە گرنگ بی، تەنانەت بۆ تاکەکەسێک

ژیان زۆر جوانە ئەگەر بزانی چۆن بژی.

باوەڕ بە گومانەکانت مەکە، گومانیشت نەبێ لە باوەڕەکانت.

سەرکەوتن بەرەوپێشچوونە نەک گەیشتن بە خاڵی کۆتایی.

با خۆشەویستی بەشێک بێ لە سروشتی تۆ نەک پەیوەندی تایبەتی تۆ لەگەڵ کەسێکدا.

بچووک بەو عاشق بە.. عیشق بۆ خۆی دەزانێ چۆن گەورەت بکات.

ئەگەر بڕیار بێ خوێن بە خوێن بشۆین تووشی بەدبەختی دەبین، ببورین بەڵام فەرامۆش نەکەین.

بوێری بە مانای نەترسان نیە، بەڵکو بوێری سەرکەوتنە بەسەر ترسدا.

لە خواوەند پرسیارم کرد: خوایە گیان چۆن دەتوانین باشتر بژین؟

خوا وڵامی دایەوە: قبوڵی رابردووت بکە بەبێ هیچ خەمخواردنێک، بە متمانە بەخۆبوون لە ئێستەدا بژی و بەبێ ترس ئامادە بە بۆ داهاتوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی باس نیوز نێت / ڕێکەوتی : ٧ی دێسامبری ٢٠١٣

## رابەرێتی نیڵسۆن ماندێلا

گۆشەیەکی هەفتانەیە، سروە نوری ئەزیزو هۆمەر قەرەداغی دەینووسن

فیلمی ئەمریکی Invictus تەنیا فیلمە کە باس لەکاتی سەرۆکایەتی ماندێلا لەئەفریقای باشووردا دەکات. لەفیلمەکەدا ماندێلا بەهەموو شێوەیەک هانی تیپی ناسراوی روگبی Springboks دەدات کە پلەی یەکەم لە پێشبڕکێی جیهانی ساڵی ١٩٩٥ بەدەستبهێنێت. پێشبرکێکە لەئەفریقای باشوور بەڕێوەدەچوو. ئەم یارییە لەسەردەمی ئەپارتایدا تەنیا تایبەت بوو بەسپی پێستەکان. ئەم تیپەش یاریزانەکانیان سپی پێست بوون. ماندێلا دەیویست لەم ڕێگایەوە وڵاتو گەل یەکبخاتو پرۆسەی سازێژبوونی ئەو هەموو برینەی کە ئەپارتاید لەدوای خۆیدا بەجێی هێشتبوو، دەستپێبکات.



پێش دەستپێکردنی کێبڕکێی نێوان تیپەکان، سەرۆکایەتی ڕێکخراوی وەرزشی وڵات دەچنە لای ماندێلاو داوا دەکەن کەوا پێویست دەکات ناو و ئاڵای تیپەکە بگۆڕدرێت، تا زیاتر لەگەڵ ئەمرۆی سەرۆکایەتی رەشپێستی وڵاتدا بگونجێت. بەڵام ماندێلا پێشنیازەکەیانی پەسەند نەکرد، پێیوتن بۆ ئەوەی سپییەکان هەستبکەن کە لەوڵاتی خۆیاندان، نابێت هێماو پیرۆزییەکانیان لێ زەوت بکرێت. ئێوە تەنیا بیر لەخۆتان دەکەنەوەو خۆپەرستن. ئەمەش بۆ گەلی ئەفریقای باشوور باش نییە.

نووسەرو رۆژنامەنووسی ئەمریکی Thomas Fridman لەرۆژنامەی New York Timesدا دەنووسێ «چەندین وانەی رابەرێتی لەم هەڵوێستەی ماندێلادا هەیە،
یەکەم: رابەر دەتوانێت دەسەڵاتێکی مۆراڵی بەدەستبهێنێت بەوەی کە هەندێجار دژی ئەندامان و لایەنگرانی خۆی بوەستێت، نەک تەنیا دژی لایەنی بەرامبەر. سەرۆکایەتی ئاسانە گەر رابەر هەمیشە ئەوە بەلایەنگرانی خۆی بڵێت کە دەخوازن بیبیستن. سەرۆکایەتی ئاسانە ئەگەر سەرۆک دیاری ببەخشێتەوە. سەرۆکایەتیکردن ئاسانە ئەگەر هەموو شتێک بەباشی بەڕێوە بچێت، بەڵام ئەوەی کە بەڕاستی سەختو دژوارە ئەوەیە کە رابەر بتوانێت وا لەکۆمەڵ بکات کە شتێکی گەورەو سەخت پێکەوە ئەنجام بدەن. لەئەفریقای باشووردا، داواکردن لەسپی پێستەکان کە دەستبەرداری

دەسەڵات بن بۆ زۆرینە، بۆ رەشپێستەکانی بەجێبهێڵن، هاوکاتیش داوا لەخەڵکەکەی خۆی بکات، لەرەشپێستەکان، لەدوای ئەو هەموو ساڵەی سیاسەتی کوشندەو سەختی دەسەڵاتی سپییەکان، تۆڵە نەکەنەوە. سەرچاوەیەکی تری دەسەڵاتی موراڵی ماندێلا وتنی راستی بوو بەخەڵکەکەی خۆی، نەک تەنیا ئەوەی کە دەیانخواست گوێیان لێبێت».

گەورەیی نیڵسۆن ماندێلا لەوەدابوو کە هەمیشە رۆڵی خۆی بچووک دەکردەوە. گۆڕانی سیستمی ئەفریقای باشوور لەسیستمێکی رەگەزپەرستییەوە بۆ سیستمێکی دیموکراسی نەیکردە باسی خۆیو باسی ٢٧ ساڵەی زیندانی و تۆڵەکردنەوە.

ساڵی ١٩٦٤ ماندێلا لەگەڵ کۆمەڵێک لەهاوڕێیانی ANCی بەتاوانی تەقینەوەو کاری تێکدان لەدادگای Rivoniar دادگایی دەکرێت. لەم دادگایەدا ماندێلا وتارە بەناوبانگەکەی خۆی پێشکەش دەکاتو دان دەنێت بەو کارانەی کە کردوویەتیو دەڵێت «هەموو ئەو چالاکییانە لەپێناوی دادپەروەریدا کردوومنو ئامادەم لەپێناویدا بمرم، ئەگەر پێویست بکات. من لەپێناوی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی کە هەموو تاکێکی کۆمەڵ بواری پێشکەوتنو گەشەکردنی هەبێت تێدەکۆشم، دژی سەروەرییو تاکڕەویی سپییەکانم، دژی سەروەرییو تاکڕەویی دەسەڵاتی رەشەکانم...».

ماوەی دە رۆژ خەڵکی ئەفریقای باشوور بەگۆرانیو بەسەماو بەئاڵای رەنگاورەنگ ماڵئاواییان لەماندێلا کرد. لەگەڵ ئەوەی کە نیڵسۆن ماندێلا لەسەرۆکایەتی وڵاتو ANC دوورکەوتبۆوە، بەڵام هەمیشە مایەی هیوا بەخشین بوو بۆ خەڵکی وڵاتەکەی. ئێستاش لەدوای نەمانی ماندێلا گەلانی وڵاتەکەی هیوایان بەو دەستوورە دیموکراسییەیە کە لەدوای نەمانی ئەپارتایدا نووسراوە. بەهیوان کە یاسای سەرۆکایەتی وڵات، وەک نامیبیا، نەگۆڕێت تا سەرۆکێک چەند جار بیەوێت بۆ سەرۆکایەتی خۆی کاندید بکاتەوە. هیوایانە کە هەرگیز شەڕی نێوان سپی پێستەکانو رەش پێستەکان روونەدات. کاتێک کە نیڵسۆن ماندێلا قسەی دەکرد، هەموو دنیا گوێی دەگرت!

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / رێکەوتی : ١٨ای دێسامبری ٢٠١٣

## سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ ژیان و سپاردەی ماندێلا بەرزڕادەگرێت

لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی

سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ بە قووڵی کاریگەر و دڵتەنگە بە کۆچی دوایی نیڵسن ماندێلا، ئەو پیاوەی، کە نوێنەرایەتی خەباتی نەتەوەیەک بە گشتی دەکات بۆ ئازادی، بوو بە سمبولێک بۆ دادپەروەریی و ئاشتبوونەوە و ئاشتی بۆ هەموو جیهان



ژیانی ماندێلا کاریگەریی کردۆتە سەر ژمارەیەکی بێشوماری خەڵک لەسەرانسەری جیهاندا.سووربوونی ئەو بۆ کۆتایی هێنان بە رەگەزپەرستی و سیاسەتی جیاکاری رەگەزی (ئەپاتایت) و مرۆڤایەتی ئەو لە مامەڵەکردن لەگەڵ ترس و تۆقاندنەکانی رابردو، و دروستکردنی بنەماکانی داهاتوویەکی هاوبەش بۆ هەمووان لە ئەفریکای باشووردا، زەمینەی خۆشکرد بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی نوێی گەردوونی بۆ سەدەی بیست و یەکەم- کە تاکە کۆمەڵگای گونجاو بێت کە پرنسیپەکانی لێبوردەیی و رێز و ئاشتی و دیمۆکراسی و ئازادیی و مافەکان لەخۆبگرێت. ئەوە میراتی سەرەکی ئەوە، و ئەمڕۆ کۆی بزوتنەوەکەمان

ڕێز لە پیاوێکی دەگمەن دەنێت، پیاوێک کە باشترین پشتیوانی تێڕوانیەکانی ئێمە بوو بۆ دونیایەکی باشتر و کۆمەڵگایەک کە تیایدا هەلەکان بۆ هەمووان بێت و یەکێتی ڕاستەقینە لەنێوان گەلان و نەتەوەکاندا فەراهەم بێت.

ماندێلا لە (خێڵی سێمبوو) و لە پارێزگای (ئیسترن کەیپ)ی باشووری ئەفریکا لەساڵی ١٩١٨ لەدایک بووە. بەدرێژایی تەمەنی ماندێلا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لەبەرخۆشەویستی بە نازناوە خێڵەکیەکەی خۆی (ماندیبا) ناویان بردووە.

لەساڵی ١٩٤٣ دا ماندێلا، چۆتە زانکۆی (ویتواتەرسراند) بۆ خوێندنی یاسا، و دواتر چۆتە پەیمانگایەک کە زۆرینەی ستاف و فێرخوازانی لە سپی پێستەکان بوون و لەو شوێنەوە خەباتی لەدژی ڕەگەزپەرستی دەستپێکرد.

دوای ئەوەی بووە چالاکوانێکی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریکا (ANC) و دوای ئەوەی بە هاوبەشی کۆنگرەی گەنجانی ANC ی دامەزراند، ماندێلا لە بزوتنەوەکەدا لەدژی جیاکاری ڕەگەزی و سیاسەتی ئەپاتایت وەستایەوە کە لەساڵی ١٩٤٨ دا لەلایەن حکومەتی باشووری ئەفریکای کەمینەی سپی پێستەکانەوە لەژێر سایەی سەرکردایەتی پارتی نیشتمانی-دا جێبەجێکرا. ماندێلا لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریکادا ڕابەرایەتی چەندین خۆپیشاندان و کۆبونەوەی جەماوەری گرنگی کرد و دوای (کامپینی یاخیبوون) لە سەرەتاکانی ساڵانی ١٩٥٠ کاندا، نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی سیاسەتی ئەپاتایتی خستە چوارچێوەی ئەو مەسەلانەی کەلەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە بایەخی پێبدرێت. ماندێلا بووە کاراکتەری سەرەکی کارەکانی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی و ئەو هات تۆڕە نهێنییەکانی پارتەکەی بەهێزکرد بۆ زامنکردنی ڕووبەڕووبونەوەی قەدەغەکردنی پارتەکە کە حکومەت لەساڵی ١٩٦٠ دا سەپاندی. ماندێلا لەمیانەی ناڕەزایەتیەکانی پارتەکەیدا چەندین جار تۆمەتبارکرا و لەساڵی ١٩٦٤ دا بە تۆمەتی ناپاکی گەورە بە بەندکردنی هەتاهەتایی سزادرا.

بەدرێژایی ساڵانی زیندانیکردنی ماندێلا، سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ و پارتە ئەندامەکانی چالاکانە سەرقاڵی دژایەتیکردنی سیاسەتی ئەپاتایت بوون، و سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیان ڕاکێشا بۆ کامپینی ئازادکردنی ماندێلا و بەندکراوە سیاسیەکانی دیکە، و پشتگیریکردنی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریکا.

ماندێلا بەشێوەیەکی نائاسایی خۆنەویست بوو لە سووربوونی بۆ دوایی هێنان بە سیاسەتی ئەپاتایت و چەندین ئۆفەری ئازادکردنی مەرجدارانەی ڕەتکردۆتەوە بەمەرجێک واز لە خەبات و کاری سیاسی بهێنێت. باوەڕی پتەو و هێزی ماندێلا ئەوەندە زۆربوو بەجۆرێک کە بەرگەی ٢٧ ساڵ بەندکردنی گرت تا دواجار بەشێوەی بێ مەرج لەساڵی ١٩٩٠ دا لەسەردەمی سەرۆک فریدریک ویلیەم دیکلێرک-دا، کە هەموو ئەوپارتە سیاسیانەی قەدەغەکرابوون بەیاسایی ناساند، ئازاد کرا. لەساڵی ١٩٩٣دا ڕۆڵی ماندێلا بەرزنرخێنرا، کاتێ هاوشانی دیکلێرک خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی پێبەخشرا لەبەر "کۆتایی هێنان بە ڕژێمی ئەپاتایت بەشێوەیەکی ئاشتیانە، و دامەزراندنی بنەماکانی دەوڵەتی باشووری ئەفریکای دیمۆکراتی."

دوای ئازادکردنی، نێلسن ماندێلا لەسەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ دا بەشداری کرد لەچەندین چالاکی جۆراوجۆری سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ، لەنێوانیشیاندا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ کە ڕۆژانی٥ - ٦ ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ لە لەشاری لیسبۆن-ی پورتوگال سازکرا، هەروەها کۆبونەوەی ئەنجومەنی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ کە لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریکادا لە ڕۆژانی ١٠-١١ی تەمموزی ١٩٩٥ دا لەشاری (کەیپ تاون) ی باشووری ئەفریکا سازکرا.

لە ووتە مێژووییەکەیدا لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ لە لیسبۆن، ماندێلا داوایکرد سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ بە فەرمی وەفدێکی چاودێری بنێرێت بۆ باشووری ئەفریکا، بۆئەوەی دڵنیابێت لەوەی کە هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٩٤، یەکەمین هەڵبژاردنی ئەو وڵاتە کە پارتەکەی بەشداری تێدا دەکات، "ئازاد و بێ ساختەکاری" دەبێت. ماندێلا تیشکی خستە سەر گرنگی هەڵبژاردنەکە و ووتی:" نزیکەی ١٩ ملیۆن خەڵک کە ٩١% ی دەنگدەران پێکدەهێنن بۆیەکەمجار دەنگدەدەن. ئەم هەڵبژاردنە دواجار حکومەتێکی بە دیمۆکراتی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە بۆ باشووری ئەفریکا دەهێنێتەدی. سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ بەشانازییەوە ئەم ئەرکەی جێبەجێ کرد، و ئاهەنگی گێڕا بە سەرکەوتنی مەزنی ماندێلا لەم هەڵبژاردنانەدا، و ماندێلا نەک تەنها بوو بە یەکەمین سەرۆکی ڕەشپێستی وڵات دوای نزیکەی سێ سەدە لە فەرمانڕەوایی سپی پێستەکان، بەڵکو بوو بە یەکەم سەرۆکی بە دیمۆکراتی هەڵبژێردراو. دەستکەوتە ناوخۆییەکانی ماندێلا وەکو سەرۆک و پابەندبوونی بە

ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و دڵنیابوونەوە لەوەی دیمۆکراتیە نوێیەکە ڕەنگدانەوەی ڕێز و یەکسانی بێت بۆ هەموو خەڵک بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز و ڕەنگ، نموونەیەک بوو بۆ جیهان.

لە مانگی ئایاری ساڵی 1996 دا دەستووری نوێی باشووری ئەفریکا لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا. لە هەوڵەکانیدا بۆ بەدیهێنانی دیمۆکراسییەکی بەهێز کە توانای نوێبوونەوەی هەبێت، ماندێلا هەروەها گرنگی تایبەتی بەخشی بە سیاسەتی دەرەکی، و جەختیکردەوە لەسەر دامەزراندنی پەیوەندیی نێودەوڵەتی هاوسەنگی زیاتر و فراوان کردن و چالاککردنی ئابووری باشووری ئەفریکا.

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ لە شاری کەیپ تاون،یەکەمین کۆبونەوەی ڕێکخراوەکە لە ئەفریکای باشوور، ماندێلا بە گەرمیەوە پێشوازی لێکرا، و وتەکەی بە جۆش و خرۆش و چەپڵەڕێزانێکی زۆرەوە پێشوازی لێکرا، کە ووتی:" ئێمە لە باشووری ئەفریکا لەوەدا زۆر بەختمان هەبوو و سەرکەوتوو بووین کە خەباتی ئێمە، هەرچەندێک سەخت بوو، پشتگیری دیمۆکراتەکانی هەموو جیهانی بەدەستهێنا... لە زیندانەدا ئەو دیوارە ئەستوورانە نەیتوانی ئەو بیروباوەڕانە دووربخاتەوە کە تەحەدای سیستمی دڕندانەی سەرکوتکردنی ڕەگەزی دەکرد کە ئێمە لەژێر سایەی ئەو سیستمەدا دەژیاین. سۆسیالیست ئینتەرناشناڵیش لە پێشەنگی ئەو خەباتەدا بوو."

دوای خانەنشین بوونی وەکو سەرۆک، ماندێلا بەردەوام بوو لە گەشەپێدان و برەوپێدانی دیمۆکراسی و ئازادییەکان لە ئەفریکا و بۆ گەلان و نەتەوەکانی گشت جیهان. ئەو بیروڕای خۆی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا خستەڕوو، و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی لەبارەی نەخۆشی ئەیدز و ڤایرۆسی HIV بەڕێوەبرد، و لەساڵی ١٩٩٩دا دامەزراوەی ماندێلا و لەساڵی ٢٠٠٧ گروپی ئێلدەرزی دامەزراند.

سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ سروشی لە ژیانی ماندێلاوە وەرگرتووە، و زۆر شەرەفمەندبووە لەگەڵیدا کاریکردووە لە گەشتێکدا کە هیوای ئەوەندە زۆری بەخشیوە بە خەباتە دیمۆکراتیەکانی دیکەی جیهان. شکۆ و کەسایەتی و ڕۆحی نەبەزیوی ئەو هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

ئێمە ئەمرۆ لەگەڵ خێزان و گەل و هەڤاڵەکانی ماندێلا لە کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریکا (ANC) کە ساڵی پار پێشوازییان لە بزوتنەوە وجیهانیەکەمان کرد بۆ کۆنگرەی بیست و چوارەمینی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ، دەوەستین بۆ ماتەمی گێڕان بۆ لەدەستدان و یادکردنەوەی ژیانی مادیبا نیڵسن ماندێلا ڕۆڵیهلاهلا ماندێلا .

سەرچاوە : ماڵپەڕی یەکیەتی میدیا / ڕێکەوتی : ١٠ی دێسامبری ٢٠١٤

## نیلسۆن ماندێلا مامۆستایەک بۆ مرۆڤایەتی

بۆ گەیشتن بەئازادی پێویست ناکات ئاسمان بکرِن، تەنها رۆحی خۆتان مەفرۆشن بەسە."

**ماندێلا**

نیلسۆن ماندێلا لە ڕێکەوتی ٢٧ی پوشپەڕی ١٢٩٧ای هەتاوی ، لە وڵاتی ئەفریقای باشوور لە دایک بووە کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٣٨٨ای هەتاوی ڕۆژی ٢٧ی پوشپەڕیان وەک ڕۆژی ماندێلا دیاری کرد.



ماندێلا بە کەسایەتیەکی گرنگ لە مێژووی ئاشتی گەلاندا دادەنرێت، نیلسۆن ماندێلا خەباتی بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی و بەربەرەکانێ لەگەڵ نژاد پەرەستی و چەسپاندنی ئاشتی لە وڵاتەکەیدا دەکرد و بەم لەنێو وڵاتاندا بە سیبولی ئاشتی و پێکەوە ژیان

ناسراوە، ماندێلا لە ١٤ پوشپەڕی ١٣٩٢ای هەتاوی بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد.


ماندێلا ساڵی ١٩٤٢ای زایینی کۆلێژی یاسا تەواو دەکات و دەبێتە یەکەم پارێزەری ڕەش پێست و ساڵی ١٩٤٤ای زایینی دەبێتە ئەندامی دامەزرێنەری یەکیەتی لاوان بۆ کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفریقا، پاشان دەچێتە ڕیزی کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفریقای باشوور، کە لە ساڵی ١٩٥٦ای زاینی بەهۆی ململانێی پارتەکەی لەگەڵ پارتی سپی پێستەکان دەستگیر دەکرێ و پاشان زیندانی دەکرێت، لە ساڵی ١٩٦٠ دەستی کرد بە خەباتی چەکداری و بوو بە سەرکردەی سەربازی، لە نامەیەکدا روو لە خەڵکەکەی دەڵێ: "خەبات ژیانی منە، من هەتا لەژیاندام بەردەوام لە پێناو ئازادیدا شەڕدەکەم"، ساڵی ١٩٦٢ دووبارە بەندکرا بەتاوانی هاندانی کرێکارانی ئەفەریقای باشوور و بەڵگەی ساختەیی سەفەرکردن بۆ ماوەی ٥ ساڵ سزا درا ، دواتریش دوای ٩ مانگ بەبیانوی هەوڵدان بۆ ڕوخاندنی حکوومەتی ئەفەریقای باشوور سزایی زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێندرا، لە ماوەی زیندانی بوونیدا کتێبێکی لەبارەیی ژیانیەوە بە نهێنی نووسی، دوای ٢٧ ساڵ و لە ساڵی ١٩٩٠ای زایینی بە لێبوردنی گشتی ئازادکرا، لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٤دا، پارتەکەی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا و ئەو وەک سەرۆک کۆماری وڵات هەڵبژێردرا هاتا ساڵی ١٩٩٩ز وەک سەرۆک کۆمار دەمێنێتەوە ، خەڵاتی ئاشتی لینینی لە ساڵی ١٩٦٢دا وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٨٠ خەڵاتی جواهرلال نەهرۆ بۆ ئاشتی وەردەگرێت، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٣ خەلاتی سیمون دیڤوار لەلایەن یونسکۆ پێدەخشرێت، ساڵی١٩٩٢ مصتفی کەمال ئەتاتورک خەڵاتی ئاشتی پێدەبەخشێت کە کە ماندێلا بەهۆی پێشلکردنی مافی مرۆڤەکان لە وڵاتەکەیدا کوردیش کە یەکێکە لەو نەتەوانە خەڵاتەکە رەت دەکاتەوە و بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٩٩ ئەو خەڵاتە رەت دەکاتەوە، لە ساڵی١٩٩٣ای زایینی خەڵاتی ئاشتی نۆبلی لە ئۆسلۆ وەرگرت ماندێلا هەم لەژیانی سیاسیی خۆیدا، هەم لەماوەی ٢٧ ساڵی زینداندا هەمیشە خاوەن هەڵوێست بووە، هەرگیز سازشی لەسەر بیر و بۆچوونەکانی نەکردووە، لەهەمووشی گرنگتر، بەدرێژایی خەبات لەبەرامبەر سپی پێستەکان، رۆژێک لەڕۆژان خەڵکی سپی پێستی وەک دوژمن پێناسە نەکردووە، هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە رەشپێستەکانیش دەبێ وەک سپی پێستەکان لەبارودۆخی یەکساندا بژین.

سەچاوە : ماڵپەڕی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران / رێکەوتی : ١٩ای جوولای ٢٠١٤

## «نیلسۆن ماندێلا» و (خەڵاتی شەیتانیی)؟!

س. چ. هێرش،

بە گوێرەی وتارێکی رۆژنامەی «شەرق» (٦ی نۆڤامبری٢٠٠٤) ، «نیلسۆن ماندێلا» کەسایەتی نێوداری نێونەتەوەیی و سەرۆککۆماری پێشووی ئەفریقای باشووری، بۆ جاری دووهەم سەفەر بۆ وڵاتی ئێران و وەرگرتنی (خەڵاتی کۆماری ئیسلامی) ڕەتکردەوە.




شیاوی گوتنە، ڕێوڕەسمی خەڵات بەخشین کە لە دەورەی سەرۆککۆماریی «هاشمی ڕەفسنجانی»یەوە بەڕێوەدەچوو، تەنیا لە ناوەوەی ئێران دابەشدەکرا. ئێستە دوای نزیکەی ١١ ساڵ، بە پێی بڕیارنامەی بەرپرسانی لێژنەی بەخشینی خەڵاتەکان، بڕیار دراوە (خەڵاتی پلەی یەکەمی کۆماری ئیسلامی) کە لە لایەن بەرپرسانی پلە بەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرۆککۆمار، سەرۆکوەزیران یان کەسایەتییە هاوپلەکانی وڵاتانی دەرەوە دەدرێ، بۆ یەکەمین جار بە »نیلسۆن ماندێلا» کەسایەتی ناسراوی جیهانی ببەخشرێ.

هەروەک دەزانین، رێبەر و کاربەدەستە پلە بەرزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارەوە، ماوەی دوو ساڵە، لێکدا لێکدا لە نێلسۆن ماندێلا دەگێڕنەوە و تەنانەت بانگهێشتنەکەیان حاڵەتی پاڕانەوە و لاڵانەوەشی بە خۆوە گرتووە، نێوبراو نایەوێ و ناخوازێ کەرامەت و شەرافەت و ئینسانییەت پەڵەدار ببێ و، هەروەها گەورەیی و نێوی پاک و قازاخی خۆی لە پێناو خەڵاتێکی کەمبایەخ و چووکەڵەی بەردەستی رێبەرانی سووکەڵە و بوودەڵەی رێژیمێکی جینایەتکار و دژی ئینسانی بخاتە ژێر پرسیارەوە.

دیارە، لە کەسایەتییەکی مەزنی نێونەتەوەیی وەک نیلسۆن ماندێلا هەر ئەو هەڵوێستە چاوەڕوان دەکرا، کە رێبەر و کاربەدەستانی سەرووی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەروا بەو داخەوە بناڵن کە نێوبراو گەرەکی نییە ئاورێکی بە خێریان لێبداتەوە و وەجهەی لە دەستدراو و ئابڕووی تکاوی نێونەتەوەییان بۆ بگەڕێنێتەوە.
کسێک کە خۆی کانگەی خەڵات و بەخشندەیی و یەکسانی بێ و، مەکۆی ئازادی و برایەتی و ئینسانی، چۆن حازر دەبێ لە دەست کەسانی دەستندەخۆری سەرفیترە و زەکات، خەڵات وەرگرێ.

کەسێک کە ٢٨ ساڵی ڕەبەق بە سەربەرزی لە دژی ئاپارتاید و کۆنەپەرستی، کۆت و بەندی خرابێتە قاچ و دستی، کەسێک کە لە پێناو ئەوین و ئینسانپەرستی تاوێک کۆڵی نەدابێ، چۆن پێ دەنێتە زیندانێکەوە کە گوایە سەردەمێک نێوی ئێران بووە.
تۆ بڵێی نیلسۆن ماندێلا نەزانێ کە لەو زیندانە گەورەیەدا چ ڕوودەدا؟! ئەو زیندانەی کە ڕۆژانە کۆما کۆما خەڵکی بێ تاوانی تێدا بێسەروشوێن دەکرێن؛ ئەو زیندانەی کە لە پێناو ڕاگرتنی وەجهە و نامووسی ئیسلامی، دەستە دەستە ژنانی تێدا سەنگەسار دەکرێن.
کەسێک کە لە ماوەی ٢٨ ساڵدا، لە پێناو وەدیهاتنی ئازادی و یەکسانی و دادەپەروەریدا، ئەشکەنجە درابێ و جێ جێی لەشی داخ کرابێ، چۆن سەفەر بۆ وڵاتێک دەکا کە رێبەرەکانی، کوردگوتەنی: نەتەنیا هیچ نرخێک بۆ مافی مرۆڤ دانانێن، بەڵکە بارەگای دادپەروەریی خوداشیان تێکداوە و بە کەڵەگایی خۆیان کردووەتە خودای خەڵکی بێ دەرەتان!!

هەروەک ئاگادارین، بە گوێرەی زانیاریی گەلێک لە رێکخراوە خێرخوازییەکانی نێونەتەوەیی وەک رێکخراوی مافی مرۆڤ و رێکخراوی هەوڵنێرانی بێ سنوور، کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکێک لەو وڵاتانەیە کە تێیدا رێژەی تیرۆرکردنی رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن ـ بەتایبەت رێبەرانی کورد ـ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، سەنگەسارکردنی ژنان، خستنەژێرپێی مافی ئازادیی بەیان و چاپەمەنی، سزادانی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەوانان و وێبلاگنووسان شوێنێکی گەورە و شیاوی بەرچاو دادەگرێ و، هەر بۆیەش دەبێ لەم بوارەوە »خەڵاتی شەیتانیی» وەربگرێ!
تۆ بڵێی نیلسۆن ماندێلا وەک رێکترین لەنگەری ڕاستی و مافخوازی و پتەوترین سەنگەری ئاشتی و ئینسانەوازی، نەزانێ کە بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی چۆن بە فێڵ و ڕیا و تەڵەکەبازی، چەت و کۆسپ و لەمپەر دەخەنە سەر ڕەوتی دیمۆکراسی و ئازادسازی.

بەڵێ، «نیلسۆن ماندێلا»یەک کە ٢٨ ساڵ چەرمەسەریی و ئەشکەنجە و زیندانی چێشتبێ، هیچ عەقڵێک باوەڕناهێنێ کە بێ و، بۆ نموونە دەست دە دەستی کەسێکی وەک هاشمی ڕەفسنجانی ـ بەرپرسی«چاودێریکەریی بەرژەوەندی رێژیم!» ـ بنێ و، لە جینایەتەکانی ئەو کۆسەیە و بەوپێیەش لە تەواوی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران چاو بپۆشێ و بڵێ دەستتان خۆش!

سەرچاوە : ماڵپەڕی گزینگ / ڕێکەوتی : ١٤ای نوامبری ٢٠١٤

# وردەکاری ئەو گرتووخانەیەی نیلسۆن ماندێلا ١٨ ساڵی تیادا بەسەر برد



*خەندان – زیندان گرنگترین بەشی ژیانی نیلسۆن ماندێلایە و بەناوبانگترین زیندانی بووە لە جیهاندا و دێرینترین جەنگاوەری ئازادی و یەکسانی بووە. ئەو گرتووخانەیەی ماندێلا زۆربەی ساڵانی زیندانیکردنی تیادا بەسەر برد، توندترین گرتووخانە بوو کە بە دوورگەی ڕۆبن دەناسرا. نیلسۆن ماندێلا زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی لە گرتووخانەکانی باشووری ئەفریقادا بەسەر برد و ١٨ ساڵی ماوەی زیندانییەکەشی لە گرتووخانەی دوورگەی ڕۆبن بەسەر برد. دوورگەی ڕۆبن کە تەنها ١٢ کیلۆمەتر لە شاری کیپ تاونی پایتەختی باشووری ئەفریقاوە دوورە، مێژوویەکی دووردرێژی هەیە و دەسەڵاتی داگیرکەر هەموو ئەو کەسانەی کە بە هەرِەشەیان دەزانی ڕەوانەی ئەو گرتووخانەیەیان دەکرد. لەماوەی ساڵانی دەسەڵاتی سیاسەتی جیاکاری ڕەگەزی، دوورگەی ڕۆبن بە دڕندەیی و زوڵم ناسرابوو، دەسەڵاتی سپی پێستەکان، هەموو ئەو کەسانەی دژایەتی دەسەڵاتەکەیان دەکردن، ڕەوانەی ئەو گرتووخانەیەیان دەکردن، بۆ شکاندنی ورەیان و نیلسۆن ماندێلاش یەکێک بوو لەو کەسانە. ئەو بینایەی کە ماندێلا ١٨ ساڵ تیایدا زیندانی بوو، لە یەک قات پێکهاتبوو، درێژییەکەی ١٠٠ پێ و پانییەکەی ٣٠ پێ بوو. ئەو کاتەی ماندێلا خرایە ئەو زیندانەوە تەمەنی ٤٦ ساڵ تێپەڕی نەکردبوو، ژوورە تاکەکەسییەکانی ئەو گرتووخانەیە، دوو دەرگای هەبوو، یەکیان ئاسن و ئەوی تریان داربوو، پەنجەرەیەکیشی تێدابوو کە ڕووبەرەکەی ٣١ سانتیمەتر دوجا بوو، درێژی هەر ژوورێک یەک مەتر و ٨٠ سانتیمەتر بوو، بەرزییەکەشی یەک مەتر و نیو بوو، ئەستووری دیوارەکەشی دوو پێ بوو. لەسەر دیواری ئەو ژوورەی ماندێلای تێدا زیندان بوو، وەرەقەیەکی سپی هەڵواسرابوو کە ناوی ماندێلا و ژمارەی لە زیندانەدا و ساڵی زیندانییەکەی لەسەر نووسرابوو"ماندێلا، ٤٦٦/٦٤" . هەر زیندانییەکی ئەو گرتووخانەیە قاتێک جل و جوتێک پێڵاوی پێدەدرا و لە ژوورەکەشیدا سێ بەتانی و پارچەیەک حەسیر هەبوو کە لەسەری دەخەوت، مێزێکی بچووکیشی تێدابوو، لە ژوورەکەدا بەرمیلێک هەبوو بۆ پیسایی‌کردن، خواردنی سەرەکی زیندانییەکانیش شۆربای گەنمەشامی و ئاوی گەنمەشامی بوو. تەنانەت خواردنی بەندکراوانی گرتووخانەکە جیاوازی تێدادەکرا و خواردنی باشتر دەدرا بەو کەسانەی ڕەشپێست نەبوون. ڕێنماییەکانی گرتووخانە بۆ نامەنووسین زۆر توندبوو، بەجۆرێک هەر بەندکراوێک بۆی هەبوو لە شەش مانگدا تەنها یەک نامە بنێرێت بۆ کەسوکارەکەی بەو مەرجەی لە ٥٠٠ وشە زیاتر نەبێت. هەموو بەیانییەک پاسەوانەکانی گرتووخانەکە برێکی زۆر بەردیان دەهێنایە گۆڕەپانی گرتووخانەکەوە و دەبوایە زیندانییەکان بەعەرەبانەی دەستی بەردەکانیان بگواستایەتەوە و تا خۆرئاوابوون بەردەکانیان وردبکردایە. کاتێکیش خۆر ئاوادەبوو، پاسەوانەکانی گرتووخانەکە دەرگای ڕاڕەوەکانیان دادەخست و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی گرتووخانەکەش نەدەبوو لەو دوورگەیەدا بە شەواندا ڕووناکی بکوژێتەوە.*

*سەرچاوە : ماڵپەڕی خەندان / ڕێکەوتی ١٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣*

# نیلسۆن ماندێلا

فەرزانەعەلی عەزیز

بەشێک لە مرۆڤە مەزن و کاریگەرەکان قۆناغ و دۆخی تایبەت هەڵیان دەخەن و پێناسەی بەشێکی دیکەش ڕۆڵ و هەوڵ و تێکۆشانی خۆیانە کە لە پێناو ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، هەوڵدان و خەبات کردن بۆ ڕزگاری نەتەوە بندەستەکانیان دەستیان پێکردووە. ئەو مرۆڤە مەزنانە هەمیشە لە پێناو دابین کردنی کەسایەتییەکی سەربەست و ئازاد بۆ گەلان خەبات دەکەن، بۆ بەدەست هێنانی کەرامەت و گەورەیی مرۆڤ بوون لە هیچ ڕەشە باو کلورەیەکی بەفرو باران سڵ ناکەن، هەر لەکاتی دەسپێکردن و هەنگاونان بەرەو پێشەوە ئاسۆی ڕوونی ئازادی و سەربەستی و دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ و بەختیاری کۆمەڵ و سەرکەتن دەبینن و لەو پێناوەدا بەورەن و ئازاو لەسەرخۆن، پشوو درێژو ماندوو نەناسن، لەهەر قۆناغێکدا



خەباتی ئەو قۆناغە دەکەن و بەپێی دۆخ و هەلومەرجی ئەو قۆناغە چاوەڕێی دەستکەوت دەبن و بەدەستی دەهێنن، لە قۆناغە دژوارو پڕ لە هەورازونشیوەکانەوە دەستپێ دەکەن و لە ئەو پەڕی هێمنی و ئارامیدا دەستکەوتی مەزن دەستبەر دەکەن و ڕێگای دژوار بەرەو سەربەستی و ئاسۆی ڕوون دەپێون و پێش دەکەون و بەرەو پێش دەچن تاکوو ئامانجی یەکەم قۆناغ و یەکەم دەسپێک و یەکەم هەنگاو بەدەست دێنن، ئەو کات گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکەن، چونکوو خۆیان بەبەرهەمی قۆناغ و دۆخ و هەلومەرجێکی دژوار ناو دەبەن و پێناسە دەکەن، هاوکات خەباتیان بەبەرهەمی ئەو قۆناغە قەیراناوییانە دەزانن کە تێدا ژیاون و لە پێناویدا تێکۆشاون و ڕێکیخستوون، بۆیە قەد خۆیان هەڵناواسن بەشۆڕە داری دەسەڵات و سەرمایە، کاتێک ئامانجیان دەستبەر بوو ئیتر لە دەسەڵات و سەرمایەو سیاسەت دوور دەکەونەوەو گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکەن بۆ نەوەی نوێ، بۆ هزرو بیرو پێنووسی نوێ.

دوێنێ پەنجشەمە سەرلە ئێوارە نیلسون ماندێلا یەکەمین سەرۆک کۆماری دیموکراتی ئەفریقای باشوور بەهۆی نەخۆشیی و پیرییەوە کۆچی دوایی کرد. نیلسون ماندێلا لە ڕۆژی ١٨ای ژوویێنی ساڵی ١٩١٨ای زایینی لە بنەماڵەی تەمبۆ لە گوندی موزۆ لە ناوچەی مەتاتا سەربە ویلایەتی کیپ لە ئەفریقای باشوور لە دایک بووە، ئەمڕۆ ٥ی دیسامبری ٢٠١٣ی زایینی بەرابەر بە ١٤ای سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی لە ئەفریقای باشوور لە تەمەنی ٩٥ ساڵی بەهۆی نەخۆشی و زۆری تەمەن کۆچی دوایی کرد. نیلسون ماندێلا یەکەمین سەرۆک کۆماری ئەفریقا بوو کە بەشێوەی دیموکراتی و لە ڕێگای دەنگی خەڵکەوە بەدەسەڵات گەیشت.

ناوبراو سەرۆکی کونگرەی نەتەوەیی ئەفریقا بوو، هاوکات یەکێ لەو کەسانە بوو کە لەدژی فاشیزم و جیاوازی دانان لەنێوان نیژادەکان و نەتەوەکان خەباتی دەکرد. نیلسون ماندێلا لەبەر هۆی ئەوە کە کاتی خۆی لە خەباتی چەکداری و چریکیدا لە دژی فاشیزم و "ئاپارتایید" بەشداری کردبوو، ماوەی ٢٧ ساڵ تەمەنی لە بەندیخانە تێپەڕ کرد.

ماندیلا یەکێ لەو کەسانە بوو کە هەموو ژیانی تەرخان کرد بۆ ئازادی و یەکسانی و مافی بەرابەر بۆ هەموو نەتەوەکانی ئەفریقای باشوور. لەو کاتەدا کە خەباتی بۆ گەلانی ئەفریقا دەکرد، لەلایەن دژبەرەکانیەوە بەکۆمونیست و تیروریست دەناسێنرا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو تەنیا بۆ ئازادی و مافی یەکسان بۆ هەموو گەلانی ئەفریقا خەباتی دەکرد.

***نیلسون ماندیلا لەپاش ئازاد بوونی لە بەندیخانە پەرەی بەخەباتی ئاشتیخوازانە دا، ئەوە بووە هۆی ئەوە کە ئەفریقای باشوور ڕووبە دیموکراسی پێش بچێت و گەشە بکات، کە لە ئاکامدا بووە هۆی ئەوە کە دیموکراسی لەو وڵاتە جێگیر بکرێت و کۆتایی بەفاشیزم و "ئاپارتایید" جیاوازی نێوان نەتەوەکان بێت. ئەوەش بەیەکێ لە کارە هەرە مەزنەکانی ناوبراو پێناسە دەکرێت.***

***نیلسون ماندێلا لەماوەی ژیانیدا دەیان قۆناغی پڕ لە هەورازونشێوی تێپەڕاند، بەڵام تاکوو گەییشتن بەئامانجە مرۆڤایەتییەکانی دەستی لە خەبات و تێکۆشان هەڵنەگرت، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە ناوبراو لە جیهاندا ناوبانگ دەربکات و بناسرێت و ڕێزێکی زۆری لێ بگیردرێت و دەیان خەڵاتی ئاشتی لەپێناو هەوڵەکانی بەدەست بهێنێت.***

***ماندێلا لەبەر فاشیست بوونی ڕژێمی توورکییەو هەروەها سەرکوت کردنی گەلی کورد لەلایەن ئەو وڵاتەوە خەڵاتی ئاتاتوورکی وەرنەگرت و وتی کە تاکوو مافی نەتەوەی کورد لەو وڵاتە دەستبەر نەکرێت سەردانی توورکییە ناکات و ئەو خەڵاتە هیچ گرینگی و بایەخێکی نییە لە کاتێکدا کە نەتەوەیەک لەو وڵاتە دەچەوسێنرێتەوەو مافەکانی نکۆڵی لێدەکرێت و کولتوورەکەی ئاسیمیلە دەکرێت.***

***نیلسون ماندێلا لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک کە لە ڕۆژی ٢٧ی ئاوریلی ساڵی ١٩٩٤ی زایینی بەڕێوەچوو بووبە سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشوورو تاکوو ساڵی ١٩٩٩ی زایینی سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئەو وڵاتە بوو، ناوبراو یەکەمین جار لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا بەشداری هەڵبژاردنی کردووەو دەنگی داوە.***

***ماندێلا هەردەم لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ ئەوە کە ئاشتی نەتەوەیی لە وڵاتەکەی دابین بکات، ئەو بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لە بوارەکانی وەرزش و سیاسەت، نیژادە ڕەش و سپییەکانی ئەفریقای باشووری پێکەوە ئاشت کردەوەو یەکێتی نێوانیانی گرێ داو ئاشتی نەتەوەیی ڕاگەیاندو ئابووری ئەو وڵاتەی بووژاندەوەو لەچارەسەر کردن و دابەزاندنی تووش بوون بە HIV نەخۆشی لاواز کردنی بەرگری لەش لەو وڵاتە هەنگاوی گرینگی هەڵنا.***

***نیلسون ماندێلا سێ جار ژیانی هاوسەرێتی پێک هێناوەو دوو لە هاوسەرەکانی لەبەر هۆی سیاسیی و شۆڕشگێڕی ناوبراوو هاوکات مانەوە لە بەندیخانە لێی جیابوونەتەوەو لە ژنی یەکەمی دوو کوڕو دوو کچی هەیە کە یەکێ لەوانە هەر لە ساواییدا گیانی لەدەست داوەو مردووە، ماندێلا جارێکی دیکە لە تەمەنی ٨٠ساڵیدا ژیانی هاوسەرێتی پێک هێناوەتەوە. ماندێلا تاکوو کۆتایی ساڵی یەکەمی زانکۆ لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان درێژەی بەخوێندن داوە، دواتر بەهۆی بەشداری کردن لە نارەزایەتییەک کە خوێندکاران لە پێوەندی بەسیاسەتە هەڵەکانی بەرپرسانی ئەو زانکۆیە بەڕێوە بردیان بۆ هەمیشە لە خوێندن دوور خرایەوە. بەڵام پاش ئەوە کە لەو زانکۆیە دوور خرایەوە، وازی لە خوێندن نەهێناو لە زانکۆیەکی دیکە بەناوی ویتواترسەرەند بەشی یاساو مافی تەواو کرد.***

***ماندێلا لە ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا دەستی لە کارو باری سیاسیی کێشایەوەو بڕیاریدا کە پتر کات بۆ ژیان لە گەڵ بنەماڵەکەی دابنێت. هەر لەو کاتەدا کە دەستی لە کاری سیاسیی کێشایەوە پتر بایخ و گرینگی بە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکەی داو لەدەیان کۆنفرانسی گرینگی جهیانی لەپێوەندی بەبنبڕ کردنی HIV نەخۆشی لاواز کردنی بەرگری لەش بەشداری کردو هاوکات گرینگی و بایخی بەئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە هەموو جیهان دەدا.***

***ماندێلا وەک خۆی دەڵێت، مرۆڤ زۆر گەورەو مەزنە، چونکوو ئەو یەکەمین ناسناوی نەشیاوی پێوە بەستراو تۆمەتی تیرورست و کۆمونیست بوونی وەپاڵ درا، بەڵام لە دوای دەیان ساڵ توانی ئەو ناسناوە نەک هەر بشواتەوە بەڵکوو لەجێی ئەوەدا ناسناوی باڵوێزی ئاشتی و تێکۆشەری مافەکانی مرۆڤ بۆ خۆی مسۆگەر بکات و ببێتە نمونەیەکی سەرکەوتوو بۆ هەموو گەلان و تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و بایخە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان لە جیهان.***

***هەنووکە نیلسون ماندێلا بەسیمبولی ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی و هیوا بەرزەکانی مرۆڤ پێناسە دەکرێت. ماندێلا لە ژیانی سیاسییدا***

کۆمەڵێک خەڵاتی بەدەست هێناوە کە بەشێک لەو خەڵاتانە بریتین لە؛ خەڵاتی ئاشتی نۆبێڵ لەساڵی ١٩٩٣ی زایینی، خەڵاتی ئاشتی لنین لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینی، خەڵاتی لێبووردەی نێونەتەوەیی لەژێر ناوی خەڵاتی باڵوێزی ئاشتی و ویژدان لەساڵی ٢٠٠٦ی زایینی و هەروەها چەندین خەڵاتی گرینگی دیکەی بەدەست هێناوە.


ماندێلا بەدەر لەوە کە لە ژیانیدا چریک و پارتیزانێکی مەزن، تێکۆشەرو چالاک و سیاسەتمەدارێکی ئەکتیڤ و کارامە بووە، هاوکات دەیان وتارو بابەتی گرینگ و پڕ بایەخی لە پێوەندی بەپرسە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە نووسیەوەو یەکێ لە کتێبەکانی لەژێر ناوی ڕێی پڕ هەورازونشیوی ئازادی و هەروەها یەکێکی دیکەی کتێبەکانی بەناوی ژیانی شاراوەی من یان خود نهێنییەکانی ژیانم نووسیوەو بڵاو کردووەتەوە، هەروەها لەلایەن نووسەرە جیاوازەکانەوە لە هەموو جیهان چەندین کتێبی لەبارەوە نووسراوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئێستا نیوز / ڕێکەوتی : ١٧ی دێسامبری ٢٠١٣

## ئەو شوانەی بوو بەسەرۆک کۆمار

نیڵسۆن ماندێلا

ناوی تەواوی (رۆلیهلا لا نیڵسۆن ماندێلا) یە، لە ١٨ ی تەمموزی ساڵی ١٩١٨ لەترانسکای باشووری ئەفریقا لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لەئەفریقا دەستپێکردووە، لەدوای دروستکردنی چەندین ئاستەنگی لەبەردەمیداو بۆ ئەوەی دای ببڕن لەخوێندن، بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر درێژەدان بەخوێندنەکەیی‌و توانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەستبێنێت.



ماندێلا سەر بەخانەوادەی (مادیبا) یە کە خێزانێکی بەناوبانگن لەئەفریقای باشوور، باوکیشی یەکێکبووە لەسەرۆکەکانی خێڵی (تیمبۆ)، بۆیە دوای مردنی باوکی راستەوخۆ ماندێلا دەستنیشانکرا کە جێگەی باوکی بگرێتەوە.

لەماوەی خوێندنی زانکۆیدا، نیڵسۆن ماندێلا چەند جارێک جیاکرایەوەو دابڕێندرا لەخوێندن ئەویش لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەناوی (ئۆلیڤەر تامبۆ)، بەتۆمەتی هاندانی خوێندکاران بۆ مانگرتن‌و نارەزایی لەدژی سیستەمی حوکمڕانی وڵات.

لەبەرامبەر هەموو ئەو گیرگرفتانەی بۆی دروستکران، یەکەم کاردانەوەی ماندێلا راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن بوو لەساڵی ١٩٤٢، لەو ساڵەدا ماندێلا پەیوەندیکرد بەرێکخراوی ئەنجومەنی نەتەوەی ئەفریقی بۆ پاراستنی مافی رەشپێستەکان.

ساڵی ١٩٤٢ ماندێلا بوو بەفەرماندەی ئۆپۆزسیۆن‌و بەرهەڵستی لەوڵات، ساڵی ١٩٥٠ ماندێلا پەیوەندی بەهێزی دروستکرد لەگەڵ هەموو سەرۆک هۆزەکانی وڵاتەکەیداو توانی پاڵپشتێکی بەهێز پەیدا بکات، تاوەکو ساڵی ١٩٦٠ بۆ ساڵی ١٩٦١، ماندێلا بوو بەسەرۆکی باڵی سەربازی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی.

هەروەها لەشوباتی ساڵی ١٩٦٢ ماندێلا دەستگیرکراو بەسزای پێنج ساڵ زیندانی حوکمدرا، ئەویش بەتۆمەتی سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی نایاساییو رێکخستنی مانگرتنو توندتیژی، هێشتا ماوەی حوکمی پێنج ساڵەکەی زیندانی کۆتایی نەهاتبوو، جارێکی دیکە حوکمدرایەوە بەدرێژایی هەموو ژیانی، ئەمجارەیان بەتۆمەتی پلان دانان بۆ کردەوەی چەکداری، واتە سزاکەی هەتا هەتایی بوو، چونکە ئەوکات تۆمەتی ئەوەیاندایە پاڵ ماندێلا کە ئەو خیانەتی لەوڵاتەکەی کردووە، بەڵام وەکو چاودێران، دەڵێن: "ئاکارو رەوشتی ماندێلا، هەمیشە خاڵی بووە لەخیانەتو بیری جوداخوازی".

لەکتێبی تایبەتی نێلسۆن ماندێلا دا بەناوی (دیالۆگ لەگەڵ خۆمدا) کە وەرگێردراوەتە سەر ٢٢ زمانی جیاجیای جیهانو تایبەتە بەژیانی خۆی، ئەو خۆی باس لەژیانی خۆی دەکاتو دەڵێت:

ئەو کوختەی منی تیا دەژیام، هیچ جۆرە پێویستییەکی تیانەبوو، من لەسەر حەسیر دەنووستم، زەوی کوختەکە هیچ جۆرە راخەرێکی بۆ دانیشتن تیانەبوو، تاماوەیەکی زۆریش نەمدەزانی سەرین چییە! خواردنمان تەنها ئەو شتانەبوو کەخۆمان بەرهەممانەدەهێنان، دایکم خۆی گەنمە شامی دەچاندو درەوی دەکرد.

لەتەمەنی پێنج ساڵیدا بووم بەشوانو چاودێری مەڕو ماڵاتم دەکرد، هەر لەو دەشتانەدا وانەی تازە فێربووم، راوی تەیرو تواڵ بەقۆچەقانیو کۆکردنەوەی هەنگوینو میوەو ریشەی خۆراکو خواردنەوەی شیری گەرمو شیرین، مەلەکردن لەڕووبارەکانداو ماسی گرتن بەقولاپ.

منیش وەک هەموو منداڵەکانی تیرەی خوسا، تەنها لەرێگەی بینینەوە هۆشیاریم پەیداکردو فێری زانست بووم. ئێمە زانیاریمان بەهۆی چاولێکردنەوە بەدەستهێنا، نەک لەرێی پرسیارکردنەوە، پرسیارکردن لەناو خێزانی ئێمەدا زۆر زەحمەت بوو، کە بۆ یەکەمجار لەماڵی یەکێک لەسپی پێستەکاندا منداڵەکانم بینی چۆن پرسیار لەباوکو دایکیان دەکەن سەرم سوڕما، باوکمو دایکم ئەوەیان پێناخۆش بوو، دەبوو ئێمە رێز لەهەموو دابو نەریتێکی کۆمەڵایەتیو ئایینی بگرینو حەرامو حەڵاڵ بزانین.

خەڵکی پەیرەویان لەباوو باپیریان دەکردو ژنانیش، هەرچیەکیان بەمیراتی بۆ مابووە، ملکەچی بوون لێیان لانەئەدا، ئەگەر یەکێک بەهەر شێوەیەک بێڕێزی بەرامبەر باوو باپیرانی بکردایە، دەبوو بەرامبەر بەو تاوانە بڕواتە لای سەرۆک یان جادوگەری خێڵ تاوەکو داوای لێخۆش بوون بکات، ئەمانە لای من ئاسایی بوو سەرەتای ژیانی من ئاوا دەستیپێکرد.

ماندێلا لەبەشێکی تری کتێبەکەیدا ئەوە دەگێڕێتەوە، کە کاتێک دایکی لەگوندەکەیەوە بەناوی گوندی (کیونو) بۆ خوێندن دەیبات بۆ گوندێکی پێشکەوتوتر بەناوی گوندی (مەکهکزون)و لەوێ لەماڵی سەرۆک خێڵێکدا، کە هاوڕێی باوکی بوو دەمێنێتەوە. وەک هەستێکی منداڵی، بەتەواوی خۆی وەک لادێییەک دێتە بەرچاوو شەرم دایدەگرێت، بەناچاری خەمی ئەوەی لێدێت کەچۆن لەگەڵ ئەو دۆخە تازەیەدا رابێت، هەست بەدواکەوتووی دەکاتو لەگەڵ (ڤینسی) کچی قەشەیەکدا پەیمان دەبەستێت، پیاسەی لەگەڵ دەکاتو دڵی بەدەستدەهێنێت، بەڵام خوشکە گەورەکەی ڤینسی گاڵتەی بەو خۆشەویستیە دێتو دەیەوێت بەهەرشێوەیەک بێت خوشکەکەی پەشیمان بکاتەوە، چونکە بەردەوام پێی، دەڵێت: "ئەو کوڕە.. گوندییو کێوییە، دواکەوتووەو هیچ لەئەتەکێتی شارستانێتی نازانێت".

هەر بۆ سەلماندنی ئەو راستیە، خوشکەکەی ڤینسی رۆژێک بۆ نیوەڕۆ خوانێک داوەتی ماندێلا دەکات، ماندێلاش پێشئەوەی دەست بەخواردن بکات، دەکەوێتە هەستکردنو چاودێری ئەوانی تر دەکات تابزانێت ئەوان چۆنو بەچ شێوەیەک نانەدەخۆن، ئەو هەروا فێر بووە کە بەدەست نان بخوات، بەڵام کە دەبینێت میوانەکانی تر چەقۆو چنگاڵ بەکاردەهێنن، ئەویش چاویان لێدەکاتو هەر بەو دەستورە دەکەوێتە گیانی باڵە

مریشکێک، بەڵام چەند دەکۆشێت ئەوکارەی بەچاکی بۆ ناکرێت، ئەوەندە چەقۆو چنگاڵ بەقاپەکاندا دەکێشێت کە ئەوانی تر لەتەقەتەقەکەی رادەمێننو بێزار دەبنو دەکەونە تەماشاکردن، خوشکە گەورەکەی لەڤینسی رادەمێنێتو وەک پێی بڵێت!! پێم نەوتیت ئەو کورە چ گوندیەکە؟!! بەڵام ماندێلا وەک خۆی دەڵێت: "من هەر ئارەقەم دەڕشتو نەمدەویست دان بەشکستەکەمدابنێمو بەدەست باڵە مریشکەکە بخۆم، بۆیە ئەو رۆژە تا رادەیەکی زۆر بەبرسێتی مامەوە".

دوای تەواوکردنی زانکۆ، ماندێلا دەگەڕێتەوە گوندەکەیی‌و دەیانەوێت بەزۆر ژنی بۆ بهێنن، لەتاودا هەڵدێتو روو لە (جۆهانسبێرگ) دەکات، کە ئەوکات سەنتەری دەسەڵاتو چالاکی سیاسی‌و ئابووری‌و رێکخراوە جۆر بەجۆرەکان بووە، ماندێلا هەوڵیداوە لەوێ ببێتە کارمەندو خوێندنی یاساییش بخوێنێت، لەوێ ئەو دیمەنە نامۆیانە دەبینێت کەمانای رەگەزپەرستی سپی پێستەکانە، لەوە دەگات کەسپی پێستەکان رەش پێستی رەسەنی وڵاتەکەی بەنۆکەری خۆیان دەزانن، تەنانەت بەو پەرداخو پیاڵانەش چا ناخۆنەوە، کە ئەوان دەمی تێوە دەدەن، هەروەها دەسەڵاتی تەواوی کارگەو کۆمپانیاکانی لەژێر دەستی ئەواندایە کە بەئارەزوی خۆیان یاری بەچارەنووسی رەش پێستەکان دەکەن، بەڵام ماندێلای بەویژدان باس لەهەستی مرۆڤانەی ئەو سپی پێستانە دەکات کەگیانی رەگەزپەرستیان تیادا نییەو لەگەڵ رەش پێستەکاندا بەخۆشەویستی دەژین، بەتایبەتی ئەو لاوانەی بیری کۆمۆنیستیان تیابووەو ویستوویانە رژێمو کۆمەڵگاکە بگۆڕنو کێشەی رەگەزپەرستی نەهێڵن.

هەرچەندە ئەو بەشێوەیەکی رەسمی وابەستەی پارتی کۆمۆنیست نەبوو بوو، هەروەها لەدیدێکی ترەوە بۆ چارەسەری کێشەی گەلەکەی دەگەڕا، بەڵام بەهۆی هاوڕێ کۆمۆنیستەکانیەوە ئامادەی زۆرێک لەدانیشتنو گفتوگۆیان بووەو تارادەیەکی باشیش لەفەلسەفەی مارکسیەت تێگەیشتبوو.

ئەو لاوە رەشپێستە وەک لەمنداڵیدا بەبێبەش ژیاوە، لەلاوێتیشدا هەروابووە، کاتێک لەشارۆچکەی (ئەلکساندرا) لەسەر کار دادەمەزراوە، پارەی ئەوەی پێ نەبووە چرایەک بکرێت، بەناچاری لەبەر گڕی مۆمدا خوێندوویەتییەوە، لەشارۆچکەکەوە تا ئەو ماڵەی بەکرێی گرتووەو تیایدا ژیانی بەسەر بردووە، کە نزیکەی شەش میلە، زۆرجار ئەو رێگە دوورەی بەپێ بڕیوە، لەبەرئەوەی کرێی ئوتۆمبێلی پێنەبووە. رۆژانەش لەخواردنی چاکو خۆش بێبەش بووە، تەنها قاتێک جلیشی هەبووە تەنانەت هاوڕێیەکی کە هەمان قەدو باڵای ئەوی هەبووە، قاتێک جاکەتو پانتۆڵی خۆی داوەتێ، ماندێلا بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش بەپینەو پەڕۆ لەبەری کردووە، کە لەجۆهانسبێرگ بووە، هەرلەوێ دامەزراوە بەکارمەندی کۆمپانیایەک، ئیتر لەوێوە کەوتووەتە ناو کۆڕی سیاسەتەوە، چونکە وەک خۆی، دەڵێت: هەموو هاونیشتمانیەکی باشووری ئەفریقا هەر بەمنداڵی هەست بەوە دەکات کە لەژێر سیستەمی رەگەزپەرستانەی سپی پێستەکاندا دەژی، جیاوازی ئەو دووانە لەڕووی یاسایی‌و مامەڵەی رۆژانەوە ئەوەندە زۆرە کەناتوانێت چاوپۆشی لێبکەیت، چونکە ئەو منداڵە رەشە لەخەستەخانەیەک لەدایکدەبێت کەتایبەتە بەڕەشپێستو لەقوتابخانەیەکیش دەخوێنێت کە تەنها هەر بۆ رەش پێستەکانە، هەروەها ناشتوانێت سواری ئەو ماشێنە بێت کە هی سپی پێستەکانە، ناتوانێت بەکەنار رووبارێکدا تێپەڕێ کەتایبەتە بەسپی پێستو سەعات یانزەی شەو پیاسەی سەر شەقام بۆ ئەوان نابێت، بێکاری تاوانەو کارکردنیش لەهەندێ شوێندا بۆ رەشپێست هەر تاوانە، رەش پێست چەندە یاساناسێکی بەتواناو بەهرەمەندبێت، بەڵام هەرگیز ناکرێتە دادوەرو قازی.

دوای ئەو هەموو جیاوازییەو هەستکردن بەو دژایەتیکردنەی کە لەڕەش پێستەکان دەکرێت، ماندێلای رەش پێست بەو هەستە پڕەوە بەگژ بیروباوەڕی ئاپارتایتدا دەچێتەوە کە بەپێی ئەو ئایدیایە دەبوو سپی پێست لەسەرووی رەشپێستەکانو هندیەکانەوە بن، واتە دەبێت سپی پێست هەمیشە بەسەرۆکی بمێنێتەوە، ئەگەرچی کەمینەی دانیشتوانی وڵاتەکەش بن، لەو رووەشەوە ماندێلای تێکۆشەر لەڕێگەی چالاکیە سیاسییەکانیەوە بووە سەرۆکی کۆنگرەی میللی ئەفریقا، کە گەورەترین رێکخراو بوو لەسەر ئاستی هەموو کیشوەرەکەو داوای یەکسانی‌و نەهێشتنی نەژادپەرستی ئازادییان دەکرد لەئەفریقای باشووردا.

بەڵام دەسەڵاتدارە رەگەزپەرستەکان هەستیان بەمەترسی ئەو لاوە روناکبیرو ئازادویستە کردووە، هەر بۆیە بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ لەبەهاری

لاوێتییەوە دەیخەنە زیندانەوە، تا ساڵی ١٩٩٠ و لەتەمەنی حەفتاو دوو ساڵیداو لەژێر فشارێکی نێودەوڵەتیدا ئازادکراو بووە سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتەو خەڵاتی نۆبلی ئاشتیشی پێبەخشرا.

ماندێلای مەزن دوای رزگاربوونی لەبەندیخانە، لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە داوای سەردانی ئەو وڵاتەی لێکرا، بەڵام ئەو بەتوندی داواکەی رەتکردەوەو بەحکومەتی ئەنکەرەی، وت: "من نایەم بۆ وڵاتێک خوێنی کورد برژێتو سیاسەتی جیاکاری لەگەڵ گەلی کورددا جێبەجێ بکات".

نیلسۆن ماندێلا سەرۆکی پێشوی ئەفریقای باشور لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا دوای مانەوی بۆ ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد.

هەواڵی مردنی ماندێلا لەلایەن جاکۆب زۆبا سەرۆکی ئەفریقای باشور رایگەیاندرا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی یەکیەتی میدیا / رێکەوتی : ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## چیرۆکی نیڵسۆن ماندێلا و پاسەوانی زیندانەکەی

ناسر مورادی

دوورگەی روبێن، کە لەباری ئاو و هەواوە یەکێکە لەناخۆشترین شوێنەکانی جیهان، دوای داگیرکردنی باشووری ئەفریقا و تێکشکانی خەباتی خەڵکی رەشپێستی ناوچەکە، لەلایەن سپیپێستە داگیرگەرەکانەوە کرا بەزیندانی نەیاران و یاخیبووان و تاوانباران. بینای زیندانەکەش لەلایەن خودی زیندانییەکانەوە دروست کراوە، ئێستاش لەگەڵدا بێت تاقە نەفەرێکیش نەیتوانیوە لێی دەرباز بێت.



جیمز گرێگۆری ئەو پیاوە چوارشانەو کەمدوەی کە باوەڕیشی بەقەزا و قەدەر هەبوو، لەتەمەنی٢٤ ساڵیدا بۆ پاسەوانیکردن لەم دوورگەیە رەوانە کرا، هەروەک خۆی لەبیرەوەریەکانیدا دەڵێ "قەدەر وابوو کە بۆ پاسەوانی لەم دوورگەیە لەدایک ببم".

کاتێک پێی نایە دوورگەکەوە، باوەڕی تەواوی هەبوو کە بەرپرسایەتی مەرگ و ژیانی سپیپێستەکانی لەئەستۆیە. یەکەم جار کە بەرپرسی زیندان گێرگۆری هاوڕێیەتی دەکرد تا بەشەکانی زیندانی پێ پیشان دا، کاتێک گەیشتنە لای "بلۆکی بی" پێی گوت: ئەم درندانە گۆشتی سپیپێستەکانیان پێ خۆشە، بۆیە دەبێ ئاگاداری سەر و ماڵی خۆت و بنەماڵەکەت بی.

لەو ساتەوەختەدا گرێگۆری هیچ گومانێکی لا نەمابوو، کە دەبێ ئەم "تیرۆریستە ترسناکانە" بەشێوەی خۆیان هەڵسوکەتیان لەگەڵ بکرێت. لای وابوو کە دۆخی زیندانییەکان عادیلانەیەو رێبەرانی بزووتنەوەی ئازادیبەخش دەبێ لەڕووی جسمی و دەروونیەوە تێک بشکێندرێن.
زیندانییەکان لەسپێدەوە تا درەنگانێ، دەبا لەگەرمای تاقەتپڕوکێنی هاوین و سەرما و سۆڵەی زستان لەکانگای دەرهێنانی بەرد بێگاریان

كردبایه. تەنانەت لەمافی قسەكردن و گۆرانی گوتنیش بێ بەری بوون. لەپێوەندییان لەگەڵ دەرەوەی زیندان پێشگیرییان دەكرد، دەستیان بەكتێب و گۆڤار و رۆژنامە رانەدەگەیشت، هەر زیندانی مافی ئەوەی هەبوو شەش مانگ جارێک نامەیەک بنێرێت یان بگاتە دەستی. لەم نێوەدا گرێگۆری لەبەر ئەوەی كە ئاشنایی بە دوو زمانی خەڵکی خۆجێی هەبوو، وەک سانسۆرچی چاودێری نوسراو و گفتوگۆی زیندانیان و بنەماڵەكانیانی لەئەستۆ بوو. گرێگۆری هەر لەهەرەتی منداڵیەوەو لەكاتی یاری لەگەڵ مندالانی رەشپێست فێری زمانەكەیان ببوو. لەژێر كاریگەری پروپاگەندەی كتێبە دەرسیەكان، فێری رەگەزپەرستی بوو و وەک زۆربەی سپیپێستەكان ببووە رەگەزپەرست. هەر لەو سەروبەندە دابوو، كە شەرێکی خوێناوی لەنێوان خەڵکی خۆجێیی ناوچەكە و سوپای ئیستیعماری بەریتانیا لەئارادابوو. رۆژنامەوانان كە یەک لەوان وینێتستۆن چەرچل بوو و بەوتەی خۆی لەم رێگاوە بەنان و نەوایەک دەگەیشت، هەواڵی چەواشەكارانەیان سەبارەت بەدرندەیی رەشپێستەكان بڵاو دەكردەوەو مامۆستای قوتابخانەكانیش بەتامەزرۆییەوە دەرخواردی قوتابیەكانیان دەدا.

رۆژێک لەرۆژان لەكاتی سەردانی لەژوورەكان، رەشپێستێک سەرنجی گرێگۆری رادەكێشێت، كە بەهێزتر و گەورەتر لەوانی دیكە دەهاتە بەرچاو، ئازایەتی و متمانەبەخۆبوون بەرۆخساریدا دیاربوو، ناوی ئەو رەشپێستە نیڵسۆن ماندێلا بوو، زیندانیی ژمارە 466-64 لەبلۆكی بی. گرێگۆری كە پێی وابوو لەگەڵ كۆمەڵێک ئینسانی درندە و تاوانبار بەرەو رووە، لەناكاو لەگەڵ كۆمەڵێک مرۆڤی خەباتكار و بەبڕشت رووبەڕوو بووەوە. ئەوان كاروباری رۆژانەیان بەجوانی رێکخستبوو. زۆر لەخۆبایی بوون و نەیاندەویست پاسەوانەكانی زیندان بەهیچ شێوەیەک بەسەریاندا حوكم بكەن.

گرێگۆری دەنووسێ: لام وا بوو ماندێلا لەسەر ئەو باوەڕەیە كە زیندان كۆتایی بەژیانی دێنێت، بەڵام باوەڕێكی قووڵیشی هەبوو، كە مانەوەی لەزیندان بێ ئاكام نابێ. ئەو خۆی بەفیدای ئازادی دەكرد و ئیمانی بەوە هەبوو، كە دوای مەرگی، جیلی نوێ بۆ بەدەستهێنانی ئازادی درێژە بەخەبات دەدەن.

ئەم متمانە بەخۆبوونەو ئەو باوەڕە قووڵەی، دەبێتە هۆی ئەوەی كە بەرە بەرە دیواری نێوان زیندانی و پاسەوانی زیندان بڕووخێت. لەڕاستیدا زیندانبانەكان وا هەستیان دەكرد، كە ئەوانیش لەم دوورگەیە زیندانین. هەر بۆیە زۆربەی كاتەكانیان بەخواردنەوە بەفیڕۆ دەدا. بەپێچەوانەوە، گرێگۆری تێ ڕاما، دەكەوێتە ژێر كاریگەری ماندێلاوەو كۆمەڵێک پرسیاری دەربارەی بزووتنەوەی رەشپێستەكان لا دروست دەبێت، دواتر بەكۆمەڵێک وەڵام دەگات، كە جیاوازی و مەودایەكی زۆریان هەیە لەگەڵ پروپاگەندەی رژێمی ئاپارتاید. هەر بۆیە گرێگۆری بیر لەوە دەكاتەوە، كە بەدوای كۆمەڵێک بەڵگە و سەرچاوەدا بگەڕێت. وەک خوێندكارێکی لقی مێژوو، ئەو كتێبانەی كە نایاب بوون و لەگەرمەی رژێمی ئاپارتاید لەچاپ درابوون، لەكتێبخانە بەئەمانەتی وەریدەگرێ و دەیانخوێنێتەوە. ئەمە راست ئەو كاتەیە كە رژێمی ئاپارتاید لەلوتكەی خۆیدایەو هەر جۆرە ناوهێنانێک لەكۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا و رێکخراو و بزاوتەكانی دژ بەرژێم قەدەغە كرابوو.

گرێگۆری لەبیرەوەریەكانی خۆیدا دەنووسێ: بەكۆمەڵێک خاڵی جێی سەرنج گەیشتم. بەخوێندنەوەی ئەم كتێبە مێژووییانە بەو دەرەنجامە گەیشتم، كە ئەوەی ماندێلا گوتوویەتی لەگەڵ راستیەكان دێتەوە. بەرەبەرە پێوەندی نێوان گرێگۆری و ماندێلا زیاتر دەبێت وتا دێت متمانە و ئینتمای بۆ "ئەم مرۆڤە شۆرشگێرە، بەڵام نەرم و نیانە" زۆرتر دەبێت.

زۆر ناخایەنێت كە بەرپرسانی زیندان و دەزگای هەواڵگری و ئاسایشی رژێمی ئاپارتاید بەم پێوەندیە دەزانن. لەژێر كاریگەری خەباتی "كۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا"و بایكۆتی گشتی رژێمی ئاپارتاید، لای رێبەرانی رژێم ئەم بیرۆكەیە بەهێز دەبێت، كە درەنگ یان زوو دەبێ لەگەڵ رێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە سازش بكرێت، تاوەكو پێش بەشەرێكی سەخت و دژواری نێوخۆیی بگیردرێت. گرێگۆری نێوبژیوانێكی لەبار بوو. بەرەبەرە دانوستانی رژێم لەگەڵ بزووتنەوەكە بەهۆی پێوەندی گرێگۆری و ماندێلا و هەروەها پێوەندی ماندێلا لەگەڵ سەركردایەتی بزووتنەوە دەست پێدەكات. بارودۆخی زیندانییەكان تا دێت باشتر دەبێت و شانبەشانیش دانوستانەكان پێشكەوتن بەخۆیەوە دەبینێ. گرێگۆری تێدەگات كە "دۆخەكە گۆڕانی بەسەردا هاتووە".

رێژیمی ئاپارتاید بەپێی بەرنامەیەک کە دایڕشتبوو، دەبا لەنزیکەوە زۆرتر لەگەڵ ماندێلا پێوەندیەکەی بەهێزتر کردبا. هەر بۆیە دوای ١٨ ساڵ، لەساڵی ١٩٨٢ ماندێلایان لەدوورگەوە گواستەوە بۆ زیندانی ناوەندی. ماندێلا لەبزووتنەوەکەو هەروەها لەکۆنگرەی نەتەوەیی ئوتوریتەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو و دەیتوانی ئافریقای باشوور لەشەرێکی خوێناوی نێوخۆیی دەرباز بکات. لەمەو بەدواوە گرێگۆری لەژێر فەرمانی راستەوخۆی وەزارەتی دادوەری کار دەکات و دەبێتە بەرپرسی پاسەوانەکانی ماندێلا. گرێگۆری بەردەوام نیگەرانی ئەوە بوو، کە نەوەکو رەشپێست یان سپیپێستە توندڕەوەکان ئازارێک بەماندێلا بگەیەنن. پاش چوار ساڵ ماندێلا نەقڵی زیندانێکی دیکە دەکرێت. ڤێلای زیندانەکەش دەدرێت بەگرێگۆری و ماندێلا.

گرێگۆری دەفتەری کارەکەی هەر لەوێ دەکاتەوە، ئەو دەنووسێ: زۆرتر وەک سکرتێر و خزمەتکارێک دەچووم تا ئەوەی پاسەوان و زیندانبان بم. لەم ڤێلایە، گرێگۆری رۆژانە وەکو سکرتێرێک کاری رێکخستنی نامە و بروسکەو ئەو پێوەندیە تەلەفۆنیانەی ماندێلای لەئەستۆ بوو، کە لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهانەوە بۆی دەهات. گرێگۆری دەنووسێ: لام وابوو ماندێلا بەئەنقەست کاتی ئازادبوونی خۆی لە زیندان وەدوا دەخات، رەنگە بەو هۆیە بێت، کە پێی وابوو هێشتا کۆنگرە ئامادەیی تەواوی نییە، یان ئەوەی کە رێژیمی ئاپارتاید رازی نییە بە وتووێژی جدی لەگەڵ رێبەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی.

سەرئەنجام رۆژی ئازادبوونی "کۆنترین زیندانیی سیاسی جیهان" دەگات، کاتی رۆیشتنی لەزیندان، ماندێلا یاداشتێک بەخەتی خۆی دەدات بەدەستی زیندانبانەکەی، کە تێیدا نووسرابوو: بەڕێز گرێگۆری، کات و ساتە زۆر خۆشەکانی ئەو دوو دەیەی کە پێکەوە بووین ئەمڕۆ کۆتایی پێ دێت، بەڵام هەموو کات لەبیرەوەریەکانمدا دەمێنیتەوە.

ماندێلا دواتر لەبیرەوەریەکانیدا دەنووسێ: کەسانی وەک گرێگۆری متمانەی منیان بەمرۆڤ و مرۆڤایەتی_تەنانەت ئەوانەی وا بۆ ساڵانێک منیان لەزینداندا هێشتەوە_بەهێزتر کرد.

چوار ساڵ دواتر گرێگۆری بۆ رێورەسمی سوێندخواردنی یەکەمین سەرۆک کۆماری ئافریقای باشووری نوێ، بانگهێشتی پەرلەمانی ئەو وڵاتە کرا، یەکەمین کەسیش کە وتاری کردنەوەی پەرلەمانی پێشکەش کرد، هەمان زیندانیی ژمارە 466-64 لەبلۆکی بی بوو، واتە نیڵسۆن ماندێلا.

سەرچاوە :

http://kaywan.org/index.php رێکەوتی : ١٧ی دێسامبری ٢٠١٣



# ماندێلا سیمبوڵی ئازادیی.

شوان سدیق

هەموو ساڵێک یادی ئازادکردنی سەرکردەی گەورەو ماندونەناس نێڵسۆن ماندێلا لەلایەن خەڵکی ئەفەریقایی باشوورەوە دەکرێتەوە، ئەگەرچی ئەو شۆڕشگێڕە تەمەنێکی کەمی ماوە لە ژیاندا، بەڵام ئەفەریقییەکان هیواکانیان بەرز رادەگرن بەرامبەر بە ماندێلا و تەمەنی درێژی بە خواستی خۆیان دەزان.



رۆژی پێنجشەم ١١ی فێبریوەری یادی بیست ساڵەی ئازادکردنی سەرکردەی گەورەی ئەفەریقای باشوور نێڵسۆن ماندێلا بوو کە بیست ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەنجامی رووبەڕووبوونەوەی دژ بە دەسەڵاتدارانی ئەفەریقا ئەو وەختە وەستابووە و دەجەنگا، بۆیە خرایە کونجی بەندیخانە و بۆماوەی ٢٧ لە بەندیخانەی دورگەی رۆبین و بەندیخانەی پۆڵسمبور ژیانی لە نێوان دوودیواردا بەسەر برد. ئەگەرچی کاتێک کچە بچولەکانی هاتن بۆ سەردانی ئەو بەزەحمەت باوکیان دەناسیوە، چونکە لەهەموو ئەو وێنانەدا لای ئەوان بوو ماندێلا گەنج بوو. بەڵام ماندێلا لە ژوورەکەی خۆیدا وێنەی خێزانەکەی لابوو لەسەر دۆڵابی کتێبەکانی دانابوو.

یادکردنەوەی ماندێلا سەرکردەی ماندوونەناسی ئەفەریقای باشوور ساڵانێکە ئەم یادە بە بەرزراگیرێت بەڵام ئەو ئێستا لەوە دەرچووە تەنیا سیمبوڵێک بێت تایبەت بە ئەفەریقییەکان، بگرە ئێستا زۆربەی گەلانی رووی سەرزەی شانازی پێوە دەکەن و بەسیموبوڵی خۆیان و مرۆڤایەتی دەزانن، چونکە لەگەڵ ئەوەی داوای دەکرد، ئازادی بیروراو گوێگرتن بوو لە خواستەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکەی خۆیدا، هاوکات دژایەتی هەموو جۆرە رەگەز پەرەستی و جیاکارییەکی دەکرد کە لە نێوان مرۆڤەکاندا دەکرێت، ئەو نیشتمانەکەی بەهی هەموو مرۆڤایەتی دەزانی و نەخوێنَدەواری و هەژاری هەمیشە لەبیریدا رووابوو کە پێویستی بەوەیە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

ماندێلا بۆ ئێمەش جێگەی سەرفرازی و سیمبووڵی جوانی ئازایەتییە چونکە گەل و میلەتی کوردیش لە هەرکوێیەکی ئەم جیهانەدا بن بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناوین لەبەر ئەوەی قوربانی دەستی سیستمی تاکرەوانە و کۆنەپەرەستی و عەقلییەتی تۆتلیتاریانە بوونەتەوەو رووبەڕووی خاک داگیرکار بۆتەوە لە لایەن دەسەڵاتەکانی تورک و فارس و عەرەبی شۆڤێنیزمی هەمیشە تینوی ئازادی و سەربەخۆیی حوکمێکی سکۆلارین بەدەر لە یاسا و پرەنسیپە دواکەتووە خێڵەکی و مەزهەبییەکان کە ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی ناویندا خەڵکی ئازادی و خواز و ستەمدید گیرۆدەین و لە کۆڵیان نابێتەوە.

نیڵسۆن ماندێلا لە رۆژی ١٨ی تەموزی ساڵی ١٩١٨ لە ئەفەریقای باشوور لە دایک بووە، لە زنجێکدا لە گوندێکی بچووکی هەرێمی ترانسکایی، ساڵی ١٩٤٦ دەبرێت بۆ دورگەی رۆبیبین لە ئەنجامی هەوڵی ماندبوونی ئاشتیانەی ماندێلا و هاورێکانی بۆ سەربەخۆی ئازادی بیرکردنەوە وتن و رەخساندنی کەشێکی لەبار بۆخەڵکی ئەفەریقای باشوور، بۆیە ساڵی ١٩٩٠ دی کلێرک سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەفەریقای باشوور لە راگەیاندنێکی چاوەروانەکراودا وتی دەبێت رێگا بە (ANG، PAG ) پارتی کۆمۆنیست بدرێت و ٣١ رێکخراوی دیکەی سیاسی هەموو ئەو بەندیانەی کە تاوانی توندوتیژیان نەکردووە بدرێن کاری خۆیان بکەن و هەموو لە سێدارە دانێک هەڵبووە شێتەوە. ئەفەریقای باشوور لەو شەوەدا گۆرا و ئالای ANG لەهەوادا دەشەکایەوە و چیدی ماندێلا قەدەغەنەبوو.

دوای ساڵانێکی زۆر لە ماندوبوون و تێکۆشان بۆسەربەخۆی گەلی ژێردەستە و هەوڵدان بۆ لابردنی هەموو ئازار و چەوسانەوەی مرۆڤەکان، تا ئێستاش ماندێلا لە ژیاندا ماوە و هەمووسالێک یادی ئازادکردنی ئەم مرۆڤە گیان بەختکردن و زەحمەتکێش و نوێنەری مرۆڤە چەوساوەکانی نەک ئەفەریقا بەڵکو هەمووجیهان دەکرێتەوە. هەرچی لەبارەی ئەم مرۆڤەوە بوترێت قەرەبووی ئازایەتی و لێبوردەی و ماندووبوونی ئەو ناکاتەوە چونکە لای سەرکردە و سیمبوڵی ئازایەتی و بەرخۆدان و ژیان دۆست نێڵسۆن ماندێلا کە ئەفەریقییەکانی باشوو پێیانوابو لەسایەی ئەو کەسایەتیەدا هیچ شەرێکی ناوخۆ رووی نەدا. ئەو ئێستا بۆ ئەوان شانازی پێوەدەکەن بەرهەمی ماندبوون و کۆڵنەدانی گەلێکی ژێر دەستەو تینووی ئازادییە.

---

سوود لە کتێبی: ئەو کورە ڕەشوانەی بوو بەسەرۆک کۆمار وەرگیراوە.

نووسینی: گونیلا لوندگرێن و شەشتین گید فۆش / وەرگێڕانی: فەرهاد شاکەلی

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئەمرۆ / ڕێکەوتی : ١٣ی فێوریەی ٢٠١٠

## کۆتری ئاشتی لەدەستانێکی زەبرچەشتودا

لهۆن نەسرەدین

کۆتری ئاشتی لە نێو دەستانێک کە گەلێک لە تاڵی ژیانیان چەشتووە. نیڵسۆن رۆلیهلا هلا ماندیلا، سیاسەتمەداری بەرهەڵستکاری رژێمی جیاوازی رەگەزی لە باشووری ئەفریقیا، لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩١٨ لە هۆزی کووسای سەر بە خانەوادەی شانشینی(تێمپۆ)ی باشووری ئەفریقیا لەدایک بووە.



پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوری گرنگی خانەوادەکەی دەرفەتێکی بە ماندیلا بەخشی لە سییەکانی سەدەی رابردوو لە هەردوو زانکۆی فۆرت هیر و ویتواترسراندا یاسا بخوێنێت.

خوێندنی یاسا مەودایەکیتری بە تێروانینەکانی ماندێلا بۆ مرۆڤایەتی، دادپەروەری، یەکسانی و نیشتیمانی بەخشی، ئەمەش هانیدا پەیوەندی بە کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفریقیا بکات و لەوێوە رێبازی سیاسی دەستی پێکرد.

لە ساڵی ١٩٤٨دا، پارتی نەتەوەیی سەر بە سپی پێستانی ئەو وڵاتە، هەڵبژاردنەکانی بردەوە و دەسەڵاتی گرتەدەست. لەو کاتەوە سیاسەتی رەگەزپەرەستی ناسراو بە سیستەمی(ئەپارتید) و جیاوازی رەگەزی و دانانی یاسای تایبەت بە جیاوازی رەگەزی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، پیادەکرا، یەکێک لە بەناوبانگترین بەرهەڵستکارانی ئەو سیاسەتە، بێگومان نێڵسون ماندیلا بوو.

ساڵی ١٩٥٢ ، ساڵی دەرکەوتنی ماندێلا بوو، وەک سیاسەتمەدارێکی چالاک و بەرگریکارێکی سەرسەختی دەسەڵاتی رەگەزپەرست.

لەدوای سێ ساڵ، لە ساڵی ١٩٥٥، ماندێلا سەرباری کاری خۆی وەک پارێزەرێک، بەشداری دەیان چالاکی سیاسی کردووە و دەیان جاریش دەستگیرکراوە، قورسترینیان دادگاییکردنی ناسراو بە (خیانەت) لە نێوان ساڵەکانی ٥٥ تا ٦١.

لە ساڵی ١٩٦١دا لەگەڵ حزبی شیوعی ئەفریقیا، ڕێکخراوی(ئۆمکۆنتۆ وی سیزوی) توندڕەویان دامەزراند، یەک ساڵ دوای ئەوە، لە ساڵی ١٩٦٢دا، دەستگیرکرا و بە تۆمەتی تێکدان و پیلانڕێژی بۆ ڕووخاندنی حکومەت لەلایەن دادگای (ریڤۆنیا)وە حوکمی زیندانی هەتاهەتایی، بەسەریدا سەپێندرا.

دوورگەی رۆبن ئایلاند، لە باشووری شاری کەیپ تاونی پایتەخت، لە ژوورێکی بچووکیدا، نێلسون ماندێلا، بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٧ ساڵ ژیانی تاڵ و تاریکی بردە سەر.

لە ساڵی ١٩٨٥ و لەژێر فشاری بەرهەڵستکاری چەکداری کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفریقیادا، پێشنیازێک پێشکەش بە ماندێلا کرا، ئازادکردنی لە زیندان لەبەرامبەر وەستاندنی پرۆسەی چەکداری، ماندێلا بە تەواوەتی پێشنیازەکەی رەتکردووە.

فریدریک وڵیەم دی کلیرک، دوایین سەرۆکی سپی پێستی باشووری ئەفریقیا، لە ساڵی ١٩٩٠دا، بڕیاری قەدەغەکردنی کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفریقیای هەڵوەشاندەوە، پاشان لە دوای نزیک لە ٣ دەیە، ماندێلا ئازادکرا.

چاکسازییەکانی دیکلێرک، بە هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی ئەپارتید، جیاوازی رەگەزی گەیشت، دەست بەدەست، ماندێلا لەگەڵ دیکلێرکدا، یەکەمین حکومەتی فرەنەتەوەییان دامەزراند.

دواجار، نێلسون ماندێلا، وەک یەکەمین سەرۆکی رەشپێست، لەلایەن زۆرینەی گەلی باشووری ئەفریقیاوە هەڵبژێردرا و پەردەش لەسەر ٤٦ ساڵ لە سیاسەتی جیاوازی رەگەزی دادرایەوە.

ماندێلا تێکۆشەری یەکسانی، یەک لەسەر سێی تەمەنی لە ژوورە تاریکەکانی زینداندا بردیەسەر، خوولی دووەمی سەرۆکایەتی باشووری ئەفریقیای رەتکردەوە، چونکە پێی وابوو، ئەرکی سەرکی ئەو یەکسانی هاوڵاتیانە، دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجەش، کۆتایی بە ئەرکی ماندێلا دەهێنێت وەک سەرۆکی وڵات.

٩٥ ساڵ لە تەمەنی ماندێلا تێپەڕی، دوایین مۆمی تەمەنیشی، لە ٥ کانونی یەکەمدا کوژاندەوە و ماڵئاوایی لە ژیانکرد تا ژیانێکی نوێ بە هاونیشتیمانییەکانی ببەخشێت، ژیانێکی پڕ لە ئۆقرەیی و باوەر بە خەونەکانی نیشتیمان.

سەرچاوە : ماڵپەڕی **NRT.TV** / ڕێکەوتی : ٨ی دێسامبری ٢٠١٣

## کۆچی دوایی نێلسۆن ماندێلا و ریاکاری سەرانی دنیای سەرمایەداری

له ماوەی ئەو ٣ رۆژەی کە بەسەر کۆچی دوایی نێلسۆن ماندێلا کەسایەتیەک کە ناوبانگ و خۆشەویستیەکەی ئاکامی خەباتی قارەمانەی خەڵکی رەش پێستی ئافریقای جنوبی بۆ تێکشکاندنی نیزامی دژی بەشەری هەڵاواردنی رەگەزی و بەردەوامی لێبڕاوانەی خۆیشی لەم رێگایەدایە، راگەیەنەرە جیهانیەکان بە دەوڵەتی و بە سەربەخۆوە، رێبەرانی جۆراوجۆری رژیمە بۆرژوایی و ئیمپریالیستیەکان لە کێبڕکێی پیاهەڵکوتن و رێز لێنانیدان. نێلسۆن ماندێلا ئەو سیمایەی کە وەها جێگاوشوێنێکی بەدەست هێناوە کێ بوو؟



نێلسۆن ماندێلا یەکەمین سەرکۆماری رەش پێستی وڵاتی ئافریقای جنوبی بوو کە رۆژی ٥ شەممە ٥ی دیسامبر، رێکەوتی ١٤ای سەرماوەز، لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ئەو وەک رێبەری سەرەکی حیزبی کۆنگرەی میللی ئافریقا رۆڵێکی گرنگی لە روخاندنی رژیمی ئاپارتاید لە وڵاتەکەیدا گێڕا. ئاپارتاید، رژیمی کەمینەیەک لە سەرمایەدارانی سپی پێست بوو کە بەڕەسمی و لەسەر بنەمای قانونێک کە تێیانپەڕاندبوو رەش پێستەکانیان بە رەگەزێکی نزم دەزانی و لە سپی پێستەکان جیایان دەکردنەوە. کەمینەی سپی پێست رەش پێستەکانیان لە ژیان بەسەربردن لە هێندێک شوێن بێبەش کردبوو و لە ناوچە مەعدەنی و ناوەندە پیشەییەکاندا تەنیا بە بوونی ئیجازەی ئیقامەی کاتی ئیمکانی ئەوەیان بوو کار و ژیانیان مسۆگەر بێت. بەم پێیە کرێکارانی رەش لە دژوارترین بارودۆخدا لە مەعدەنەکان و لەوانە لە مەعدەنەکانی زێڕ و ناوەندە پیشەییەکاندا دەچەوسانەوە. ئەوان لە هەموو مافێکی کرێکاری لەوانە مافی مانگرتن و رێکخراو بوون بەتەواوەتی بێبەش بوون. ئەم سیستمە حکومەتیەی، کە جێی پشتیوانی دەوڵەتانی رۆژئاوایی و بە تایبەت حکومەتە ئیمپریالیستەیەکانی بریتانیا و ئامریکا بوو، لە ساڵی ١٩٤٨ دا بەڕەسمی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا سەپاند. رەش پێستەکان لە چینە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیەکان کە هەر کامە و بە رادیەکی جیاواز باری ئەم ستەمگەریە دژی ئینسانیەیان بە شانەوە بوو، لە ژێر رێبەری حیزبی کۆنگرەی میللی ئافریقا، حیزبی کۆمۆنیستی ئافریقای جنوبی و یەکێتیە کرێکاریەکاندا بەشێوەی یەکگرتووانە خەباتێکی جەماوەرییان لە شکڵ و شێوەی جۆراجۆردا، کە لە پشتیوانی بەشەریەتی پێشکەوتوو و یەکسانی خواز لە سەرتاسەری دنیا بەهرەمەند بوو، سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٩٤ دا کۆتاییان بە تەمەنی پڕ لە شەرمەزاری و جەنایەتکارانەی ئەم سیستمە هێنا.

نێلسۆن ماندێلا لە ساڵی ١٩١٨ لە یەکێک لە قەبیلەکانی ئافریقای جنوبی لە دایک بوو. باوکی سەرۆکی قەبیلەکە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە وڵات لە ساڵی ١٩١٠دا بە رەسمی سەربەخۆیی لە بریتانیا وەرگرتبوو، بەڵام کاتی لەدایک بوونی ماندێلا ئافریقای جنوبی بە کردەوە لە ژێر ئیستعماری بریتانیادا بوو. ئەو لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا لە زانکۆ دەستی کرد بە خوێندنی رشتەی حقوق و ماف ناسی، بەڵام خوێندنەکەی تەواو نەکرد و بەبێ وەرگرتنی شەهادە و ئیجازە نامە چوو بۆ ژوهانسبۆرگ و وەک نیگابانی شەو لە یەکێک لە مەعدەنەکاندا دەستبەکار بوو. ماندێلا لە ساڵی ١٩٤٣ و دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێک لە رێبەرانی کۆنگرەی میللی ئافریقا بەم حیزبەوە پەیوەست بوو و ماوەیەکی کورت دوای ئەوە، وەک ئەندامی هەیئەت ئیجرایی دیاری کرا. حیزبی کۆمۆنیستی ئافریقای جنوبی لە ساڵی ١٩٥٠ بە بۆنەی رۆژی جیهانی کرێکارەوە مانگرتنێکی گشتی سەرکەوتووی لە ئاستی وڵاتدا رێکخست. ئەم مانگرتنە گرنگی چینی کرێکاری بۆ ماندێلا سەلماند و ئەوی لە حیزبی کۆمۆنیست نزیک کردەوە، بەڵام قەت نەبوو بە ئەندامی ئەو حیزبە. ماندێلا دوای جارێک زیندانی کران لە ساڵی ١٩٦١دا و مەحکوم نەبوونی، سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ ژمارەیەک لە رێبەرانی کۆنگرەی میللی ئافریقا گیرا. سازمانی ئیتلاعاتی ناوەندی ئامریکا (سیا)، لەم دەستگیر کردنەدا یارمەتی هێزە ئیتلاعاتیەکانی رژیمی ئاپارتایدی دابوو. ماندێلا لە ساڵی ١٩٦٤ دوای تەحەمول کردنی ئەشکەنجەیەکی زۆر زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا

سەپا. دیفاعیە بوێرانەکەی لە دادگا، جێگا و شوێنی ئەوی وەک ڕێبەری سەرەکی حیزبەکەی سەلماند. ئەو بەڵێنی دا تا دوایین هەناسەکانی ژیانی بۆ لە نێوبردنی حکومەتی ئاپارتاید خەبات بکات. حیزبی کۆنگرەی میللی ئافریقا، لە ساڵی ١٩٥٦ بەرنامەی خۆی بە ناوی "مەنشوری ئازادی" پەسند کرد و ڕایگەیاند. شایانی باسە کە ڕەشنووسی ئەم بەرنامەیە لە لایەن یەکێک لە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئافریقای جنوبیەوە نووسرا بوو. میللی کردنی بانکەکان، مەعدەن و زەوی لە داواکاریەکانی مەنشورەکە بوون. پەرەسەندنی مانگرتنی جەماوەریی کرێکاری، ڕاپەڕینە یەک لەدوای یەکە جەماوەرییەکان، سەرەڕای کوشتار و جەنایەتی بێ ئەژماری سەرانی ڕژیمی ئاپارتاید و سەرمایەدارانی سپی پێست و پشتیوانی دەوڵەتانی بریتانیا و ئامریکا، ڕژیمی ڕەگەز پەرستی ئافریقای جنوبی لاواز و توشی قەیران کرد.

ماندێلا هاوکات لەگەڵ نواندنی ڕۆڵی خۆی لە ڕێبەری و هێدایەت کردنی ئەم خەباتە لە زیندانەوە، لە ڕێگای بابەت و چاوپێکەوتنەکانیەوە، ڕەوتێکی میانەڕەوانەی تەبلیغ دەکرد و خوازیاری سوڵح و ئاشتی میللی لە ئافریقای جنوبی بوو. ئەو هەوڵی ئەدا تا ڕێبەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەو قەناعەتە بگەیەنێت کە کۆنگرەی میللی ئافریقا، سەرەڕای هەبوونی هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی لایەنگری شۆڕەوی، ئامانجی پەیڕەو کردنی سیستمی ئابووری شۆڕەوی لە ئافریقای جنوبی نییە. ئەو لە هەمانحاڵدا لەسەر بەخشینی سەرمایەدارانی سپی پێست و ئەو کەسانەی کە دەستیان لە سەرکوتی خەڵکدا بووە، بەو مەرجەی لە دادگادا دان بە خەتاکانیادا بنێن و داوای لێبۆردن لە خەڵک بکەن، تەئکیدی دەکرد و ئەم بۆچوونە بوو بە سیاسەتی کۆنگرەی میللی ئافریقا. لەسەر ئەم بنەمایە حکومەتی ئاپارتاید لە ساڵی ١٩٨٥دا وتووێژی لەگەڵ ڕێبەرانی کۆنگرەی میللی ئافریقا و لەوانە لەگەڵ ماندێلا دەست پێکرد و لە ساڵی ١٩٩٠ دا ئەویان لە زیندان ئازاد کرد. لاوازبوونی ڕژیمی ئاپارتاید گوڕ و تینی زیاتری بە خەباتی کرێکاری و جەماوەری بەخشی. خەڵکی ئافریقای جنوبی بە خەباتی شێلگیر و قارەمانانەی خۆیان و لە ژێر ڕێبەری ئەحزابی وەک کۆنگرەی میللی ئافریقا و حیزبی کۆمۆنیستی ئەم وڵاتە و ڕێبەرانێکی لێهاتووی وەک نێلسۆن ماندێلادا سەرئەنجام نیزامی دژی بەشەری هەڵاواردنی ڕەگەزی لەم وڵاتەدا ڕووخاند و بەم سەرکەوتنە درەوشاوەیەش هاوسەنگی هێزی خەباتکارانە لە ئاستی دنیایان بە زەرەری هەڵاواردنی ڕەگەزی گۆڕا. ماندێلا لە ساڵی ١٩٩٣دا خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی وەرگرت و لە ساڵی ١٩٩٤دا، دوای هەڵوەشانەوەی بە ڕەسمیی سیستمی ئاپارتاید بە وەدەست هێنانی ٦٢ لەسەدی دەنگەکان وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا. بەڵام بە بۆنەی کۆچی دوایی نێلسۆن ماندێلا سیمای ناسراوی ئەم خەباتەوە ئاماژە بە دوو خاڵی بنەڕەتی لەم بارەیەوە پێویستە:

**یەکەم،** دەوڵەتانی ئیمپریالیستی لەوانە دەوڵەتانی ئامریکا و بریتانیا و باقی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەمڕۆکە لە ماتەمینی ماندێلادا و پەرچەمەکانیان نیوە هەڵدراوە و ریاکارانە ماندێلا وەک قارەمانی خۆڕاگری لە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی ڕێز لێدەگرن، هەر ئەوانەن کە لە سەرتاسەری دەورانی شەڕی سارد دا و بەر لەویش و تا دوایین ڕۆژەکانی حەیاتی ڕژیمی ئاپارتاید بە شێوەی جۆراوجۆر پشتیوانیان لەم ڕژیمە دەکرد. زۆربەی ئەو ڕۆژنامە و رادیۆ و تەلویزیۆنانەی سەر بە دنیای سەرمایەداری ڕۆژئاوا کە ئەمڕۆکە لاپەڕە و ساعاتی دوور و درێژی بەرنامەکانیان بۆ ریزگرتن لە ماندێلا تەرخان دەکەن، لەوکاتدا خۆیان لە بڵاو کردنەوەی ئاست و قووڵایی ستەم و سەرکوتێک کە لەم وڵاتەدا بەرانبەر بە زۆرینەی ڕەش پێستەکان بەڕێوە دەچوو، دەپاراست. ئەو دەوڵەتانەی کە ئەمڕۆکە وەک قارەمانی خەبات لەدژی هەڵاواردنی ڕەگەزی باس لە ماندێلا دەکەن، هەر ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتیوانی لە ڕژیمی ڕەگەز پەرست و مەزهەبی ئیسرائیل دەکەن. ڕۆحانی و ڕژیمی حاکم لە ئێران کە ئەمڕۆ بەبۆنەی مەرگی ماندێلاوە پەیامی پڕ لە سۆز و گەرم دەنێرن، زیاتر لە ٣ دەیەیە کە نیزامێکی ئاپارتایدی جنسیان بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا داسەپاندووە و نەتەوەکانی دانیشتوی ئەم وڵاتەیان بە زەبری ئاگر و ئاسن لە مافە سەرەتایی و ئینسانیەکانیان بێبەش کردووە.

**دووهەم،** خەڵکی ئافریقای جنوبی نیزامی هەڵاواردنی ڕەگەزیان لەم وڵاتەدا ڕووخاند. بەڵام ئەم سەرکەوتنە گەورەیە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بە تایبەت لە مەیدانی ژیانی ئابووریی کرێکاران و زۆربەی خەڵکی کەم داهاتی ئەم وڵاتەدا کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو. جەریانێک کە ماندێلا بۆ دەورەیەک سەرۆکایەتی کرد نە تەنیا ئاراستەی دژی سەرمایەدارنەی نەبوو بەڵکو نەیتوانی، ئەو بەڵێنانەش کە بۆ هاوسەنگ کردنی سەروەت و کەم کردنەوەی کەلێنی چینایەتی، ئەوجۆرەی کە لە بەرنامەی ئابووریی کۆنگرەی میللی ئافریقا درابوون، دەستەبەر بکات. سیاسەتە ئابووریەکانی حیزبی سەرکەوتو لە خەبات لە دژی ئاپارتاید بوو بە هۆی ئەوەی کە ئافریقای

جنوبی ببێتە گەورەترین ئابووری لە قارەی ئافریقادا و یەکێک لە ئابووریەکانی لە حاڵی گەشەی خێرا لە دنیادا. بەڵام لە پاڵ گەشەی خێرای سەرمایەداریدا و سەرهەڵدانی گەلێک ملیاردێری بە ناوبانگی سەربە ئافریقای جنوبی لە رەش پێست و لە سپی پێست، ئاستی ژیانی خەڵک ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات. هەر چەند کرێکاران بەپێی قانون ئازادی مەدەنییان بەدەست هێنا و بونە هاوڵاتی ئازادی وڵاتەکەیان، بەڵام لە ژێر سیاسەتی ئابووری بازاری ئازاد دا بە چەند قات زیاتر دەچەوسانەوە. لەژێر دەسەڵاتی ئەم سیستمە ئابووری و سیاسیەدا ئافریقای جنوبی ئێستا یەکێک لە نابەرابەر ترین وڵاتەکانە لە دنیادا و زیاتر لە ٥٠ لەسەدی دانیشتوانەکەی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و زیاتر لە ٤ ملیۆن کەس لە جەمعیەتی وڵات هەڵگری ڤایرۆسی ئەیدزن. ئەزمونی خەباتی خەڵکی ئافریقای جنوبی لە دژی نیزامی هەڵاواردنی رەگەزی و بارودۆخێکی دژوار کە ئەمڕۆکە چینی کرێکاری ئەو وڵاتە تێیدا بەسەر دەبات ،نیشانیدا کە کرێکاران لە جەرگەی وەها خەباتێکیشدا پێویستیان بە پێکهێنانی ریزی سەربەخۆی چینایەتی خۆیانە. رزگار بوونی بەیەکجاری کرێکاران لە گرەوی رێکخراو بوونیان لە حیزبی سیاسی و سازمانگەلی رەزمەندەی چینایەتیان دایە. ئەگەرچی رزگاربوون لە دەست رژێمی رەگەز پەرستی سەرمایەدارانی سپی پێست هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێشەوە بوو، بەڵام رزگار بوونی لە چنگ نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری پێکهاتوو لە سەرمایەدارانی رەش و سپی لە ئافریقای جنوبی رێگایەک کە چینی کرێکاری ئەم وڵاتە بە دەرس وەرگرتن لەم ئەزمونە لەبەردەمی دایە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کۆمەڵە / رێکەوتی : ٨ی دێسامبری ٢٠١٣

## بەراوردێک لە نێوان ماندێلا و ڕێبەری شۆڕشەکانی دیکە لە جیهاندا!

که باس لە "نێلسۆن ماندێلا "دەکرێ وەک ڕێبەری شۆڕش لە دژی ڕەگەز پەرەستی(ئاپارتاید) ناوی دەبەن بەڵام وەک هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی دیکە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە منەتباری هەوڵ و تەقەلا و گیانبازی هەزاران کەسی بێ ناو نیشانە کە بۆ کۆتایی هێنان بە هەڵاواردنی ڕەگەزی و سەرکوت و خەفەقان لە ئافریقای باشوور خەباتیان کردوە.



تەنانەت ناکرێ "نێلسۆن ماندێلا" وەک دامەزرێنەری ئەو جووڵانەوە شۆڕشگێڕیە ناو ببردرێ چونکە کەسانێکی دیکە بەر لە ناوبراو ئەو بزووتنەوەیەیان دەست پێکرد و مانا و واتایەکی گشتگریان پێ دا.

بەڵام ئەوەی کە ماندێلای کردە یەکێک لە ناودارانی مێژووی هاوچەرخ ڕۆڵی بێ هاوتای ناوبراو بوو لە گواستنەوەی دەسەڵات لە ڕەگەزپەرەستیەوە بۆ دێموکڕاسی فرە ڕەگەزی لە ئافریقای باشوور کە بوو بە لەمپەر لە بە لاڕێداچوون و لادانی ئەو شۆڕشە پێشکەوتووخوازانەیە وەک زۆربەی شۆڕشەکانی دیکە لێرە و لەوێی جیهان کە بوون بە قوربانی تەماحی ڕێبەرە سیاسیە چاوچنۆکەکانی تینووی دەسەڵات.

لە زۆربەی شۆڕشەکانی هاوچەرخدا ڕێبەران کە دەگەڵ کۆمەڵانی هەراوی خەڵک هاتوونە ناو گۆڕەپانی خەباتەوە، دوابە دوای بە دەسەڵات گەویشتن نیشانیان داوە کە لێهاتوویی و لێوەشاوەیی بەڕێوە بردنی وڵاتیان بە شێوەیەکی ئازاد و دادپەروەرانە نیە و خاوەنی ئیرادەی سیاسی نین بۆ هاوئاهەنگی دەگەڵ چین و توێژە جۆرا و جۆرەکانی ناو کۆمەڵگا دا .

به سرنجدان بە ناوەرۆک وماهیەتی ڕێژیمێکی ڕەگەزپەرەست ئەو دەستکەوتە زۆر گرینگ و پڕ بایەخە چونکە لەو دەسەلاتەدا زۆربەی

هاووڵاتیان بە هۆی ڕەنگی پێست بۆ چەند بەرە تەنانەت بە شێوەیەکی یاسایی لە زۆربەی مافەکانی شارۆمەندی بێ بەش بوون و هەرچەشنە هەوڵدانێک لە دژی ئەو نابەرانبەریە بە توندترین شێوە لە لایەن دەسەڵاتەوە سەرکوت دەکرا.

لە هەل ومەرجێکی جیاوازتردا سرووشتی بوو کە دوای ڕووخانی ئەو نیزامە کۆمەڵانی تووڕە و مەینەت چێشتووی دەستی ئەو دەسەڵاتە لە بیری تۆڵە ئەستاندنەوە دابن و ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیەش سواری شەپۆلی تووڕەیی خەڵک بن و ئەو دەرفەتە بۆ لە نێو بردنی ڕەکەبەر و بە پتەو کردنی هێز و دەسەڵاتی خۆیان بە کار بێنن و بۆ ئەو کارە بیانوویان لە بەر دەست دا هەبوو.

## خەبات دژی هەڵاواردن!

نێلسۆن ماندێلا لە یەکێک لە بنەماڵە پاشا خۆجێییەکاندا لە دایک بووە و بۆ ئەوە بتوانێ میراتگرێکی باشی بنەماڵەکەی بێت ڕووی لە خوێندنی یاسا کردوە بەڵام هەل و مەرجی سیاسی وڵاتەکەی لە بری دادوەر ناوبراوی بۆ گۆڕەپانی سیاسی پەلکێش کردوە و نرخێکی ئەوەند گرانی بە سەردا سەپاند کە تەنانەت بە بیر و خەیاڵی زۆربەی شۆڕشگێڕەکانیش دا نەدەهات.

ماندێلا لە هەوڵدان بۆ مافی یەکسان لە نێوان هاووڵاتیانی وڵاتەکەیدا شاهیدی سەرکوتی بی بەزەییانە و خوێناوی و دادگایی و سزادانی زۆربەی هاوبیرەکانی بوو ئەوە لە کاتێک دا بوو کە دنیای دەرەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ یان لە ڕاستی دەسەڵاتی ڕەگەز پەرەستی (ئاپارتاید) لە ئافریقای باشوور بێ هەواڵ بوو یان بەلایەوە گرینگ نەبوو!!

ماندێلا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە نهێنی ژیا، چەندین جار گیرا و ماوەی نزیک بە سی دەیە لە باشترین کاتەکانی ژیانی لە گرتووخانە و بەشێکی ئەو گرتنەشی لە هەل و مەرجێکی دژوار وکار کردنی زۆرەملی لە کانگاکاندا و سووکایەتی و بێ حورمەتی زندانوانە سپییەکان دا بە سەر برد کە لە نێو کەسانی ئاسایی و بچووکتر دا ئەزموونی لەوەش بچووکتر بەسە بۆ ئەوەی دوای بە دەسەڵات گەویشتنی کەسەکە بە ناوی دادپەروەری یان بۆ کۆکردنەوەی دەسەڵات و بۆ قەرەبوو کردنەوەی ڕابردوو زیندانەکان پڕ کات لە گیراوی نوێ و قەنارە و پەت و سێدارە وە ڕێ بخات(بۆ وێنە کۆماری ئیسلامی ئێران دوای نیزامی گەندەڵ و سەرەڕۆی پاشایەتی) بەڵام ئافریقای باشوور گیرۆدەی ئەو کارەساتە پڕ نەهامەتیە نەبوو کە ڕۆڵی سەرەکی و حەکیمانەی ماندێلا لەو پرۆسەیە دا بۆ دۆست و دوژمن ئاشکرا و جێگای ڕیزە.

بزووتنەوەی دژی ڕەگەزپەرەستی لە ئافریقای باشوور سەرەنجام لە ساڵی ١٩٩٤ی زایینی بە ئاکام گەویشت لە کاتێکدا بە سرنجدان بە هەل و مەرج و ڕابردووی زۆربەی شۆڕشەکانی سەردەم، چووکترین چاوڕوانی کە لە ڕێبەری نوێ دەکرا "خۆ بە دەستەوە دان بوو بە هەڵچوونێکی شۆڕشگێڕانە" و لە ئاکامدا گرتنی بەربڵاو و بە سزا گەیاندنی بەڕێوەبەران و دەسەڵاتدارنی حوکومەتی پێشوو کە دەسەڵاتێکی بە تەواوی مانا ڕەگەز پەرەست بوو.

کردەوەیەکی لەو جۆرە دەیتوانی هاوکات بێت دەگەڵ پشتیوانی لایەنە ڕادیکاڵەکانی دژی دەسەڵاتدارە ڕەگەز پەرەستەکان و وەک زۆربەی شۆڕشەکانی سەردەم بە پێکهێنانی کە شو هەوایەکی پڕ لە ترس و خۆف هەل و مەرجێکی گونجاو برەخسێنێ بۆ لە دایک بوونی نیزامێکی نوێی دیکتاتاتۆڕ لە ئافریقای باشوور بەڵام بە پێچەوانە ئەوەی کە ڕووی دا وێنەیەک بوو لە لێهاتوویی سیاسی و لەوەش گرینگتر بڕوای قووڵ بە دێموکراسی ڕێبەری بزووتنەوەکە، کە خۆشەویستی و کەسایەتی لە ڕادەبەری خۆی لە جیاتی دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوە کردە هەوێنی برایەتی و ئاشتی و پێکەوە ژیان و سەقامگیر بوونی ئازادی لەو وڵاتەدا.

نێلسۆن ماندێلا کەمێک زیاتر لە ٥ ساڵ ڕێبەرایەتی دەوڵەتی فرە ڕەگەزی ئافریقای باشووری لە ئەستۆ بوو بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ئەو دەسەلاتدارانەی کە نازناوی خۆیان بە قەرزاری دەسەڵاتەکەیان دەزانن،بە واز هێنان لە دەسەڵات ئەویش بە خواست و ئیرادەی لێبڕاوی خۆی

کەسایەتی و گەورەیی و خۆشەویستی نێلسۆن ماندێلای لە ئاستێکی جیهانی دا بی هاوتا کرد.

بەراوەرد کردنی شۆڕشی دژی ڕەگەزپەرەستی ئافریقای باشوور دەگەڵ زۆربەی شۆڕشەکانی دیکە ، ڕۆڵی سەرەکی مانـدێلا  لە دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی باشتر و گونجاوتر بۆ ئەو وڵاتە  پێشان دەدات.

لە زۆربەی شۆڕشەکان هاوچەرخدا، ئەو ڕێبەرانەی کە لە ئاکامی شەپۆلی پشتیوانی خەڵک بە دەسەڵات گەویشتوون، بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا هەل و مەرجێکی دژوارتر و پڕ لە سەرکوتتر لە ڕابردوویان بە سەر خەڵک دا سەپاندوە..!!!

زۆربەی ڕێبەرانی شۆڕشەکانی سەردەم دوای بە دسەلات گەویشتن، بە ڕەخنە گرتن لە دەسەڵاتی پێشوو ماشێنی سەرکوت و خەفەقانیان وەڕێ خستووە و بە پەنا بردنە بەر هەزاران فێڵ و درۆ بۆ وێنە دوژمنە  دەرەکی و ناوەکیەکانی شۆڕش، سیاسیەتی پەرت کە و زاڵ بە، ئاژاوە نانەوە و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و تەنانەت هەڵگیرسانی شەڕ، بیانووی پێویستیان بۆ بەربەست کردنی ئازادیەکانی کۆمەڵگا داتاشیوە و کارێکیان کردوە کە زۆر جاران خەڵک بە ناچاری ئاواتەخوازی ڕابردوو بوون.

لە زۆربەی شۆڕشەکانی سەردەم دا کە بەڵێن بوو شۆڕش پەیام هێنی ئازادی و ئاوەدانی و هەرزانی لە ناو خۆ و کەسایەتی جیهانی لە ئاستی دەرەوەدا بۆ خەڵک بێ بۆتە هۆکاری سەرکوت، هەژاری،نائەمنی لە ناوەوە و ئابڕوو تکان لە ئاستی دەرەوە بۆ ئەوە دەسەڵاتدارانی نوێ بتوانن زیاتر ئیمتیازە سیاسی و ئابووریەکانی وڵات لە دەست خۆیان دا ڕاگرن و کارەساتێکی لەو جۆرە دەکرا لە ئافریقای باشوور بێتە ئاراوە  کە لە وەها حاڵەتێکدا ئەمرۆ ماندێلا نەک وەک کەسایەتیەکی ئازادیخواز بەڵکە وەک سەرۆکێکی دیکتاتۆر لە وڵاتێکی ئابڕوو تکاو دا دەستی لە دنیا دشووت.

## تینووی دەسەڵات!!

ئەوەی کە نێلسۆن ماندێلای لە تووش بوون بە ئاکامێکی تاڵ و پڕ لە کارەسات پاراست سەرەڕای لێهاتووی و کەسایەتی بە هێزی ناوبراو، لێهاتوویەکی بێ هاوتای سایسی  ئەو ڕێبەرەش کارساز بوو.

شۆڕش ڕێگایەکی نائاسایی و جار وبار ئاوێتە بە توند و تیژیە کە بۆ چارەسەری قەیرانی سیاسی وڵاتێک کە بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە و زیاتر بە هۆی بەربەرەکانی دەسەلاتدار لە بەرانبەر ئاڵ و گۆڕ و چاکسازی بە شێوەی هێمنانە لە کۆمەڵگا دا دێتە ئاراوە و ڕێبەری شۆڕش کەسێکە کە  بۆ ئاڵ و گۆڕ و بۆ چارەسەری بە شێوەیەکی کاتی شۆڕش بە دەستەوە دەگرێ.

شۆڕش کارێکی سیاسیە کە وەک هەر کارێکی دیکەی سیاسی ئامانجی دیاری کراوی هەیە کە دەبێت لە بڕگەیەکی زەمانی و مەکانی دیار دا وەدی بێت و هەل و مەرجی هەڵسووڕانی ئاسایی بۆ پەیکەرەی سیاسەت بگێڕێتەوە.

ئاشکرایە کە پێداگری لە سەر ڕاگرتنی کۆمەڵگا لە هەل و مەرج و کەش هەوای شۆڕشدا و دیاری کردنی ئامانجی بە دەر لە توانای شۆڕش، یان نیشانەی تێکشکانی ڕەوتی بزووتنەوەیە و پێویستی بە شێوازێکی نوێیە یان بە واتای بە کار هێنانی مانای شۆڕشە بۆ مەبەستێکی تایبەت و دوور لە ئامانجە ڕاستیەکانی شۆڕش.

شۆڕشی ئافریقای باشوور وەک شۆڕشێکی ڕەسەن بە ڕێبەرێکی زانا و لێهاتوو ، بە مەبەستی دامەزراندنی دەسەلاتێکی فرە ڕەگەزی و پێک هێنانی هەل و مەرجی گەشە کردنی ئابووری لە ناو خۆ و وەدەست هێنانی کەسایەتی نێونەتەوەیی لە ئاستی بۆ خەڵکی وڵات دەستی پێکرد و بە بێ دوور کەوتنەوە لەو ئامانجە پیرۆزانە بە ئاکام گەویشت.

دیارە لە هەل و مەرجی ئێستا دا ئافریقای باشوور بێ و کەم کووڕی نیە و سەرەڕای ئەو گەشە کردنانەی کە بە خۆیەوە بینیوە بەڵام ئێستاش دەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی وەک هەژاری و ئاکامەکانی ئەو دیاردەیە بۆ وێنە دەگەڵ توند و تیژی و نائەمنی لەو وڵاتە دا بەرەوروویە.

هاووڵاتیانی ئافریقای باشوور لە ئاکامی شۆڕشێکی  ڕەسەن و ڕێبەری زانای ئەو وڵاتە دا ئەمرۆ لە ئاستێکی بەرزی جیهانی دان و سەربەرزانە ئاڵای وڵاتەکەیەن بەرز دەکەنەوە و خاوەنی کەسایەتێکی سەردەمن و وڵاتەکەیان پێویستی نیە باج بەم و بەو بدات.

ئاکامی ژیان و خەباتی ماندێلا ، بەرەو پێش بردنی بەها مرۆڤیەکان و پێداگری لە سەر عەقڵییەتی سیاسی بۆتە هۆی وەدەست هێنانی پێگەیەکی بەرز و هەردەم زیندوو لە مێژوودا لە بەرانبەردا بوون ڕێبەرانێک کە خەیانەتیان بە ئامانجەکانی گەل کردوە و شۆڕشیان کردتە ئامرازێک بۆ بە کار هێنای دەسەڵات و وەک میرات بە کەسێکی نالایقیان نزیک لە خۆیان ئەسپاردوە.

نێلسۆن ماندێلا دەڵێت!

بێ ڕەوشترین سەرکردەکانی دونیا ئەوانەن کە خەبات و ماندوو بوونیان بە گەلەکەیان دەفرۆشنەوە.

من بۆ ئەوە خەباتم نەکردوە و زیندانی نەکراوم کە ئازاد کرام تا کۆتایی ژیانم سەرۆک بم....!


سەرچاوە : ماڵپەری ناوەندی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران / ڕێکەوتی : سالی ٢٠١١

## وتەی ڕێبەرانی وڵاتانی جیهان بە بۆنەی کۆچی دوایی نلسون ماندێلا

**لە بی بی سی فارسییەوە**

**ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی**

* بان کی مۆن سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان : ماندێلا دادپەروەرێکی گەورە بوو، هیچ کەس بەرادەی ئەو لە سەردەمی ئێمەدا بۆ گەشە کردن و دەستکەوت و ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتوون کاری نەکرد.




ئەو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەت بە گەلەکەی و مرۆڤایەتی و ئەو کارەی بە لەخۆبردوویی زۆرەوە بەرێوە برد. هەڵوێستی بەجێ و هێزو توانای ئەخلاقی ئەو بوو کە بوو بە هۆی ژێرخانی ئەو هەڵوێستە و نەخشی بنەرەتی بۆ لێک هەڵوەشاندنەوە ڕێژیمی ئاپارتاید.

* ماتمووهان سینک سەرۆک وەزیرانی هیند : ناودارێک لە کۆمەڵگای جیهانی ماڵئاوایی کرد. کۆچی ماندێلا بەو رادەیەی بۆ ئەفریقای باشوور دڵتەزێن بوو ، بۆ وڵاتی هیندش کارەساتێکی دڵتەزینە. ئەو [ ماندێلا ] هاوبیری راستەقینەی گاندی بوو.

* پاپ فرانسیس ڕێبەری کاتولیکەکانی جیهان: ئەمن دوعا دەکەم تا ڕێوشوێنی نموونەی [ ئۆلگۆ ] سەرۆکی لە دەست چوو، ریچکەشکێن [ ئیلهام ] بێ بۆ هەموو نەوەکانی خەڵکی ئەفریقای باشوور تا دادپەروەریی و خێر ببێتە هۆکاری مەبەستەکانی سیاسی ئەم وڵاتە.

* دالای لاما ڕێبەری بوودائیان "بوودائیەکانی " تەبەت": ئەو [ ماندێلا ] پیاوێکی بوێر و هەڵکەوتوو و پێداگر لە سەر ئوسول و پرەنسیپەکان بوو.

سادق و بێ شک و گومان، ئەو مرۆڤێکی گەورەو مەزن بوو... ئەمن دوعا "ی بۆ دەکەم" و لە کانگای دڵەوە پرسەو سەرخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و تەواوی خەڵکی ئەفریقای باشوور دەکەم.

* **مەحموود عەبباس سەرۆکی فەلەستین :** ئەوە کارساتیکی گەورەیە بۆ هەموو گەلانی جیهان و بۆ فەلەستین... خەڵکی فەلەستین هیچ کات راگەیاندراوی مێژوویی ئەو [ ماندێلا ]ی لە بیر ناکات کە دەڵێ شۆڕشی ئەفریقای باشوور تا کاتیک فەلەستینەکان ئازاد نەبن ئامانجەکانی خۆی نەپیکاوە. ماندێلا [ سمبولی رزگاری لە چەنگ ئیستعمار و داگیرکەری ]

* **محەممەد عەلی کلی گەورە مشتب وەشێنی جیهان :** ئەمن لە مالئاوایی کردنی ماندێلا لە کانگای دڵەوە خەمبار بووم، ژیانی ماندێلا پر بوو لەمەبەست و ئومێد، ئومێد بۆ خۆی، بۆ وڵاتەکەی و بۆ جیهان.

* **بیل کلینتۆن سەرکۆماری پێشووی ئامریکا :** ئەمڕۆ جیهان یەکێک لە گرنگترین ڕێبەران خۆی و یەکێک لە باشترین مرۆڤەکانی لە دەست دا. هیلاری و چلسی و من یەک دۆستی راستەقێنەمان لە دەست چوو.

ئەو لە مێژوو دا وەک پالەوانێکی کرامەتی ئینسانی و ئازادی، ناوی پالەوانی ئاشتی و ئاشتیخوازی بۆ خۆی مسوگەر کرد. ئەومان وەک مرۆڤێکی لە رادە بەدەر لەسەرەخۆ و خۆش هەڵوێست لە یاد وبیرمان دەمێنێتەوە. کەسێک کەبە وەلانانی رەق و لە ئامیزی گرتنی رکەبەرەکانی نەوەک ستراتێژی سیاسیی بەڵکوو رێگای بەرەو رێورەسمی پێکەوە ژیان بوو... بە خاتری ئەو ئێمە لە جیهانی باشتر ژیان دەکەین. ئەو نیشانی داین کە لە لێبردوویی دا هەستی رزگاری بەدی دەکرێ. دڵێکی ئاوالە زۆر باشتر لە میشکێکی داخراو دا. و ئیستا سەرکەوتنی راستەقینە ژیان دەبێ لە گەڵ لایەنەکانی دیکە بە شەریک خۆی بزانێ.

* **مائوئل بارۆسۆ سەرۆکی کومیسیۆنی ئەرووپا :** ماندێلای بە هۆی پشوو درێژی و روحیەی وێکهەڵکردن و ئاشتیخوازی ستایش کرد و گوتی : کە فێر بوون" دەرسەکانی" ماندێلا بەهێزتر و گەورەترە لە مەرگی ئەو. ئاڵای یەکیەتی ئۆرووپا بە هۆی پرسە و رێورەسمی مەرگی ئەو لەسەر هەموو بالەخانەکانی ئەو یەکیەتی یە لە سەرانسەری جیهان نیوە شەکاوەیە.

* **جیمی کارتر سەرکۆماری پێشووی ئامریکا :** خەڵکی ئەفریقای باشوور و لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان یەک ڕێبەری مەزن و گەورەیان لە دەست دا. ئەوین و ئەشقی ئەو بە ئازادی و دادپەروەریی بوو بە هۆی ئەوە کە ئومێدیکی نوێ بداتە جیلی سەرکوت کراو لە سەرانسەری جیهان ، بەهۆێ ئەوەوە [ ماندێلا ] کە ئەفریقای باشوور ئەمڕۆ یەکێک لە پێشرەوە ترین وڵاتانی جیهانی دێموکراسی یە.

* **ئوباما سەرکۆماری ئامریکا :** ئێمە یەکێک لە دیارترین ، بەهێزترین و باشترین مرۆڤەکەکان کە دەتوانی هاوکات لە گەڵمان بژین لە دەستمان دا. ئەو ئێتر بۆ ئێمە نیە ولە گەڵمان نەماوە، بەڵام ئەو بۆ مێژوو و سەدەکان دەمێنێتەوە.

نلسون ماندێلا بوو بەهێزیکی پولاین و ئۆلگۆیک کە ئازادی خۆی فیدای ئازادی خەڵکی خۆی کرد، ئەفریقای باشووری بەرەو ئالوگوری بنەرەتی برد و هەموومانی تووشی سەرسوورمان کرد سەرگوزەشتەی ئەو لە ماوەی ژیانی خۆی لە بەندیخانە تا گەیشتن بەسەرکۆماری ئەو راستیەیە و بەلینە بوو کە مرۆڤەکان و وڵاتانی دەتوانن باشتر بن.

* **بنیامین نەتانیاهو سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل :** نلسیون ماندێلا یەکێک لە گەورەترین کەسایەتیەکانی مێژوویی هاوچەرخی ئێمە بوو. ئەو باوکی نەتەوەی خۆی بوو، مرۆڤێکی ساحیب بیرو ئەندیشە و داکۆکی لە ئازادی دەکرد و توندو تیژی رد دەکردەوە.

* حامید کارزایی سەرکۆماری ئەفغانستان : هاوکات لە گەڵ پرسە و سەرخۆشی لە بنەماڵەی ماندێلا و خەڵکی ئەفریقای باشوور و هەموو خەڵکی ئازایخوازی جیهان.گوتویەتی : نلسون ماندێلا ڕیبەری دادپەروی جیهان بوو کە لە بەرامبەر ئیستعمار و ئاپارتاید بۆ یەکسانی و دادپەروەری و مافی بەرامبەر بۆ مروڤەکان تێکۆشا و مەرگی ئەو کارەساتێکی گەورە بوو بۆ خەڵکی جیهان .

* دیوید کامرۆن سەرۆک وەزیرانی بریتانیا : بەسەردانێک لە باڵویزخانە ئەفریقای باشوور لە لەندەن وێرای واژو کردنی دەفتەری بیرەوەری کۆچی دوایی ماندێلا لە گەڵ سپاس و پێزانین لە تێکۆشان ئەو بۆ ئازادی و دژی بە ڕەگەزپەرستی، گوتی بە کۆچ و ماڵئاوایی ماندێلا چراییێکی گەشاوە جیهان پرشنگی خۆی لەدەست دا.

* ئیمام عەلی رەحمان سەرۆک کۆماری تاجیکستان : ناوی ئەو کەسایەتە گەورەیە سەردەمی ئێمە، دەیان ساڵ سیمبولی ئازادی بۆ هەموو جیهان

بوو،ورەی لە گیران نەهاتوویی ئەو کە زیندانی ریژیمی ئاپارتاید نیتوانی تێکی بشکێنێ، بۆ هەمیشە وەک نموونەیەکی دیار لە ئیرادە و بەرخۆدانی مرۆڤێکی خەباتکار. بەڕیز و ئازادیخواز دەمێنێتەوە.

* ولادیمیر پۆتین سەرکۆماری رووسیە : ماندێلا بە تێپەراندن و ئەزموونی دژوار، تا کۆتایی بە ئامانجەکانی مرۆڤدوستانە و دادپەروەرانە و ریگای خۆی وەفادار مایەوە و بەم شێوەیە وەرزیکی مێژوویی لە ئەفریقا دەست پێکرد کە سەرکەوتن بەسەر ئاپارتاید و دامەزرانی ئەفریقای باشوور دێموکراتیکی لێ کەوتەوە، کە لە گەڵ ناوی نلسون ماندێلا لیک گردراوە.
پوتین گوتی: نلسون ماندێلا یەکێک لە گەورەترین سیاسەتمەدارانی سەردەمی ئێستا بوو و هیچ کات پشتی لە بیرو باوەڕەکانی خۆی نەکرد.

* ئالیزابیت دووهەم مەلەکەی بریتانیا : وێرای دەربرێنی خەم و پەژارە خۆی سەبارەت بە کۆچی دوایی ماندێلا گوتی کە ئەو [ ماندێلا ] چالاکوانێکی ماندوویی نەناس بوو بۆ بەرەپێشوو بردنی قازانج و بەرژەوەندی وڵاتەکەی و ئەو میراتی کە لە دوای ئەو بە جێ مایەوە ئاشتیەکە کە ئەمرۆ لە ئەفریقای باشوور دەبینین، ماندێلا لەم دەگمەن کەسایەتە غەیرە بریتانیانە بوو کە خەلاتی گرنگی لێهاتوویی لە لایەن مەلەکەی بریتانیا پێشەکش کرا.

* تۆنی بلیر سەرۆک وەزیرانی پێشووی بریتانیا : ماندێلا یەکەم کەس بوو کە ڕەگەزپەرستی نە تەنیا بە هەلەیەک و دەمارگرژی ناساند، بەلکوو ڕەگەزپەرستی بە کردەویەکی بی ئاقلانە و بە شتێکی بێ نیوەرۆک و هیچ و پووچ پێناسە کرد.

* مۆرگان فریمن کە لە فیلمی [invictus ] رۆلی ماندێلا دەگیرێ گوتی : ئەمرۆ جیهان یەکێک لە مرۆڤە هەرە بەهێز و راستەقینەکانی سەدەی رابردووی لە دەست دا. ئەو مرۆڤیک بوو بە شانازیەکانی بێ وێنە و بێ هاوتا، هێزی لە گیران نەهاتوو و هەستی لە رادەبەدەری و تێک نەشکاو. ئەو بۆ بەشێکی بەرچاو جێگای شانازی بوو. پالەوانیک بوو بۆ هەموو ئەو کەسانە کە ئازادی، رزگاری و حورمەتی ئینسانیان لا بەڕێز و عەزیر بوو.

* جۆرج دابیلو بۆش سەرکۆماری پێشووی ئامریکا : سەرکۆمار ماندێلا یەکێک لە گەورەترین داکۆکیکار ئازادی و بەرابەری سەردەمی ئێمە بوو. ئەو رەنج و مەینەتی رۆژگاری بە ئارامی وەئەستۆگرت. جیهانی ئێمە بە هۆی ریچکە و رێگا و رێباری ئەو باشترە. نەبوونی ئەو ئیسانە بەتەواوی هەست پیی دەکرێ بەلام کردەوە و خزمەتەکانی ئەو هەروا بەردەوام لە ناو مێشکمان دا زیندوون.

# پرسەو پەیام چەند کەسایەت و حیزبی سیاسی کورد

## پەیامی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان بۆ سەرکۆماری ئەفریقای باشوور بە بۆنەی مەرگی نیلسۆن ماندێلا

بەڕێز جەنابی ژاکۆب زووما،

سەرکۆماری ئەفریقای باشوور و سەرۆکی ئای ئێن سی!

به بۆنەی مەرگی نێلسۆن ماندیلا، لەلایەن سەرجەم ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی لە جەنابت، ڕێبەریو ئەندامانی ئای ئێن سی دەکەمو خۆمان به بەشداری خەمی ئێوە دەزانین. نێلسۆن ماندیلا، تێکۆشەری ڕێگای ئازادی و زیندانییە بە ناوبانگەکەی دژی ئاپارتایدو سەرکۆمارە مافپەروەرەکەی ئێوە لای ئێمە تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران کە ڕۆژانە لەگەڵ هەڵاواردنو سیاسەتە دژی دیموکراتیکو سەرکوتکەرانەکانی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕوو دەبینەوە، زۆر جێگای ڕێزە.



جەنابی سەرکۆمار! لە پەراوێزی کۆنگرەی ئینترناسیۆنال لە مانگی سێپتامبری ساڵی ڕابردودا لە ئەفریقای باشوور، کاتێک باسی ساغی و سڵامەتیی نێلسۆن ماندیلام لە جەنابت پرسی، لە وڵامدا گوتت، ماندیلا هەستێکی بە هیزی هاودەردی لەگەڵ ئێوە کوردەکانی هەیە و ئاواتی ڕزگاریی نەتەوەکەی ئێوەیە. هەر بەم بۆنەیەوە منیش هاودەردیی خۆم بە ئێوە ڕادەگەیەنم و هیوادارم ئێوەش وەک ڕێبوارانی ڕێگای ماندیلا بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد بە پەرۆش بن.

لەگەڵ ڕیزمدا:

خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

٦ی دێسامبری ٢٠١٣

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٦ی دێسامبری ٢٠١٣

## ڕاگەیێندراوی سەرۆکایەتیی هەرێم بەبۆنەی کۆچی دوایی نێلسۆن ماندێلا

بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری ئازادیخواز نێلسۆن ماندێلا زۆر خەمناک بووین.

ژیان و هەڵوێست و کردەوەکانی ماندێلا بووەتە سیمبۆلێکی جیهانی بۆ گشت ئازادیخوازان. ئەم پیاوە مەزنە وانەی بەرخودان و ئاشتیخوازی و مرۆڤدۆستی و دوورکەوتنەوەیە لە توندوتیژی بۆ هەموو مرۆڤێک. بەناوی گەلی کوردستان سەرەخۆشی لەهەموو ئاشتیپارێز و ئازادیخوازانی جیهان دەکەین. ماندێلا پێگەیەکی گەورەی لەنێو دڵ و دەروونی گەلی کوردستاندا هەیە چونکە گەلی کوردستان لە ڕیزبەندی یەکەمی ئەم گەلانەیە کە شەیدای ئازادییە و بەدەست ستەم و زۆرداریدا نەهامەتیی زۆری بینیوە.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

٦ی دێسامبری ٢٠١٣

## نێچیرڤان بارزانی: مەزنترین لایەنگیری دیمۆکراسی، سنگفراوانی و ئاشتیمان لە دەست دا

ئەمڕۆ جیهان سەرۆکێکی سیاسیی مەزنی لە دەست دا، سەرۆکێک کە دیمۆکراسی و ئاشتی بەلاوە گرنگتر بوو لە ژیانی بەفیڕۆچووی خۆی لە زیندانادا.

بە داخێکی پڕ پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی (نیلسۆن ماندێلا)مان بیست. ماندێلا بەرجەستەی خەبات بوو بۆ کەرامەتی مرۆڤایەتی، یەکسانی و هەستی دادوەری.

ئەگەرچی دەرفەتی سەردانی کوردستانی بۆ هەڵنەکەوت، ماندێلا هەستی بەهێزی خۆی بۆ دۆزی کورد لە چەندەها بواردا دەربڕی بەرامبەر بە خەباتمان بۆ مانەوە لە ژیاندا و هەوڵمان بۆ دابینکردنی دادوەری. ماندێلا پێی وابوو کە خەبات و داوای ڕەوامان جیهانگیری بوو. ئێمەش هەستمان دەکرد کە گەلێک شتی هاوبەشمان هەیە لە گەڵ دیدی ماندێلا بۆ وڵاتەکەی خۆی. ئێمە لایەنگیر و پاڵپشتی لێبوردەیی، سنگفراوانی، چارەسەری ناتوندوتیژی و چەسپاندنی ڕاستی و ئاشتبوونەوەی ئەو بووین.

ماندێلا بۆ ئێمە بیرخەرەوەیەکی مەزن بوو کە دەکرێت ساڵەهایەکی زیندانی و مەینەتی بکرێتە توانایەکی بێ هاوتا بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵ، کەرامەتی مرۆڤایەتی و سەرچاوەیەکی نوێی ئیلهام.

وانەیەکی هەرە گرنگ کە من لە ژیانی ماندێلا فێر بووم ئەوە بوو دان بە نادادوەریی ڕابردوودا بنێین و جەخت لە سەر چاککردنی ڕەوشتی مرۆڤ بکەین لە ئایندەدا.

ماندێلا فێری کردین کە ئێمە دەتوانین خۆمان و کۆمەڵگەکەمان بگۆڕین لە ڕێی ڕێگرتن لە تۆڵەسەندنەوە؛ ئەوەندەی لە توانای مرۆڤایەتیماندا بێت. بەو شێوەیە ئەو هەلومەرجی زیندانی خۆی، وڵاتەکەی و چاوەڕوانیی گەلێک سەرکردەی سیاسی گۆڕی. گشت دونیای فێر کرد کە خۆبەنەرمی ڕاگری و پێداگرتن؛ لە هەمان کاتدا دەتوانێت ڕەوتی مێژوو بە ئاراستەیەکی بونیادنەرانەدا ببات.

ئەگەرچی ئێمە هەموومان یەکانگیرێکی مەزنمان لە دەست دا، وتە و ڕەفتاری ماندێلا لای چەندەها نەوەی ئایندە بەردەوام دەبێت لە خەباتی مرۆڤایەتیماندا بۆ هێنانەکایەی پێشبینییەکی گەشەدارتری مرۆڤایەتی.

ئێمە هەموومان لایەنگیرێکی مەزنی دیمۆکراسی، سنگفراوانی و ناتوندوتیژیمان لە دەست دا.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان

٦ی دیسەمبەری ٢٠١٣ / ماڵپەری حکومەتی هەرێمی کوردستان

## پەیامی سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان بەبۆنەی مەرگی نێلسۆن ماندێلاوە

ئەمڕۆ مرۆڤێک ماڵاوایی لە جیهان کرد کە هاو واتای بەهاو و بایەخە بەرزەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بوو. مرۆڤێک کە تاجی سەری مێژوو و زەوی بوو: نێلسۆن ماندێلا، جەنگاوەری خەبات لە پێناو پاراستنی کەرامەت و ناسنامەی گەلە پەراوێزخراوەکەی، سیمبۆلی ستەمی ئاپارتاید، هێمای سادەیی، لێبوردەیی و مەدەنییەت.




ماندێلا رۆژگارێک پێی نایە رێی سەرفیرازیی کە سیاسەتی نێودەوڵەتی دژ بەئامانجەکانی بوو. هەربۆیە دەیان ساڵ پێچەوانەی شەپۆلەباوەکانی سەردەم راوەستاو و ٣ دەیەی تەمەنی لە زیندانی ئاپارتاید دا بردەسەر. ئەو نێلسۆن ماندێلایەی ئەمڕۆ جیهان سەری رێزی بۆ دادەنەوێنێ، تا ئەم ساڵانەی دوایی بە "تێرۆریست" دانرابوو!

هەرچەند مێژووی نەتەوەی کورد پڕە لە سەرکردەی گەورە و قارەمان، بەڵام دەشێ ماندێلا بۆ کورد و بۆ سەرکردەکانی وەک سەرمەشقێک دابندرێ بۆ سووربوون لەسەر پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و رزگاریی لە بندەستی و ئاپارتایدی نەتەوەیی و گەیشتن بە سەروەریی سیاسیی.

لەم چرکەساتە پڕ ماتەمینەدا بۆ نێلسۆن ماندێلا، نابێ لەبیر بکرێ کە ئەو رێزەی ئەمڕۆ جیهان بەگشتی لەو مەزنە سەرکردەیەی دەنێ، بۆ سەرکەوتنی خەباتە رەواکەی و گەیشتنی گەلەکەی بە ئازادیی و سەروەریی دەگەڕێتەوە. دەنا رەنگە هەر بە "تێرۆریست"ەکەی دوێنێ مابایەتەوە! چونکە جیهان لەگەڵ بەهێز و سەرکەوتووەکانە!

بەمەرگی نێلسۆن ماندێلا، جیهان گەورە پێشەوایەکی رێگای ئازادیی و یەکسانی و دادپەروەریی لەدەستدا. رەش پێستەکان باوکی رۆحییان لەدەستدا و ئافریقای باشوور ئەندازیاری ئاشتی و یەکسانی و پێکەوەژیانی، ماڵاوایی یەکجاریی کرد. نەتەوەی کوردیش دۆست و پشتیوانێکی بەناوبانگی لەکیس چوو.

ئێمە لە خەم و ماتەمینی ئەم مرۆڤ و سەرکردە مەزنەدا، لەتەنیشت رەشپێستەکانی جیهان و ئەفریقییەکان و هەموو خەباتگێڕانی رێگای ئاشتی و ئازادیی و دادپەروەریداین. سەرەخۆشی لەخۆمان و گشت ئەوانە دەکەین کە ماندێلایان لەخۆیان دەزانی.

عەلی قازی محەمەد

سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان

١٦ سەرماوەزی ٢٧١٣ ی / ٧ دیسامبری ٢٧١٣

## راگەیەنراوی دەفتەری سیاسیی حدکا، بەبۆنەی کۆچی دوایی نیلسۆن ماندێلا،

حیزبی دێموکرات: بە نەمانی ماندێلا ئازادیخوازانی جیهان سیمایەکی ناسراوی دێموکراسیخوازییان لە دەست دا

بە داخەوە راگەیەندرا کە "نیلسۆن ماندێلا" تێکۆشەری سیاسی و خەباتکاری ناسراوی دژی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور و رێبەری کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا، رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ٥ی دیسامبری ٢٠١٣ی زایینی پاش ماوەیەکی درێژی نەخۆشی لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.



بە نەمانی "نیلسۆن ماندێلا" ئازادیخوازانی جیهان و لایەنگرانی عەداڵەت و یەکسانیی سەمبۆلیکی خەبات و تێکۆشان و سیمایەکی هەر ناسراوی دێموکراسیخوازیان لە دەست دا.

ماندێلا بە دوای هەڵبژاردنێکی دێموکراتیکی گشتی لە ئەفریقای باشوور بە شێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتنی بە دەست هێنا و بوو بە یەکەم سەرکۆماری ئەو وڵاتە، ماندێلا لە پێناو رزگاری و خەبات دژی ئاپارتاید و بەشداری لە خەباتی چەکداریدا رێگای زیندانی کەوتەبەر و ماوەی ٢٧ ساڵ ژیانی کە زۆربەی ئەو ماوەیە لە زیندانی تاکەکەسیدا بوو تێپەڕ کرد.

ماندێلا پاش ئازاد بوون لە زیندان لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینیدا سیاسەتێکی هێمنانە و ئاشتیخوازانەی گرتە بەر و بە تێکۆشانی بەردەوام، رێگای بۆ گەیشتنی ئەفریقای باشوور بە دێموکراسی و دەسەڵاتێک کە نوێنەری هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بێ خۆش کرد.

رەفتار و سیاسەت و هەڵوێستی ماندێلا لە ماوەی چەند دەیەدا چەند خەڵاتی ئاشتیی بۆ بەدوا داهێنا و کردی بە سیمایەکی هەرە ناسراوی سیاسی و کەسایەتییەکی جیهانی ئەوتۆ کە رێز و خۆشەویستی نەک هەر لە ئەفریقای باشوور بەڵکوو لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ دەستەبەر کرد.

ماندێلا ئەوەی بۆ خەڵکی ئەفریقای باشووری دەویست بۆ هەموو نەتەوەکانی ماف پێشێلکراوی دەویست و لەو پێناوەدا لایەنگریی لە مافی فەلەستینییەکان و کورد روون و ئاشکرا بوو. دیتمان کاتێک کە حکوومەتی تورکیە خەڵاتی ئاتاتورکی پێ بەخشی، راگەیاند: کە لە تورکیە مافی نەتەوایەتیی کورد پێشێل دەکرێ و بەم هۆیەوە لە وەرگرتنی ئەو خەڵاتە خۆی بوارد. ئەو رێز و ئەمەگناسییەی کە کۆمەڵگای جیهان چ لە ماوەی ژیان و چ لە پاش مەرگی "نیلسۆن ماندێلا"دا بەرانبەر بە ژیان، خەبات و بەسەرهاتی ناوبراو لە خۆیان نیشان دا دەری خست کە ئەوانەی بۆ مرۆڤایەتی دەژین و لە پێناو دابین بوونی مافی مرۆڤدا خەبات دەکەن چۆن دەبنە جێگای رێزی مرۆڤەکان و هەموان بە هی خۆیانی دەزانن و وەک رزگاریدەرێک سەیری دەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی پەژارەی لەدەست چوونی کەسایەتی و سیمایەکی ناسراوی ئازادیخوازی وەک ماندێلا سەرەخۆشی لە هەموو ئازادیخوازانی جیهان بە گشتی و خەڵکی ئەفریقای باشوور بە تایبەتی دەکا و هیوای ئەوە دەخوازێ کە نموونەی وەک ماندێلا لە گۆڕەپانی سیاسی و خەباتی رزگاریخوازیی جیهاندا زۆر بن بەزیندویی بمێنێتەوە بیر و باوەڕی ماندێلا و ئاواتەکانی لە سەرانسەری جیهان بێنەدی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی / ٧ی دێسامبری ٢٠١٣ی زایینی

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ٧ی دێسامبری ٢٠١٣

# پەیامێکی هاوخەمی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی سەرۆک نیلسۆن ماندیلا

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی نیلسۆن ماندیلا مرۆڤ و سەرکردە، سیمبولی خەباتی گەلانی ئەفریقیا پەیامێکی هاوخەمی راگەیاند و ئەمە دەقەکەیەتی :

(نیلسۆن ماندێلا) مرۆڤ و سەرکردە، سیمبولی خەباتی گەلانی ئەفریقیاو هەموو ئازادیخوازانی جیهان، ئەستێرەی پرشنگداری ئاشتی و پێکەوەژیان کۆچی دوایی کرد و بۆشاییەکی گەورەی لە سەردەمێکدا دروست کرد کە مرۆڤایەتی پێویستی بە رابەری لە چەشنی ئەو هەیە بۆ ئەوەی دەنگی زوڵملێکراو و ستەمدیدانی دنیا دلێر و بەرز بێ و دەنگی تیرۆر و جەنگ و جیاکاری رەگەزپەرستانە کپ بکرێ.

لە هەموو جیهاندا، مرۆڤەکان بە جیاوازی نەتەوە و رەگەز و رەنگ و ئایین و هەر ئینتیمایەکی سیاسی، بە خەم و پەژارەوە ماڵئاواییان لە (نیلسۆن ماندێلا) سەرکردەی گیانفیدا و بەخشندە و ئازادیخواز کرد، چونکە لە هەموو جیهاندا ناوی ئەو بۆتە سیمبولێک، تا هەتایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە ئاسمانی بەها نەمرەکانی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی و پێکەوەژیان و دادپەروەریەوە دەدرەوشێتەوە.

نیلسۆن ماندێلا لە یەک کاتدا بۆ ئێمەی کورد، رابەرێکە بۆ شوێنپێهەڵگرتنەوەی لە شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازی و دژی رەگەزپەرستیدا، هەروەها دۆست و لایەنگرێکی چاونەترس و راستگۆ بوو بۆ دۆزی رەوای گەلی کوردستان و مافە بنچینەییەکانی لە سەربەخۆیی و ژیانی دیموکراسی و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان وەفادارانە دەڕوانێتە مێژووی پڕ سەروەری ئەم مرۆڤە سەرکردەیە و هەڵوێستی جوامێرانەی لە داکۆکیکردن لە مافی گەلانی ژێردەست و پشتیوانیکردنی خەباتی ئازادیخوازانە و هاوسۆزی و لایەنگری بۆ دۆزی گەلی کوردستان. هەروەها بە خەم و پەژارەوە پرسە و سەرەخۆشی بۆ گەل و حکومەتی باشووری ئەفریقیا دەنەرێت و دووپاتی دەکاتەوە کە نیلسۆن ماندێلا لە لای گەلی کورد کەسێکی نەمرە و هەمیشە لە یادەوەریماندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە و وانەکانی خەباتی ئەو بۆ ئێمە لەبیر ناکرێن و بەردەوام سوودیان لێ وەردەگیرێ بۆ پتەوکردنی ستوونەکانی دیموکراسی و پێکەوەژیان و دادپەروەری.

نەمری بۆ نیلسۆن ماندێلا، رابەر و سیمبوول

مەکتەبی

پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠١٣ / ١٢ / ٠٧

## پەیامی مەکتەبی سیاسیی بۆ کۆچی دوایی سەرۆک ماندێلا

***دەنگی گەلی کوردستان***

ئەمڕۆ سەرتاسەری جیهان، ماڵئاوایی لەمرۆڤێکی گەورەو بەخشندەی داکۆکیکار لەمرۆڤایەتی و یەکسانی دەکات، کە لەتەواوی گەردووندا دەنگ و بڵێسەی ئەو بۆ دادپەروەری و ژیانی سەربەرزانە، قەڵای ستەم و زۆرداری و ڕەگەزپەرستی خستبوە بەردەم هەژانێکی گەورە، هەروەها لەناو گەلانی ژێردەست و چەوساوەدا بەسەرمەشق و مۆدێلێکی شۆڕشگێڕانە پێناسەکراوەو کۆڵنەدان و ئازایەتی ئەو بۆتە بەڵگەیەکی سەلماو بۆ هەموو ئەوانەی لەم کاروانەدان و درێژە بەتەوژمی دیموکراتیزەکردن و دادپەروەریی دەدەن.




ماندێلا ٩٥ ساڵ تەمەنی لە خەباتکردن بۆ مرۆڤایەتی کۆتایی هات کە ٢٧ ساڵی لە زیندانندا بەسەربرد، خۆی بەجەستە ڕۆژگاری جێهێشت، بەڵام بڕوا و وره و پاڵەوانێتییەکەی بۆ هەمیشە بەزیندوویی دەمێنێتەوە، ماندێلا ڕۆیشت، بەڵام هیوا و پەیامەکانی لە چەسپاندنی یەکسانی و نەهێشتنی جیاوازی، ڕەتکردنەوەی قۆرخکاریی ئابووری و سەپاندنی پانتایی ئابووری ئازاد، ریفۆرم و بوژانەوەی هەمەلایەنە و بەگژاچوونەوەی هەژاری درێژەیان هەیە.

هەربۆیە ی.ن.ک لەم ماڵئاواییەدا وێڕای پرسە و سەرەخۆشی بۆ گەلی باشووری ئەفریقا و حزبەکەی سەرۆک ماندێلا، پشتیوانی خۆی بۆ خەباتی گەلانی جیهان لە بەدەستهێنانی دادپەروەری و دیموکراسیدا دووپاتدەکاتەوە. بۆ گەلی کوردستانیش ئەمە بە مافێکی یاسایی خۆرسک دەناسێت و دووپاتی دەکاتەوە کە هیچ ڕژێم و هێزێک نییە بتوانی ڕێ لەبەدیهاتنی مافە بنچینەییەکانی گەلی کوردستان بگرێت، هەر دەسەڵات و سیستمێکی حوکمڕانیی کە بەفیعلی بڕوای بە مافی ڕەوای گەلان نەبێ ناتوانێ داهاتوو بۆ خۆی پاوان بکات، چونکە تەنها ئەوە گەلە دەتوانێ متمانە و هێز بداتە دەسەڵات و سیستمی حوکمڕانی.

نەریتێکی تر کە ماندێلا لەخەباتی شۆڕشگێڕانەدا پاش سەرکەوتنی شۆڕش دایهێنا ئەوەبوو کە پاش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەباشوری ئەفریقا ئامادەنەبوو بۆ خولی دووەم خۆی بپاڵێوێتەوە، بەمەش دیموکراسی راستەقینەو دەستاودەستکردنی ئازادانەی دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا بەدەست و هێزی خۆی چەسپاند.

سەرکەوتووبێ خەباتی نەپساوە بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

٦ / ١٢ / ٢٠١٣

## بروسکەی سەرەخۆشیی بزوتنەوەی گۆڕان

### به بۆنەی کۆچی دوایی جوامێری مرۆڤایەتی نیلسۆن ماندێلای مەزنەوە

نێلسۆن ڕۆلیهلاهلا ماندێلا، ناسراو بە نیلسۆن ماندێلا، باوکی نەتەوەیی گەلی ئەفریقای باشور، دوێنێ لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا لە جۆهانسبۆرخ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.

ماندێلا له ١٨ / ٧ / ١٩١٨ ، له (ئومتاتا)ی پایتەختی ئەودەمی ئەفریقای باشور، له باوەشی خێزانێکی دەسەڵاتداری ناوچەیی دا، هاتۆتە دنیاوە.



له قۆناغی خوێندنی زانکۆدا، لەشاری جۆهانسبۆرگ له سیاسەتەوە ئاڵاوە.

ساڵی ١٩٥٢، لەگەڵ چەند هاورێیەکی کۆنگرەی میللی ئەفریقا (ANC)ی دامەزراندووە. دروشمی سەرەکی کۆنگرەی میللی ئەفریقا و ماندێلا له سەرەتاوە بریتی بو له دامەزراندنی "کۆمارێکی دیموکرات، لەسایەیدا سپی پێست و رەش پێستەکان وەکو یەک بژین".

ماندێلا له پێناوی هێنانەدی خەونی خۆی و حیزبەکەیدا دەردەسەری و نارەحەتی زۆری چەشت. لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستدا کەوتە بەر غەزەبی رژێمی رەگەزپەرستی ئاپارتاید و له ١٢ / ٦ / ١٩٦٤ دا، سزای زیندانیی تاهەتایی بۆ بڕایەوە. له شوباتی ١٩٩٠ دا، له ژێر گوشاری گۆڕانەکانی دنیا و هەلومەرجی نوێی باشوری ئەفریقادا، ئازاد کرا.

ماندێلا دوای ٤٢ ساڵ خەباتی سەختی بێ پسان و، ٢٧ ساڵ ژیانی سەختی زیندان و ئەشکەنجە، له ٢٧ / ٤ / ١٩٩٤ دا، له هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسیدا، هەڵبژێردرا بە سەرکۆماری ئەفەریقای باشور. تا حوزەیرانی ١٩٩٩ بەردەوام بوو. ساڵی ١٩٩٧، کاتێ سەرکۆماری وڵات بو، بەئارەزوی خۆی وازی له سەرۆکایەتی (ANC)هێنا. جێگەکەی خۆی چۆڵ کرد بۆ تابۆ مبێکیی جێگری.

ساڵی ١٩٩٤ دروشمی "دان بەتاواندا بنێ، داوای لێبوردن بکه و، عەفو بە" ی داهێنا. لەسایەی ئەو دروشمە دا ئەفریقای باشور له زەلکاوی تۆڵە سەندنەوە رزگاری بو. ئاواتەکەی ماندێلا یش هاتە دی. ئەفریقای باشور له وڵاتێکی رەگەز پەرستەوە گۆڕا بە وڵاتێکی دیموکراسی خاوەن پێگەیەکی ئەدەبیی بەرز له دنیادا.

ماندێلا یەکەم کاری یەکەم رۆژی ئازادبونی له زیندان بریتی بو له سزادانی ژنەکەی خۆی، چونکە ئەو کاتەی ئەو له زیندانا بو بو، ژنەکەی نفوز و ناوبانگی ماندێلای بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی بەکارهێنا بو.

ماندێلا چونکە بە درێژایی ژیانی تایبەتی و سیاسیی خۆی لەگەڵ بیروڕاکانی خۆی و ویست و ویژدانی گەلەکەیدا کۆک بو، وە بە کردەوە یش هەر ئەوانەی جێبەجێ کرد، بوە جێگەی شانازی نەک هەر گەلی باشوری ئەفریقا، بەڵکو بوە جێگەی رێزی تەواوی مرۆڤایەتی و، وڵاتە زلهێزەکانی دنیا یش چاویان بڕی بوە ئەوەی نیلسۆن ماندێلا سەر له پایتەختەکانیان بدا، بەڵکو له رێگەی ئەوەوە ناوبانگی زیاتر پەیدا بکەن.

ماندێلای مەزن لەناو هەمو جەنجاڵییەکانی دنیادا، هیچ کێشەیەک نە بو هەڵوێستی تایبەتی تیا دەر نەبڕیبێ، بە کێشەی رەوای کوردیشەوە، بۆیە کاتێک، یەکێک له دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان داوەتیان کرد تا خەڵاتی پێ ببەخشن، له وەڵاما وتی: خەڵاتی دەوڵەتێکم ناوێ کە مافی نەتەوەیەکی تیا بخورێ.

ماندێلا نە سەروەتی هەبو نە سامانی دنیایی، بەڵکو بە هەڵوێستەکانی، خۆی مەزن و مەزنتر کرد تا بو بە سیمبول بۆ تەواوی نەتەوەکانی دنیا.

ئەمڕۆ لەگەڵ گەلی باشوری ئەفریقادا تەواوی دنیا بۆ نیلسۆن ماندێلا ئەگرین، بۆیە ئێمە یش له باتی بەشێک له گەلی باشوری کوردستان خۆمان بە هاوبەشی خەم و پەژارەی له دەسچونی ئەم پیاوە مەزنە ئەزانین و سەرەخۆشی له گەلی ئەفەریقای باشور و تەواوی مرۆڤایەتی ئەکەین.

درود بۆ گیانی پاکی ماندێلای مەزن

درود بۆ هەمو ئەو مرۆڤە مەزنانەی وەکو ماندێلا ئەژین و ئەمرن

جڤاتی نیشتمانیی بزوتنەوەی گۆڕان

٦ی دێسامبری ٢٠١٣













REST IN PEACE
MADIBA




کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧١٤ی کوردی / دێسامبری ٢٠١٤ی زایینی